# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## 2015 - 2016

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پڕۆژە

ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پڕۆژە:

د.لوقمان رەئوف - ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر - زریان محەمەد



2016

IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە دریدا

وەرگێڕانی
ئارام مەحمود

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

وەرگێڕانی: ئارام مەحمود
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولڕەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە



www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044



لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (88)

## ژاک دریدا

ژاک دریدا (1930 – 2004) فەیلەسوفی جەزائیری بە رەگەز فەڕەنسی و داهێنەری بنەماشکێنی. تیۆرەکانی کاریگەری زۆریان لە سەر فەلسەفەی پۆست مۆدێرن و رەخنەی ئەدەبی دانا.

ئەو کە لە بواری دەرکەوتەناسی Phenomenology لە پێکهاتەگەرایی Structuralism و بنەما شکێنی Deconstruct نزیک بۆوە و بە تێڕوانینەکانی لە بارەی زمان و زانست و واتا و بە تایبەتی گرنگی دەق، سەرنجی پەیوەندی ناسانی بەلای خۆیدا راکێشا. خوێندکاری شۆڕشی پێکهاتەگەرایی و ئەندێشەکانی دوای پێکهاتەگەرایی میشێل فۆکۆ بوو، بەو رەنگانەی کە لە ئەندێشە و لایەنەکانی نیشانەناسی Typology گەیشت، سەرنجی کۆمەڵەی رەخنەگرانی ئەدەبی و کۆمەڵگەی پۆست مۆدێرنی زانکۆکانی ئەمەریکای راکێشا. دریـدا لە بەرهەمەکانیدا دووری نێوان فەلسەفە و ئەدەبیاتی کەمکردەوە و وەک رەخنەگرێکی ئەدەبی بەهێز ناسرا.

بە ناوبانگترین ئەو چەمکەی کە دریدا باسی کردووە، بریتیە لە بنەما شکێنی Déconstruction بە ئینگلیزی Deconstruct. بە دڵنیاییەوە وشەی بنەما لەم چەمکەدا نابێت لەگەڵ چەمکی پێکهاتە Structure لە پێکهاتەگەرایی و دوای پێکهاتە گەرایی بە یەکسان دابنرێت. وشەی Déconstruction بۆ زمانەکانیتر وەرنەگێڕدراوە و هەمان نوسینە فەڕەنسیەکە بەکاردێت، کە

دریدا ئەو وشەیەی لە نوێ بنیاتناوەتەوە (وێران کردن و لە هەمان کاتیشدا سەرلەنوێ بونیاتنانەوە)ی بەکارهێناوە.

## • ژیاننامەی ژاک دریدا

دریدا لە ڕێکەوتی 1930/7/15 لە شاری (ئالگرین Algryn) یەکێک لە شارەکانی فەڕەنسا و لە خێزانێکی یەهودی لە دایک بووە و هەر لەوێش گەورە بووە. خێزانەکەی بە رەگەز جەزائیری بوون. خوێندنی باڵای لە ( ئیکۆل نۆرمال سوپریۆرÉcole Normal Superior) تەواوکردووە و دوای وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا لە هەمان زانکۆ، زانکۆی سوربۆن Sorbonne، وانەی فەلسەفەی وتەوە.

دریدا یەکەم کتێبی، کە نامەی دکتۆراکەی بوو، لە بارەی دەرکەوتەناسیەوە نوسی، ئەم بەرهەمەی بەخێرایی کەوتە بەر سەرنجی کۆمەڵە ئەدەبی – فەلسەفییەکان. چونکە فەلسەفەی بە شێوازی ئەدەبی دەنوسی.

ساڵی ١٩٦٧ دوای بڵاوکردنەوەی سێ کتێب بە ناوەکانی (Speech and Phenomena، Writing and Difference، Of Grammatology) دریدا یەکێک لە گرنگترین لێکۆڵینەوەکانی، دوای پێکهاتە گەرایی Post–structuralism دەستپێکرد. بە رەنکردنەوەی تیۆری هۆسرێل لە بابەتی دەرکەوتەناسی زمان، تیۆری زمانی دوای پێکهاتەگەرایی خۆی دامەزراند.

ساڵی 1972 لەسەر بانگهێشتنی زانکۆی هارڤارد Harvard University وەک مامۆستای میوان لەم زانکۆیە وانەی وتەوە.

وردە وردە ئەندێشە و بەرهەم و بیروڕاکانی دریدا لە ئەمەریکا پێشوازی بەرچاویان لێکرا و لایەنگری زۆری هەبوو، هەروەها بۆ یەکێک لە بەناوبانگترین کەسایەتییە فەلسەفییە هاوچەرخەکان گۆڕا.

بە گشتی دریدا زیاتر لەوەی لە فەڕەنسا جێگەی گرنگی پێدان بێت، لە وڵاتانیتر زیاتر پێشوازی لە بیروڕا و تیۆرەکانی دەکرێت. بەڵام بە هەمان ئەو ڕێژەیەی کە دریدا لایەنگری هەیە، بە هەمان ڕێژە یان زیاتر نەیاری لە ناوخۆ و دەرەوەی فەڕەنسا بە تایبەتی ئەنگلۆسەکسۆن و زانکۆکانی کامبریج، هەیە.

بە رەخنە لە فەلسەفە، سنورەکانی نێوان فەلسەفە و ئەدەبیاتی خستە گومانەوە و فەلسەفەی خستە ناو بوارەکانی وەک هونەر و ئەندازیاری و یاسا و سیاسەت و .... بە شێوەیەک، کە پێی بابەتەکانی وەک نەژاد پەرستی و ناسنامەی نەتەوەیی و چالاکیە فێمێنیستیەکان و ئاپارتاید و .... بۆ ناو فەلسەفە و ڕێگەی فەلسەفەی بۆ ناو ئەو بوارانەش کردەوە.

لەگەڵ ئەوەی دریدا فەلسەفەی خوێندبوو، خۆی بە فەیلەسوف دەزانێت، بەڵام هیچ کاتێک بەرهەمێکی فەلسەفی نەنوسیوە، بەڵکو بەرهەمەکانی زیاتر لە بوارەکانی ئەدەبیدا بە دیدێکی فەلسەفی بوون.

لە تەمەنی 74 ساڵیدا و لە ڕێکەوتی 2004/10/8 لە نەخۆشخانەیەک لە پاریس بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەی پەنکریاسەوە کۆچی دوایی کردووە. دریدا هاوسەرگیری لەگەڵ پزیشکێکی دەروونی بە ناوی (سیلڤیانا ئاگاسینسکی) کردووە و کوڕێک، بەرهەمی ئەو هاوسەرگیریەیان بووە.

## • ئەندێشەی ژاک دریدا

دریدا زیاتر لەوەی لە فەڕەنسا جێ سەرنج بێت، لە وڵاتانیتر زیاتر جێگەی سەرنجە. بەڵام لە هەمان کاتیشدا نەیاری زۆری هەبوو.

ناوی دریدا زیاتر لە هەر شتێک بیرهێنەرەوەی (پۆست مۆدێرنیتە) و (دوای پێکهاتەگەرایی Post–structuralism)ە. لە ڕاستیدا دوای پێکهاتەگەرایی Post–structuralism ساڵی 1967 بە بڵاوکردنەوەی سێ کتێبی دریدا بە

ناوەکانی (Speech and Phenomena، Writing and Difference، Of Grammatology) بنیاتنرا و دواتر جیل دۆلۆز و فلیکس گاتاری و .... لەم ڕێگەیەدا هاوڕێیەتیان کرد. دریدا بە ڕەتکردنەوەی تیۆری هۆسرێل لە بارەی دیاردەناسی زمان، تیۆری زمانەوانی دوای پێکهاتەگەرایی خستەڕوو. بە ڕەخنەگرتن لە چەمکەکانی وەک پێکهاتەگەرایی وەک ئاماژە، ناوەند، ئامادە بوون، وتار و پێکهاتە و ... چەمکەکانی دوای پێکهاتەگەرایی خۆی، لەوانە کایەی زمانەوانی، ئامادە نەبوون، جیاوازی، نوسین، لامەرکەزی و ... پێشکەشکرد.

یەکێک لە چەمکە ناوەندی و کلیلیەکان لە ئەندێشەی دریدا -دا، لە بواری دوای پێکهاتەگەرایی Post-structuralism، زاراوەی (بنەما شکێنی Deconstruction)ە. بنەما شکێنی خۆی بەمشێوەیە پێناسە کردووە: «لە ڕاستیدا بە شکاندنی بنەماکان تۆڵەی ئەدەبیاتم لە فەلسەفە کردەوە و دڵی فەلسەفەی کلاسیکم کردە ئامانج. بنەما شکێنی دوا مۆدێلی تیۆرە ئەدەبی-فەلسەفی و جۆرێک هایدگەر گەرایی مەترسیدارە، بۆیە پێویستە بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت...»

لەبەر ئەم وتانەی بوو، ڕەخنەگرانی بیروڕاکانی ئەویان بە تێکدەر و پووچ دەزانی و پێیانوابوو، بنەما شکێنی دروستکردنی جۆرێک ئاڵۆزییە، هەروەها باوەڕیان وابوو کە دریدا بۆتە هۆی ڕەشبینی فەیلەسوفەکان بەرامبەر فەلسەفەی پۆست مۆدێرنی فەڕەنسا و بە گاڵتە ئامێزیەوە لێی بڕوانن. هۆکاری ئەم حوکمدانەش لەلایەن ڕەخنەگرانەوە ئەوەیە کە بیروڕا و بەرهەمەکانی دریدا لە چوارچێوەی پێوەرە پەسەند کراوەکاندا نییە و زۆربەی نوسینەکانی ڕوونی و ڕاستیان نییە، کە بنەمای هەر تیۆرێکی زانستین و بەشێوەیەک تەکنیکی و مەحاڵن و تێگەیشتنیان لەلایەن خوێنەری ئاساییەوە ئەستەمە و بەشێوەیەک قورس و پڕن لە کایەی زمانەوانی و چەمکی ئاڵۆز،

ژمارەیەک لە کەسانی تایبەتمەندیش دان بە ئەوەدا دەنێن، کە پەی بە واتای تەواو و گشتگیری بابەتەکانی نابەن. چونکە زۆربەی دێڕ و وشەکانی دریدا ئەو شتە نین، کە دەردەکەون. زیاتر دوو لایەنە، دژ یەک، لادەر و پڕ لە وەرگرتن و کایەی زمانەوانی و وتنە، کە توانای هەر جۆرێک بە دەرەنجام گەیشتنی تیۆری لەناو دەبات و نەیارانیشی سود لەم خاڵە بۆ بەرژەوەندی خۆیان وەردەگرن و پێیانوایە نوسینەکانی پووچ و روکارن.

جۆناسان رای Jonathan Ray بەپێچەوانەی ئەم دەستەیەوە، یەکێک لە پشتیوانان و بەرگریکارانی توندی دریدا –یە. ئەو لە بارەی دریداوە دەڵێت: «نەیارانی دریدا زیاتر رەخنەگرە کلاسیکی و فەیلەسوفە سوننەتگەراکانن Traditional کە ناتوانن بیروڕای نوێ وەرگرن و خۆیان بەرامبەر بیرکردنەوەی نوێ و جیاواز ناگرن.»

بەرهەمەکانی دریدا بەشێوەیەک لە شێوەکان رەخنە لە فەلسەفە و بنەماکانیەتی. ئەو راستەقینە و ناسین دەخاتە ژێر پرسیارەوە. لە راستیدا بە رەخنەگرتن لە فەلسەفە سنوری نێوان ئەدەبیات و فەلسەفە دەلەرزێنێت. فەلسەفە بە پێنوسێکی ئەدەبی دەنوسێت و بە دیدێکی فەلسەفی لە ئەدەب دەڕوانێت. رەخنەی دریدا لە فەلسەفە رەخنەیەکی ناسراو نییە، چونکە بە وشە و زاراوەی باو بەیان ناکرێت، وتەکانی بە ئاشکرا ناڵێت، بە روونی رێگاکەی پێشنیار ناکات، بە تەواوی هیچ تیۆرێک رەتناکاتەوە و بە درۆی ناخاتەوە، لەلایەکیتریشەوە هیچ تیۆرێکی روون و ئاشکرا ناخاتەڕوو.

هەموو شتێک لەسەر بنەمای شک و گومان و دوفاقی و فرەلایەنییە. بەشێوەیەک کە ناتوانرێت لە نوسینەکانی ئەنجامێکی تەواو بەدەست بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کە نوسینەکانی دژوار و وێرانکەرن، بەڵام لەهەمان کاتیشدا زۆر ورد و ناسک خراونەڕوو. خۆی دەڵێت: «لە نوسینەکانمدا دوو خاڵی سەرەکی هەن، کە سەرەداوی تێگەیشتن لە نوسینەکانمن. بە

دۆزینەوەی «گرفتی پەیوەندی» و «بێ چارەسەری»ە، دەتوانن تیۆرێکی گشتی لە نوسینەکانم دەربێنن.»

نیگەرانی دریدا(زمان) و بە شێوەیەکی تایبەتی (نوسین) بوو، بە (زمان) دەکەوتە وێزەی (زمان) بۆ سەلماندنی گرنگی (نوسین). نوسینەکانی بوونە هۆکاری ئەوەی کە وێناکردنە باوەکان لەبارەی دەقەکان، واتا و چەمکەکان بگۆڕێن.

دریدا لە سەرەتادا فەلسەفەی بە نوسین دەزانی و لەو لایەنەوە کە خۆی بە فەیلەسوف ناو دەبرد، نیگەرانی نوسین و تێگەیشتن لە دەق بوو. مەبەستی بە کۆد کردنی شتێک بوو، کە تاکەکان بیر بکەنەوە و لە وشەکان تێبگەن. کایە زمانەوانیەکان، دووفاقی واژەکان، وەرگرتن، شاراوەیی و فرە لایەنی لە بنەماکانی نوسینی دریدا -ن. بە بۆچوونی ئەو نوسین لەم روبەڕووبوونەوانەدا دروست دەبێت.

بە بۆچوونی دریدا سەرجەمی بوون وەک دەقێک هەژمار دەکرێت. لە خوێندنەوەی هەر دەقێکدا، ئەگەر کتێب بێت یان سروشت یان کۆمەڵگە یان بوونی خودی خوێنەر، خوێنەر دوبارە دەیخوڵقێنێتەوە. بە شێوەیەک کە هەر دەقێک بە ژمارەی خوێنەرانی لێکدانەوە و شیکاری هەیە. هەر خوێندنەوەیەک، نوسینێکی بێکۆتایە و هەرگیز بە ئاگاییەوە نابێت. لەمڕووەوە وەرگریش هاوشێوەی خودی نوسەری بەرهەم، (نوسەر) هەرگیز ناتوانێت پەی بە نیەتی نوسەر ببات.

(ئامادەنەبوون) بەسەر (ئامادەبوون)دا زاڵە و ئێمە لە دەقدا تەنیا شوێنپێی ئامادەنەبووەکان هەڵدەگرین. ئەوەی لە پەراوێزی دەق یان لە بۆشایی نێوان هێڵەکاندا شاراوەیە، وەک وشەکانی دەق گرنگن و وەک هەر خوێندنەوەیەک لە راستیدا هەمان نوسینە، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێک لە لێکدانەوە و ئاماژەکانەوە، دەبنە هۆی فرە دەنگی بەرهەم. بەمشێوەیە هەر

چیەک لە جیهاندا بیەوێت خۆی دەربخات، بنەماشکێنی وەک حەڵاڵێک لەناو خۆیدا دەیتوێنێتەوە.

بە بۆچوونی دریدا، لە راستیدا هیچ دەقێک سەرچاوەیەکی نییە و بە هۆکاری نایاب ناگات و لەلایەکیترەوە هیچ نوسەرێک (نوسەر) نە مەبەستێکی ئاگایانەی هەیە و نە لە بنەڕەتدا توانای ئەنجامدانی بە ئاگایانەی مەبەستەکانی خۆی دەبێت.

لەمڕووەوە نابێت و ناتوانرێت، نوسەر بە کۆتا سەرچاوە بۆ لێکدانەوەی دەق هەژمار بکرێت. ئەوەی دەمێنێتەوە شتێک نییە، بێجگە لە دەق و ئەو کاریگەریەی لەسەر هەستی وەرگرەکانی هەیە. بێجگە لە ئەوە، ئەم چوارچێوەی وتە و شێوازی نوسینە لە ناوەرۆکی دەق لەپێشترە.

## • ئاشنابوون بە دریدا

(هیچ شتێکم وەک خودی بیرهاتنەوە و یادەوەری خۆشناوێت).

(ژاک دریدا) ساڵی 1984 لە کاتی یادکردنەوەی(پۆل دومان)ی فەیلەسوف و هاوڕێی نزیکی کە تازە مردبوو، ئەم دێڕەی نوسی. لە هەمان کاتدا دریدا دانی بەوە دانا، کە (هیچ کاتێک نێنەگەیشتم پێویستە چۆن چیرۆکێک بگێڕمەوە.) بە بۆچوونی نوسەرەکەیان ئەم دوو دێڕە تەبان، چونکە لەبارەی خۆیەوە وتویەتی:(لەبەرئەوە گێڕانەوە فەرامۆش دەکات، بۆ ئەوەی یادەوەری بپارێزێت.) بە گونجاندنی وێنەی هزری لە چیرۆکێکدا کە خوێندنەوەی دەسڕێتەوە و لێکدانەوە دەسەپێنێت، هێشتا دەخوێندرێتەوە. تا ئێرە گرفتێک نییە، بەڵام سەرمان سوڕدەمێنێت کاتێک ببینین یادەوەرییە وتراوەکە، نە وێنەی دۆستێکی لە خۆگرتووە و نە هیچ یادەوەریەکی خۆی تێدایە. جێگەی ئاماژەیە نیشانەیەک لە چیرۆکێک لەبارەی ئەویشەوە بەردەست نییە: ئەمەش دۆخێکە شیکردنەوە دەسەپێنێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بەشێوەیەکی

ناسازگار، سەرجەمی ئەم بەناو یادەوەریە، لە شیکردنەوەی دەستکەوتی فکری هاوڕێکەیدا بەکار هێنراوە. بە وتەی دریدا لەگەڵ بەرهەمی (دومان) «بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ گفتوگۆ دەکات» واتە ئەوان لەڕێگەی (شیکاری هەستیارانە) و (کۆمەڵێک ئاکاری جێبەجێکاری) روخسارەکانی وەک هایدگەر، ئاستین و هولدرلین و نیتچە بە شێوەیەکی نادیار و ناڕاستەوخۆ شیدەکاتەوە.

بەمجۆرە هەموو شێوە تێروانینێکی روون و لەسەر بنەمای عەقڵی تەواو زیانی زۆر بە دریدا دەگەیەنێت و نەخوازراو دەبێت. خراپتر لەوە ئەم شێوازی تێڕوانینە لەگەڵ خواست و ئامانجی ئەو دژە. لەبەرئەوە خراپ نییە ئاگاداری خوێنەر بکەم کە هەوڵم بەرەو شیکردنەوەی روون و ئاشکرای ژیان و کاری دریدا بە گەورەیی خودی خۆی، خاوەنی دەرەنجامی پێچەوانە و بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگرانە لایەنگرانە دەبێت.

لەلایەکیترەوە بێگومان گاڵتە و زۆر وتن لەم کتێبەدا رەوایە. دریدا خۆی بە قوڵی باوەڕی بە نوکتە و گاڵتە و گەپ بووە. لەگەڵ ئەوەدا، لێرەدا جارێکیتر روبەڕووی گرفتێک دەبینەوە: ئەمە قسەخۆشی تایبەتی رۆشنبیرێکی فەڕەنسییە. ئەم قسەخۆشییە لە نەریتی مۆدێرنیزمی هونەر و بیری ئەوروپاوە دێت، کە بە (پوچ Absurd) ناودەبرێت. مرۆڤە سادەکانی بێگانە، خوویان بە ئەم قەڵەمڕەویە رۆشنبیرییە باشەوە گرتووە، کە کاتێک روبەڕووی دۆخێکی پوچ یان بێمانا دەبنەوە، پێدەکەنن. ئەم سادەییە نیشانەیە بۆ خراپ تێگەیشتن. پووچی تێگەیشتنێکی جدییە. قسەخۆشی دریداش بەمشێوەیەیە. بابەتەکە بەهیچ شێوەیەک پێکەنیناوی نییە (تەنیا بۆ رۆشنبیرە فەڕەنسیەکان نەبێت). بابەتەکە بە تەواوی جدییە. ئەم جۆرە گاڵتە و گەپە تەنیا بۆ پێکەنین نییە. لەوانەیە دریدا لە رەگەزە یەهودیەکەیەوە لەگەڵ (وودی ئالن) هاوبەش بێت، بەڵام قسەخۆشی ئەم دووانە هیچ خاڵێکی هاوبەشی نییە. ئەوەی کە ئەو خۆ بەنەخۆش زانە (مەنهەتنی)یە

مرۆڤ بوونی جۆراوجۆر و ناجێگیری ئێمە باشتر روون دەکاتەوە یان ئەم رۆشنبیرە بەرجەستە پاریسییە – بە واتایەکیتر کامیان جدیترە – بابەتێکیترە.

## • بەرهەمی دریدا

بنەمای (بنەماشکێنی) دریدا پێداگرییە لەسەر ئەو خاڵەی کە (شتێک لە دەرەوەی دەق بوونی نییە.) لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت ئەو راستییەی کە ژاک دریدا ساڵی 1930 لە جەزائیر لەدایک بووە بەدەر لەوەی لە چ قاڵبێکدا بنوسرێت یان فۆرمی دەقەکەی چی بێت، بەرامبەر هێرشی بنەماشکێنی بە پارێزراوی دەمێنێتەوە. بنەماڵەکەی لەو یەهودیە بۆرژواییانە بوون، کە بە بەشێک لە چینی پەنابەر لە فەرەنسا دادەنران و لە ناویشیاندا بە نزیکەیی وەک بێگانە ژیانیان بەسەردەبرد. لە پایتەختی جەزائیر گەورە بوو. وەک ئەوەی نوسەر و فەیلەسوفی فەرەنسی ـ جەزائیری( ئالبێر کامۆ) لە (بێگانە) دا بە روونی باسی کردووە، لێرە ئەورووپاییەکان ژیانێکی مامناوەندی خۆش و پووچیان لە نێوان کار و کافێ و کەنار ئاودا هەبوو. دریدا لە شەقامی (سنت ئاگوستین) دەژیا، راستییەک کە دواتر هەرچەندە بە رێکەوتیش بووبێت، رۆڵێکی گرنگی لەو ژیاننامەیەدا گێڕا، کە ساڵی 1991 نوسیبووی. ژیاننامەکەی خۆی ناونا (Circumfession)، ناوێک ئاماژە بوو بۆ دوو بابەتی سەرەکی: خەتەنە و دانپێدانان. لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتایی کتێبەکەدا ئێمە وردەکاری لەبارەی هیچ یەکێک لەو دوو بابەتەوە بەدەست ناهێنین. لە جێگەیەکی کتێبەکەدا دریدا وەک ئاماژەیەک بۆ خۆی نوسیویەتی: «ئەو خۆی خەتەنە دەکات»، (چەتاڵ لەدەستێک و چەقۆ بە دەستێکیترەوە)، بەڵام دووبارە لە چەند لاپەڕەی دواتردا نوسیویەتی: «خەتەنە وەک هەڕەشەیەک، کە ناچارم دەکات لێرەدا بنوسم، دەمێنێتەوە.» دانپێدانانیش بە هەمانشێوە نادیارە. ئەو لە شوێنێکیتردا لەبارەی دایکیەوە بۆ خوێنەر نوسیویەتی:

«هەمیشە درۆم لەگەڵ دەکرد، وەک لەگەڵ یەک بە یەکی ئێوە دەیکەم.»
دوای ئەوە گێڕانەوەیەکی درێژ بە زمانی لاتینی، دانپێدانانی ئاگوستینی پیرۆز دێت. (Circumfession) دریدا پڕە لە گێڕانەوە لاتینیەکانی ئاگوستینی پیرۆز، فەیلەسوفێک کە دریدا بە هۆی دەردەدڵی و هەستی نزیکیەوە لەگەڵیدایە. لە راستیدا ئاگوستینی پیرۆز ساڵی 354 لە کۆمەڵگەی زۆرەملێی رۆمیەکان (نومیدیا) هاتۆتە دنیاوە، کە ئێستا خاکەکەی بەشێکە لە جەزائیر. هاوشێوەییەکانیتری دریدا لەگەڵ فەیلەسوف و دانپێنوسەری ئاینی سەرەتای مەسیحیەت کەم و ناتەواون. بێجگە لە دەردەدڵی دریدا لەگەڵ ئاگوستینی پیرۆز لەبارەیەوە خەیاڵیش دەکاتەوە، بەشێوەیەک فۆڕم بەو مەسیحیە پیرۆزە دەبەخشێت، وەک ئەوەی کە مەسیحیە پیرۆزەکە «هاوشێوەی یەهودی هاوڕەگەزخوازی بچوکی خەڵکی جەزائیر یان نیویۆرک وێنا و ئاماژەش بە هاوڕەگەزخوازی مەحاڵی خۆی دەکات. لە جێگەیەکیتردا رایدەگەیەنێت: «ئاگوستینی پیرۆز ناناسم.» ئێستا کە بابەتەکە بەرێژەیەک روون بۆتەوە، دەتوانین تیشک بخەینە سەر بابەتی دیارتر.

ساڵی 1940 کاتێک دریدا لە تەمەنی 10 ساڵیدا بوو، جەزائیر پەلکێشی شەڕی جیهانی دووەم کرا. جەزائیر هەرگیز شەڕ یان بەرگی سەربازی ئەڵمانی نەبینی، بەڵام شەڕی جیهانی سێبەری وێرانکاری خۆی بەسەر ژیانی ئەو پەنابەرە فەڕەنسیانەدا کێشا، کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی نازیەکانەوە. جارێکیتر کامۆ دۆخی ئەو کاتەی لە رۆمانی (تاعون)دا وێنا کردووە. فەڕەنسا داگیرکرابوو، جەزائیری ژێردەستەش ئیتر لە ژێر دەسەڵاتی رژێمی مارشال (پێتن) بەڕێوە دەبرا. ساڵی 1942 بە فەرمانی نازیەکان فەرمانی یاسای نەژادی پەیڕەو کرا و یەهودی بوونی نهێنی ئەوروپاییەکانی جەزائیر ئاشکرا بوو. مامۆستایەک لە خوێندنگە بە دریدای وتبوو: «فەرهەنگی فەڕەنسی بۆ یەهودیە بچوکەکان دروستنەکراوە.» هەڵکردنی ئاڵای فەڕەنسا لە بۆنەی

سەرلەبەیانیانی خوێندنگەدا ئیمتیازێکی تایبەت بوو بۆ خوێندکارە باڵاکان، بەڵام لەبارەی دریداوە ئەم بابەتە بە خوێندکاری دووەمی پۆلەکە سپێردرابوو. بەپێی بڕیارێک تەنیا 14% خوێندکارە یەهودیەکان لە دواناوەندی وەردەگیران. ماوەیەکی کەم دوای ئەو بڕیارە بەڕێوەبەری خوێندنگەکەی دریدا، بڕیاریدا ئەو ڕێژەیە بۆ 7% کەم بکاتەوە، بەمشێوەیە دریدا لە خوێندنگە دەرکرا. ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە لە کۆڵان و شەقامەکان تووندوتیژی لێکەوتەوە.

دتوانرێت وێنا بکرێت کە ئەم بابەتە چی کاریگەریەکی لەسەر هزری خوێندکارێکی زیرەک و هەستیار دەبێت. هەروەها مایەی تێگەیشتنە مرۆڤێک کە لە ناخی ئەمجۆرە ئەزمونەوە سەری دەرهێنابێت، چاوپۆشی لە کاریگەری ساڵنی سەرەتای ژیانی لەسەر بیرکردنەوەی داهاتووی بکات. هەرچۆنێک بێت ئامانجی سەرەکی ئەو، پرسیار بوو لە فەلسەفە، نەک لە خۆی. لە ئەنجامدا لە هەرجۆرێک شیکردنەوە لەبارەی وردەکاری ژیانی تایبەتی خۆی کە بە روکار بە دوای دیاریکردنی پەیوەندی نێوان ژیان و کارەکەیەوە بێت، بە بێزاری مایەوە و بە کەمێک ویژدانەوە پێویستە بیرمان بێت، کەسێکی پێگەیشتوو کە لە ناخی ئەم ئەزمونانەوە سەری دەرهێناوە، فەلسەفەی خۆی لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵانەی بۆ تێکدانی ژیانە رۆشنبیرانە و کۆمەڵایەتیەکەی درا، بە ورد و بە تەواوی پەروەردە کرد.

بەمجۆرە ژاکی گەنج بۆ ماوەیەک لە خوێندن دابڕا. لە دواناوەندی ناڕەسمی یەهودی ناوی نوسی، بەڵام زۆربەی کاتەکان بە نهێنی لە خوێندنگە دەچووە دەرەوە. لە پەیوەست بوونی بە یەهودیەتەوە ئاگادار بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەی وەک یەهودیەک لە کۆمەڵگەی ئەورووپاییدا پەروەردە بوو، ئێستا هەستی دەکرد، کە ئەندامێکی ئەو کۆمەڵگەیە نییە. ئەزمونی بە ئازار، دریدای بەرەو رەتکردنەوەی هەر جۆرە نەژادپەرستیەک برد. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، بە وتەی (جێفری بنینگتون)ی هاوکاری، لە هەمان کاتدا

«بەرامبەر بە ئاکێنی شێوە مێگەل لەگەڵ تووندوتیژی و دوژمنکاری شاراوە لە گرێ دراویدا، بە شێوەیەکی گشتی بێ ئارام بوو، ئەگەر ئەو گرێ دراویە لە جۆری یەهودیش بێت.»

دوای شەڕ و ئاسایی بوونەوەی دۆخی خوێندنگەکان، دریدا بۆ خوێندکارێکی نائارام گۆڕا و تەنیا لە یاریدا سەرکەوتوو بوو. خەونی بوون بە یاری زانێکی دوو گۆڵی لە مێشکیدا پەروەردە دەکرد. ئەو ئارەزووەش بەو ڕێژەیە خراپ نەبوو. تەنیا بەر لە 10 ساڵ، کامۆ گۆڵچی تیپی (ریسینگ جەزائیر) بوو. هەر لەو ماوەیەدا، دریدا بە ڕێکەوت لە رادیۆوە گوێبیستی وتارێکی کامۆ بوو، لەو کاتەوە بۆ فەلسەفە کێش کرا. پاڵەوانی دریدا رۆشنبیرێکی کارا بوو.

هێزی بیری بێ هاوتای دریدا، لەگەڵ سەرکێشی گەنجێنی وەک خۆی مایەوە. لە تەمەنی 19 ساڵیدا ناردیان بۆ پاریس بۆ ئەوەی خۆی بۆ (کول نۆرماڵ سوپریۆر) خوێندنگەی باڵا، متمانە پێکراوترین خوێندنی باڵا لە فەرەنسا ئامادە بکات. بەڵام ژیانی تەنیایی لە شەقامە سارد و سڕەکانی پاریس و دوور لە دەریا و هەتاوی جەزائیر، بۆ ئەو ئەزموونی پەراوێزخستن بوو. دریدا خۆی نوقم لە فەلسەفەی ئەگزیستانسیالیستی پوچگەرای سارتەردا بینییەوە، فەلسەفەیەک کە خولیا بوونی ئەو، لە کافتریا خوێندکاریەکانی کەناری چەپی روباری (سن) گەرم بوو. سارتەر بەرگری لە (لەپێش بوونی بوون لە زات) دەکرد. ئەو پێیوابوو شتێک نییە ناوی ناخ یان خودی مرۆڤایەتی بێت. هزری (Subjectivity) ئێمە شتێک نییە پێمان درابێت: ئەوە خودی ئێمەین کە بە ئاکارەکانمان دەیخوڵقێنین. ئەو ڕێگەیەی ئێمە بۆ ژیان هەڵیدەبژێرین، ئێمە وەک ئەوەی هەین دروست دەکات.

دریدا دوای تێپەڕاندنی ئەزموونی سەرەتا و لە ئەنجامی گوشاری تاقیکردنەوەکان و سەرگەردانی و خواردنی حەبی (ئامفتامین و خەو)،

دەستی لە کارەکەی هەڵگرت و تووشی تێکچوونی دەروونی لاوەکی بوو. ساڵی 1952 دوای دووەم هەوڵی لە (کول نۆرماڵ سوپریڤر) وەرگیرا و دوای پێنج ساڵ، دەستی بە خوێندنەوەی فەلسەفە کرد. دەستی بە خوێندنەوەی وردی بەرهەمی دوو کەسایەتی کرد، کە زۆرترین کاریگەریان لەسەر سارتەر هەبووە، واتە فەیلەسوفە ئەڵمانیەکان (هۆسرێل و هایدگەر). ئەم بیرمەندانەی بەرایی سەدەی بیستەم، کاریگەری زۆریان لە سەر گرنگی و پەرەپێدانی دیاردەناسی و فەلسەفەی ئاگایی هەبوو. دیاردە ناسی جەختی دەکردەوە لەسەر ئەوەی، کە ئاگایی بنەڕەتی ئێمە لەوپەڕی دەست پێڕاگەیشتنی ئێمە بە بەڵگە عەقڵیەکان یان زانستیەکاندایە و تەنیا شایەتەکان ڕێگەیەکیان بۆ گەیشتن پێی هەیە. تەنیا لەرێگەی بینینەوە بەبابەتە بنەڕەتیەکانی وەک خودی بوون دەگەین. بەمشێوەیە بنەمای گشتی ناسینی ئێمە، لەوپەڕی هزر و زانستدا شاراوەیە: ناسینی ئێمە پشت بە بنەمای ئاگایی دەبەستێت.

ساڵی 1954 کاتێک بەربەریەکان و عەرەبە رەسەنەکانی جەزائیر بۆ سەربەخۆیی دژی فەڕەنسا راپەڕین، شەڕی جەزائیر دەستیپێکرد. دریدا بەرگری لە شۆڕشی جەزائیریەکان بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کرد، بەڵام ساڵی 1957 دوای تەواوکردنی خوێندن، وەک سەربازێکی فەڕەنسی بۆ جەزائیر نێردرا. لە جەزائیر وانەی دەوتەوە و نێردرا بۆ خوێندنگەیەکی دەرەوەی جەزائیر، کە بۆ منداڵی ئەو سەربازە فەڕەنسی و جەزائیریانەی لە سوپای فەڕەنسا خزمەتیان دەکرد، دروستکرابوو. دریدا خۆی لەنێوان ئەم دوو بەرەیەدا بە دووکەرتی بینیەوە، بەڵام لەو کاتەشدا ئومێدەوار بوو، بە دەرکەوتنی جەزائیرێکی سەربەخۆ و ئازاد کە ئەوروپاییەکان بتوانن لەگەڵ هاوسێ عەرەبەکانیان بژین. بنەماڵەی دریدا پێنج نەوە زیاتر بوو لە جەزائیر ژیانیان بەسەر دەبرد و زیاتر خۆیان بە جەزائیری دەزانی، نەک فەڕەنسی. ساڵی 1960 بۆ فەڕەنسا گەڕایەوە و دەستیکرد بە وتنەوەی وانەی

فەلسەفە و لۆژیک لە (سۆربۆن)، کە بەشێک بوو لە زانکۆی پاریس. دریدا لەگەڵ (مارگرێت ئۆکتوریە) کە ماوەیەک لە خوێندنی باڵا هاوپۆلی بوو، هاوسەرگیری کرد. لەسەفەری جەزائیر لەگەڵیدا بوو، بەڵام دوای گەڕانەوەی بۆ فەڕەنسا نەیتوانی رێگە لەو دەرد و ئازارانەی بگرێت، کە لە روداوێکی زۆر ناخۆشەوە سەرچاوەی گرتبوو. ساڵی 1962 شەڕەکە، بە بەدەستهێنانی سەربەخۆیی جەزائیرییەکان کۆتاییهات و پەنابەرە ئەوروپییەکانیش بۆ وڵاتەکانیان گەڕانەوە. هیوای دریداش بۆ ئەوەی هاوڵاتیەکی جەزائیری سەربەخۆ بێت، بەباچوو، لەو کاتەوە بەردەوام لە دۆخێکدا بوو کە خۆی پێی دەوت (نۆستالیژیا Nostalgia)، بەڵام ساڵی 1962 سەرەتای سەربەخۆیی دریداش بوو، وەک فەیلەسوفێک یەکەم بەرهەمی خۆی بڵاوکردەوە. کتێبی (سەرچاوەی ئەندازە)ی ئێدمۆند هۆسرێل وەرگێڕا و پێشەکیەکی بە قەبارەی کتێبێک بۆ زیادکرد، ئەمەش کتێبەکەی هۆسرێلی بچوکتر نیشان دەدا.

لەبنەڕەتدا هۆسرێل بیرکاریناس بوو، ئەمەش بەرەو بینینی مەترسیەک رێنوێنی کرد، کە هەڕەشەی لە دیاردەناسی بۆ پتەو کردنی گشتی زانستی (ناسین)ی مرۆڤایەتی لە سەر بنەمای بینین یان بێناوبژیوانی درک و وەرگرتنی تایبەتی دەکرد. ئەگەر بنەمای گشتی دانایی مرۆڤ لەوپەڕی زانین و زانستدا شاراوە بێت، تاک چۆن دەتوانێت راستی شتێک بزانێت کە لە سەر بنەمای بینینی خود نییە؟ ئەمەش بەو واتایە بوو، کە ناسینی بیرکاری و زانست، رێژەییە. نمونەکانی وەک 2 + 2 = 4، ئیتر راست و جێگەی مشتومڕ نەبوون، بەڵکو تەنیا بە بینینی تاکێکی تایبەتی لە جیهاندا هەژمار دەکران. لەوانە بوو تاکەکانیتر شتەکان بەشێوەیەکیتر ببینن. لەم دۆخەدا تاک هیچ بەڵگەیەکی بۆ ڕەتکردنەوەی تێڕوانیەکانیتر نەبوو.

هۆسرێل هەوڵیدا فەلسەفە لەو ئاڵۆزییە کە بنەمای گشتی زانستی لاواز دەکرد، رزگار بکات. ئەندازەی بە راستترین جۆری زانینی مرۆڤایەتی

دانا و وەک نمونەیەک بۆ سەرجەم زانینە زانستی و بیرکاریەکان، سودی لێوەرگرێت. ئەگەر بکرێت نیشان بدرێت، کە تێگەیشتنی ئێمە بۆ ئەندازە لەوپەڕی ڕێژەییەوە جێگەی هەیە، راستی زانستی لەمجۆرەش گەرەنتی دەکرێت.

هۆسرێل پێی وابوو ئەندازە پێویستە بنەما و سەرچاوەی مێژوویی هەبێت. سەرچاوەی مرۆڤەکانی سەرەتای مێژوو بووە. بێگومان لە ڕۆژێکی تایبەتدا لەسەردەمی بەر لە مێژوو، کەسێکی تایبەتی هێڵ یان دووری یان لەوانەیە خاڵێکی دیتبێت. ئەندازە ـ هێڵ، دووری، خاڵ و ... هتد ـ بەمشێوە عەقڵییە دەستیان پێکردووە. ئەم ئاماژە سەرەتاییانە بەدڵنیاییەوە واتایەکی روون و حاشا هەڵنەگریان هەیە، واتایەک کە سەرەتا لە رێگەی بینەرانیەوە درکی پێکراوە. بەڵام دوای ئەوەی ئەم ئاماژانە لە رێگەی بینەرانیەوە درکیان پێکرا، پاشماوەی ئەندازە بە پێی پێویستییە راستەکانی ئەم پێشینانە رووخساری وەرگرتووە. لە یۆنانی کۆندا (ئیقلیدس Euclid) نیشانی دابوو، کە پێکهاتەی ئەندازە چۆن لەناخی ئەم تێگەیشتنە بونیادیانەوە سەری دەرهێناوە. بەمشێوەیە خودی ئەندازە بەجۆرێک (لەپێش ئەوێ) چاوەڕوانی دۆزینەوە و چاو لە رێگەی هەلە مێژووییەکەی بووە. کاتێک چەمکە سەرەتاییەکان دۆزرانـەوە، ئەوەی مایەوە وەک مسۆگەر و حاشا هەڵنەگر دەردەکەوت: واتا تێڕوانینی ڕێژەیی بۆ ناو ئەو رەخنەی نەدەکرد. بەگشتی تێگەیشتنی زانست و فەلسەفەش بەمشێوەیە کاردەکات. بەڵێ، لەناوسنورەکانی دیاردەناسی، بنەمای ناسین پشت بە بینراو دەبەستێت (بەواتایەکی مێژوویی). بەڵام نەخێر، ناسین ڕێژەیی نییە، چونکە لە ئەنجامی راستی گشتی هەمان بینەرە سەرەتاییەکانەوە هاتۆتە بوون، کە پێکهاتەیەکیان ئاشکرا کرد و بە شێوەیەک (لەپێش ئەوێ) لە چاوەڕوانی دۆزرانەوەدا بوو.

دریدا بەو ئەنجامە گەیشتبوو، کە لێکۆڵینەوەی هۆسرێل پێویستی بە سەر گەردانییە، واتە دژیەکیەکی دەرەوونی هەیە و بە چارەسەر نەکراوی دەمێنێتەوە، ئەو لەو پێشەکیەدا کە بۆ (سەرچاوەی ئەندازەی) هۆسرێلی نوسی، هەروەها لە بەرهەمەکانی دواتریشیدا بنەما و بنچینەی تێڕوانینی فەلەسەفی خۆی لەسەر ئەم بنەمایە دانا. چونکە فەلسەفەی دریدا خۆی لە خۆیدا فەلسەفەیەک نییە، بەڵکو زیاتر خستنە ژێر پرسیاری فەلسەفەیە: «پرسیار لە خودی توانای ئـەو.» هێرش دەکاتە سەر پێکهاتەی گشتی فەلسەفە و توانای بۆ لە سەر پێ وەستانی خۆی. پێکهاتەی گشتی فەلسەفە تووشی سەرگەردانی بووە و خۆی ناتوانێت رێکخراو و یەکگرتوو بێت. ئەم پڕوپاگەندەیە لێکۆڵینەوەیەکی شاراوە بوو لەبارەی خواست و بنەمای ئەندازە: ئەم لێکۆڵینەوەیە هێرشی دەکردە سەر توانای فەلسەفە و بنەما گشتیەکانی زانین.

بەبۆچوونی دریدا، هۆسرێل ئەندازەی بەجۆرێک زانینی تەواو و راست دەزانی، کە لە سنوری راستییەکی دیاری نەکراوی کاتدا، جێگەی گرتووە. پێیوابوو ئەندازە زانستێکی تەواو و بێ مشتومڕ بوو، کە بە تێپەڕین لە درک یان بینینی مرۆڤانە، بە راستەقینە و راست دەمایەوە. بە بڕوای دریدا ئەو شایەتیە بەر لە مێژووییانە، بە درێژایی مێژوو هیچ پەیوەندییەکیان بە تێگەیشتنی ئەندازەوە نییە، کە وەک نمونەی راستی زانستی و فەلسەفی فۆڕمیان وەرگرتوە. ئەمە راستییەکی نمونەییە لەودیو سنورەکانی بەڵگە ویستییەوە. دریدا هێرشی کردە سەر ئەو راستییە. ئەگەر تێگەیشتنە بنەڕەتیەکانیش لە رووی مێژووییەوە (یان بەر لە مێژوو) ببینرانایە، دووبارە ئەو راستیانە سەرچاوەیان ئەزمونی ژیان نەبووە. بەپێی تێڕوانینی هۆسرێل، راستی پێش (لە دەرەوەی ئێمە) چاوەڕوانی دۆزرانەوە بووە. لەمڕووەوە لەوانەیە ئەم راستییە نەیتوانی بێت پشت بە ئەزمونی ژیان

ببەسنێت. ئەم ڕاستییە بەشێوەیەکی ئاگایانە بۆ بینەران ـ بنەمای پێویستی سەرجەم جۆرەکانی ناسین لە دیدی دیاردەناسییەوە ـ نەبووە. لێرەدا لەناخی فەلسەفەدا جۆرێک سەرگەردانی هەیە. لەئەنجامدا تێگەیشتنی گشتی ئێمە بۆ واتای ناسین ناسازگار و جیاواز دەردەکەوێت. ئیتر ناسینیمان ڕەگی لە بینەرەکاندا هەبوبێت یان ناسین بەشێوەیەک لە شێوەکان لە هەردووکیان پێکهاتبێت، مەحاڵ بووە. لەکوێوە دەزانین کە ئەندازەی (دەرەوەی ئێمە) چاوەڕوانی دۆزرانەوە بووە؟ ئایا ڕاستی ئەندازە لەبەر ئەوە پەسەند ناکەین، کە لە جیاتی ئەوەی لەگەڵ بینەران تێبیگەین، یاساکانی بەسەردا دەسەپێنین؟ لەوانەیە ئەندازە لەناو زمان و سنورەکانی خۆیدا یەکگرتوو بێت، بەڵام چۆن وەک زانین دەی بینین؟ چی بنەمایەک لە ئاگایی ئێمەدا ـ بونیادی کۆتایی ناسینی ئێمە- بۆ پەسەندکردنی ڕاستی ئەو هەیە؟

لەوانەیە ئەمجۆرە پرسیارانە لاوەکی بن و گرنگ نەبن، بەڵام ئەنجامەکانیان کاریگەریان لەسەر سەرجەم فەلسەفەی ڕۆژئاوا و بنەما زانستیەکانی ناسینی دەبێت. (هایدگەر)یش پرسیاری لەوشێوەیەی کردبوو، بەڕەی لە سەر ئەو پێشبینیە نهێنیانە هڵدابووەوە، کە بنەمای گشتی زانستی ئێمەی پێکدێنا. ئەم پێشبینیە بەهیچ شێوەیەک ڕەگی لە بینینی تاکدا نییە، بە دڵنیاییەوە مێتافیزیکیە. واتە بەشێوەیەک دەچێتە سەرو جیهانی فیزیکی ئێمە و لەوپەڕی ئەودا جێگەی گرتووە. ئەم پێشبینیە لەسەر بنەمای هیچ جۆرە ئەزمونێک نییە. هایدگەر نیشانی دا، کە سەرجەم فەلسەفەی ڕۆژئاوا و زانینی زانستی پشت بەستوو بەو، پشت بە ئەو بنەمایە دەبەستێت، کە زات ڕاستی ئەگەرەکانە و بەشێوەیەک، لە جێگەیەکدا، لە واتایەکی ڕەهادا بسەلمێنریت. سنورێک بۆ ڕاستی هەیە، کە ڕێژەیی نییە. ئەویش (جێگەیەک لە دەرەوەی ئێمە) کە ئەندازە جێگەی گرتووە و خۆی بەشێکە لەو سنورە، سنوری (بوون)، جێگەیەک کە ڕاستی ڕەهای تێدایە. ئەم بوونەش سەرجەم

ڕاستی گەرەنتی دەکات. لێرەدا ڕاستی لە ڕێگەی ئامادەبوونی خۆیەوە دەسەلمێت. ڕاستی بوونی هەیە. (بەپێچەوانەوە، ڕاستی ئامادە نەبوو). ئەم ئامادە بوونە ڕەهایەیە، گەرەنتی ڕاستی ڕەها دەکات. چییەتی ئەم بوونی (ئامادەبوونە)، ناتوانێت شتێکی بێجگە لە فۆڕمێک لە بوون بێت، کە هەموو شتێک و ڕاستی هەموو شتێک، لەوانە خۆی، دەزانێت. ئەمە واتای ڕاستی ئەوە. بەیەکەوە بوونی بوون و دانایی لەم ئامادەبوونەدا، ڕاستی هەموو شتێک گەرەنتی دەکات.

بەوشێوەیەی دریدا نیشانی دەدات، ئەم گەرەنتی کردنەی ڕاستی، ئەم ئامادەبوونە، خۆی ئاماژەیە بۆ سەرگەردانیەکیتر. ئایدیای فەلسەفی ئەو ڕاستیەی تەنیا پشت بە بینین ببەستێت، گیرۆدەی دژیەکیەکی ناوەکی دەبێت. ڕاستی ڕەها تەنیا بەبوونی سنور یان ئامادەبوونی تەواو، دەتوانرێت گەرەنتی بکرێت. هەر ڕاستییەکی تێپەڕی بچوکتر، پێویستە ڕێژەیی بێت. مەحاڵە عەقڵێکی تێپەڕ، کە لە سنوری بینینی خۆیدا سنوردارە، بتوانێت لەوە تێبگات، کە ئایا ڕاستی ئەوەی لە بینینەوە بۆی دەردەکەوێت، بەشێوەیەک یەکسانە بەو ڕاستییەی هەیە یان نەخێر. ئەمجۆرە بە یەکەوە بوون و یەکسانییە تەنیا دەتوانێت بە فەرمانێکی ڕەها، کە ئەم عەقڵە ناتوانێت ببینێت، گەرەنتی بکرێت.

دۆزینەوەی ئامادەبوونی تارماییەکی پیرۆز لە پشتی بەڵگەی بوونەوە زۆر ئەستەم نیە.

بۆچەندین سەدە خوا هەمان ڕاستی بووە، کە ئەو ڕاستیە ڕەهایەی لەخۆگرتووە. بەڵام بەبێ ئەو ئامادەبوونە ـ بە پیرۆزی بزانین یان سەپێنراو ـ هیچ ڕاستیەک بوونی نابێت و ئێمە لە کێشمەکێشی ڕێژەییدا چەقبەستوو دەبین. ئەم خاڵە بەو ڕێژەیە لە بارەی ئەندازەوە ڕاستە، کە لە بارەی فەلسەفەوە ڕاستە. لە ڕاستیدا دریدا رایدەگەیەنێت ئەم دۆخە توانای فەلسەفە

لەناودەباٹ. ئێستا روون بووەوە بۆچی خۆی بە فەیلەسوف نازانێٹ!

لە رابوردووشدا فەلسەفە ئەم رێگەیەی بڕیبوو. لە سەدەی هەژدەدا (دەیڤد هیوم) فەیلەسوفی ئۆسکەتلەندی رایگەیاند، سەرجەم زانستی ئێمە پشٹ بە ئەزمون دەبەستێٹ. پاشان حوکمی ئەزمونی لە روخساردا بێ مشتومڕ شیدەکاتەوە و دەرەنجامی سەرسوڕهێنەر بە دەسٹ دێنێٹ. ئەوەندە بەسە تا کۆتایی بە دوای ئەمجۆرە ئەزمونی باوەڕەدا بڕۆین بۆ ئەوەی سەرجەم بنەمای زانینمان بۆ وێرانەیەک بگۆڕێٹ. پراکتیکیانە هۆکار تاقیناکەینەوە: سەجەمی ئەوەی لە کرداردا درکی پێدەکەین، نەک شتێک کە دەبێتە هۆی شتێکیتر، بەڵکو شتێکە دوای شتێکیتر دێٹ. بەمشێوەیە بە راستی شتەکان تاقی ناکەینەوە، ئەوەی تاقیدەکەینەوە تەنیا کۆمەڵێک پێدراوی هەستین. ئێمە تەنیا ئەزمونی خودی خۆمان تاقیناکەینەوە. ئێمە هیچ ئەزمونێکی راستەوخۆمان لەسەر خۆمان نییە، نەهیچ هەسٹ یان وێنایەک لە ناسنامەمان، نە هەرگیز شتێک تاقیدەکەینەوە، کە پێمان بڵێٹ ئەم بە ناو (خودیەتە) لە ساتێکەوە بۆ ساتێکیتر بە یەکسانی دەمێنێتەوە. ئەم کورٹ کردنەوە رێگرەی راستی بۆ ئەزمون، پێشڕەوی فەلسەفەی راگرٹ، بەڵام لە حوکمی کۆتایی ئەودا نەبوو. هەروەها لە حوکمی کۆتایی زانستی مرۆڤایەتی، بە تایبەتی زانسٹ، کە لە سەر بنەمای تێگەیشتنەکانی وەک هۆکار، ناسنامە و بەردەوامی و هیتریشە، نەبوو. سەرجەم کاری هیوم نیشاندانی پێگە و متمانەی زانینی (ناسینی) ئێمە بوو. ئەزمونی نالۆژیکی و نەگونجاوی ئێمە، کاتێک بەمجۆرە روبەڕووی ئەم شیکردنەوە لۆژیکیە ورد و رەق و تووندە دەبێتەوە، بە سادەیی لەبەریەک هەڵدەوەشێٹ.

هەندێک کاٹ فەلسەفە دەتوانێٹ متمانەی زانستی ئێمە بە تەواوی شیبکاتەوە. تیۆر دەتوانێٹ متمانەی خۆی یەکسەر لەناو بباٹ، بەڵام ئەمکارە هەوڵی کرداری ئێمە بۆ بەدەستهێنانی ئەو راناگرێٹ. بێگومان ئەم بابەتە

لە بوارەکانی بیرکاری و زانستی وەک فیزیک، راستە. ئێمە، کاتێکیش دژە فەیلەسوفانی وەک هایدگەر و دریدا لە هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم تێگەیشتنمان لە راستی زانستی، سەرکەوتوو دەبن، بەردەوام هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی زانستی بە ناسین بگەین. ئێمە شێوازی زانستی لەو بوارانەشدا بەکاردێنین، کە هێشتا وەک زانست نەناسراون. (تیۆری ئاشوب Chaos theory) نیشانی دەدات چۆن جوڵەی باڵی پەپولەیەک لە دارستانێکی ئیستیوایی بەرازیل لە کۆتاییدا دەتوانێت ببێتە گەردەلولێک لە ویلایەتی کانزاسی ئەمەریکا. کاریگەرییە زۆر جیاوازەکانی گۆڕانکاریە بەرفراوانەکانی کاریگەر لەسەر پێشبینی کەشوهەوا ناجێگیرتر و لەوە پێشبینی نەکراوترن، کە بتوانرێت دۆخی کەشوهەوای داهاتووی دوور بە تەواوی پێشبینی بکرێت. ئەمەش لە بارەی سەرجەم پێشبینیە ئابوری و کارایە زانستیە دەروونیەکانەوە راستە. ئەمانە هێشتا زانست نین و (لەوانەیە هەرگیز نەشبن بە زانست). بەڵام راستە کە زیاتر هەوڵدەدەین بۆ ئەوەی وردەکاری زانست لەم بوارانەدا بەکاربێنین.

رەتکردنەوەی راستی ئەندازە و فەلسەفەش لەلایەن دریداوە، ئەویش بەشێوەیەکی رونەڵ، دەکەوێتە بەرهەمان ئەو رەخنانەی خۆی دەیانخاتەڕوو. بە سستکردنی بنەمای راستی، راستی وتەکانی خۆشی لە بنەماوە سست دەکات. بەوشێوەیەی دەیبینین دریدا بێدواکەوتن، ئەم هەڵێنجانە پەسەند دەکات و بە شێوەی گشتی بە دوای پێداویستیەکانی تا گەیشتن بە ئەنجامی لەرزێنەر و رادیکاڵدا دەڕوات. بەڵام راستە کە ئەمجۆرە تێڕوانینە (ئەگەر گرفتاری کێشمەکێشەکانی دەرونی بێت یان نەخێر) پراکتیک یان کاری مرۆڤ روبەڕووی کێشە دەکاتەوە. ئێمە سود لە ئابوری و کەشناسی وەردەگرین، چونکە ئەو ناسینە رونەی لێی بەرهەم دێت، یارمەتیمان دەدات. لەوانەیە ئەو خاڵە پەسەند بکەین، کە شتێک بەناوی راستی تەواو

یان گەرەنتی کۆتایی ناسین (زانست) نیە ـ لەگەڵ ئەوەشدا لە کرداردا ئێمە گومان لەو راستیەی کە کۆی سێ گۆشەی سێگۆشەیەک 180 پلەیە، ناکەین. ئەلیکترۆنی ناو ئەتۆمێک، وەک دەرزیەکی ناو یاریگایەکە، لەگەڵ ئەوەشدا لێکدانەوەمان بۆ پێشبینی وردی رەفتاری ئەو ئەتۆمە بەدەستهێناوە. پیشەسازی کۆمپیوتەریش پشت بەمجۆرە پێشبینیانە دەبەستێت. بەدڵنیاییەوە ئیتر راستی زانستی، کە کەمتریش وردن، پەسەند دەکەین ـ راستی وەک تیۆری داروین، پێکهاتەی دی ئێن ئەی و هیتر. لە راستیدا کاتێک پەسەندی دەکەین، کە هیچ راستیەکی تەواو نییە، دووبارە بۆ لاوازکردنی ئەم راستییە ناتەواوانە بێجگە لە رێگەیەکی زانستی (ئەزمون و تاقیکردنەوە) رێگەیتر بە توندی رەتدەکەینەوە. لەوانەیە راستی لە روی تەواویەوە رێژەیی بێت، بەڵام بە رێژەیی سەپاندنی بابەتێکیترە. بۆنمونە لەوانەیە دریدا ئەو راستیە رەتنەکاتەوە، کە چەند ملیۆن یەهودی لە هۆلۆکۆست گیانیان لەدەستداوە. لەوانەیە شارستانیەتی رۆژئاوا بەکارهێنانی چەمکی دژیەک لە راستی رەها لە دڵی خۆیدا پەروەردەکردبێت، بەڵام بابەتەکە لێرەدایە، کە شارستانیەتی رۆژئاوا بێ ئەم چەمکە دژیەکە لێکهەڵدەوەشێت. تیشکخستنە سەر چۆنێتی روبەڕووبوونەوەی دریدا بەرامبەر ئەو بابەتە و بێدەنگی فەلسەفە، بۆ هەرجۆرە لێکۆڵینەوەیەک لە بابی پێگەکەی ئەو، وەک بیرمەندێک پێویستە.

سالی 1965 وانەی مێژووی فەلسەفەی لە (کول نۆرماڵ سوپریڤر) وتەوە. لەو کاتەدا بووە ئەندامی کۆمەڵەی رۆشنبیرانی تازە دەرکەوتوی پاریس، کە هاوکاری گۆڤاری (تێل کویل Tel Quel وەک ئەوەی هەیە)یان دەکرد. تێل کویل وەک ناوەکەی ئاسان نەبوو. ئامانجی بەرەوپێشبردنی (تیرۆریزمی رۆشنبیرانە)ی نوێ بوو، کە سەرجەم بەدەستهاتووە دێرینەکانی لە نوسین و رەخنەی ئەدەبی و فەلسەفەی هەڵدەگێڕایەوە. ئەو رۆشنبیرە نوێ و پێشڕەوانەی فەڕەنسا کە جارجار لەم بڵاوکراوەیەدا دەیاننوسی بریتی

بوون لە: بارت، فۆکۆ، کریستۆڤا، دریدا. بە ناچاری ئامانجی سەرەتای ئەم ڕۆشنبیرانە، کە پەیوەندیەکی ئەوتۆیان بەیەکەوە نەبوو، زۆر بەخێرایی لە یەکتر دوورکەوتەوە.

ئامانجی دریدا شتێک نەبوو، بێجگە لە وێرانکردنی سەرجەمی (نوسین) لە ڕێگەی نیشاندانی ناڕاستی حاشا هەڵنەگریەوە. نوسەر بە دەستێک دەنوسێت، بەڵام بەدەستەکەیتر چی دەکات؟ سەرجەم نوسینەکان، سەرجەم دەقەکان، بەرنامەی خۆیان هەیە واتا سەپێنراوی مێتافیزیکی خۆیان لەخۆگرتووە. ئەمە لەبارەی خودی زمانەوە ڕاستە. نوسەر زیاتر ئەم ڕاستیە لەبەرچاو ناگرێت.

ئەو زمانەی سودی لێوەردەگرێت، بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر ئەوەی ئەو بیری لێدەکاتەوە و دەینوسێت بەلاڕێدا دەبات و لە فۆڕمی دەخات. دریدا لە (نوسین و جیاوازی 1967) هێرش دەکاتە سەر بیرمەندی فەڕەنسی سەدەی حەڤدە و یەکەم فەیلەسوفی مۆدێرن، واتە دیکارت. دیکارت بە یارمەتی زیرەکی، بە دوای دڵنیایی کۆتایی عەقڵدا گەڕابوو. ئەو، بەمەبەستی پاککردنەوەی گومانەکان، کارەکەی بە بەدواداچوونی گومانە سیستماتیکیەکان دەستپێکردبوو. بۆی دەرکەوت کە دەتوانێت گومان لە هەموو دڵنیاییەک بکرێت. لەوانەیە هەستەکانی فریوی بدەن، هەستەوەرەکانی هەندێکجار خەو لە هۆشیاری جیاناکەنەوە. بێجگە لە ئەوە، لەوانەیە گیانی خراپ و فێڵباز بتوانێت لەبارەی دڵنیایی بیرکاریەوە، فێڵی لێبکات (نزیکەی سێ سەدە دوای ئەوە دریدا دەیەوێت نیشانی بدات چۆن لەوانەیە بابەتەکە بەو شێوەیە بێت)، بەڵام لە کۆتاییدا دیکارت بەو ئەنجامە گەیشت، کە شتێک هەیە ناتوانێت گومانی لێی هەبێت، ئەویش دڵنیایی کۆتایی (بیردەکەمەوە، کەواتە هەم). گرنگ نەبوو چۆن فریوی جیهانی دەوروبەری دەخوات، بیرکردنەوە ئەو شتە بوو، کە نەیدەتوانی گومانی لێی هەبێت.

دریدا ئەم حوکمەی پەسەند نەکرد. لە راستیدا نیشانی دا، کە دیکارت لە بازنەی ئەو زمانەدا گرفتار بووە و سودی لێ وەرگرتوە. بۆ ئەو مەحاڵ بوو، دەست بۆ دەرەوەی ئەو زمانە بەرێت، کە لەچوارچێوەیدا بیری دەکردەوە ـ لەگەڵ هەموو گریمانە پێشوەختە نهێنیەکانی و ئەو پێکهاتەیەی بیری سنوردار و بەلارێدا بردبوو ـ . شێوازی ئەو زمانە لە توانایدا بوو، بیری زیاتر لە هەرجۆرە خەیاڵێک بەلارێدا بباتً. ئەمجۆرە سنوردارییانە «لە گەوهەر و خودی دیزاینی زماندا، لە دیزاینی سەرجەم زمانەکاندا بە گشتی، شاراوەیە». بۆ نمونە تەنیا زمانەوانی، دیکارتی بەو ئەنجامە گەیاند کە: «(من) بیردەکەمەوە کەواتە (من) هەم.» ئەزمونی کۆتایی بۆ دڵنیایی وەک دواتر هیوم دەریخست، پێوستی بە هیچ وێنایەکی هاوشێوەیی یان هۆکاری(کەواتە هەم) نەبوو. لە کۆتاییدا دیکارت تەنیا ئاگای لە هاوکاتی و بوون، بوو. لەوانەیە ئەم ئەندێشە و بوونە یەکێک بووبن. یان وەک ئەوەی دواتر هایدگەر وتی، تێگەیشتنی بونیادی ئێمە (بوون ـ لە ـ جیهاندا)یە، ئەمەیە بینەری دەرکەوتە ناسانە، کە لەودیو تێگەیشتن و زانستدا جێگەی هەیە.

دریـدا لە یەکێکیتر لە بەرهەمە نایابەکانی ئەو سەردەمەدا (لە گراماتۆلۆژی Of Grammatology 1967) کۆمەڵێک چەمک دەخاتە بەرباس، کە ئەو کاتە لە چەقی کاری بیری خۆیدا دابوون. بنەمای هێرشی دریدا بۆ فەلسەفە لە(بڕیار نەداندا) شاراوەیە. یەکێک لە قوڵترین گریمانە شاراوەکانی رابوردووی بیری رۆژئاوا، ئەو یاسا بنەڕەتیە لۆژیکیەیە کە زیاتر بە دوورخستنەوەی کەلێنی سێیەم ناودەبرێت. ئەم بنەڕەتە پەیوەندی بە بنەڕەتی هاوشێوەیی (ئەمە هەمانە)وە هەیە و کۆنترین فۆڕمی ئەو، کە لەلایەن ئەرستۆوە بەیانکراوە، بەم شێوەیەیە: « لەنێوان راستی و درۆدا، شتێک بوونی نییە.» بە واتایەکیتر شتەکە راستە یان ناڕاستە. واتە ناکرێت

هیچیان نەبێت یان هەردووکیان بێت. زۆر پێش دریدا کۆمەڵێک شتی دەگمەن خرابوونە ئەم یاسایەوە. وتەی (ئەمە درۆیە) دڵنیایی دەخستە چاڵەوە. وتەی (خەندەیەکی شیرین لەسەر لێوانی دەرکەوت) دەتوانین بە بێواتای دابنێین (بەکارهێنانی ناڕاستی وتەکان)، هەروەها دەتوانرێت بەشێوەیەکی شاعیرانە واتای هەبێت (بۆ باسکردنی خەندەی منداڵێکی خۆشەویست.) لە راستیدا سەرجەم ئاماژە شاعیرانەکان، سەرجەم وێناکان، سەرجەم هونەرەکانیش یاسای دوورخستنەوەی کەلێنی سێیەم پێشێل دەکەن. وتەی (جیهان بە گشتی شانۆی نمایشە / و سەرجەم پیاوان و ژنان تەنیا ئەکتەر)ی شکسپیر لەبەرچاو بگرن. بێگومان جیهان سەکۆی شانۆگەری نیە کە لە دار دروست کرابێت و لەبەردەم بینەرانیدا بێت، هەروەها بە واتایەکیتر (واتایەکی خوازە) ئێمە وەک ئەکتەرەکانی سەرشانۆ رۆڵی راستیەکانی ژیان دەبینین. وێنەیەک (ئاماژە – خوازە) وەک وێنەیەک، هەمان ئەو شتەیە کە نمایش دەکات و ئەو شتەش نییە. کەواتە کۆمەڵێک شت هەن مێتافیزیکین و لەبەر ئەوە ناسەلمێنرێن (دوای ئەم جیهانە، ژیانی هەتاهەتایی چاوەڕوانمان دەکات) هەڵبژاردەیتریش هەن، لەوانەیە لە روی زمانەوانیەوە راست بن، بەڵام هیچ واتایەکیان نییە (درۆی لەگەڵ سەگی هاوسێی دەکرد)، (رەهاییم لەسەرپێی خۆی وەستا).

بەڵام دریدا لە ئەمەش زیاتر رۆیشت. پێیوابوو کە لە رابوردوودا بە هەڵە فەلسەفەیان لەگەڵ گەڕان بە دوای راستی گەوهەری کە بە جۆرێک لە (گەوهەری شتەکان)دایە، بەیەک بابەت زانیوە. بە پێچەوانەوە فەلسەفە پێویستە جەخت لەو زمانە بکاتەوە، کە سودی لێوەردەگیرێت. زمان هیچ هاوتاییەکی خودی و گەوهەری لەگەڵ شتەکان یان ئەو چەمکانەی ناویان لێدەنێت یان باسیان دەکات، نییە. زمان لەم رێگەیەوە بە واتا ناگات. سەرجەم ئەو شتانەی ئێمە لە زماندا دەیدۆزینەوە سیستمێک لە جیاوازیەکانە، بە واتایەکی سادەتر لە ناخی ئەم جیاوازیانەوە سەر دەردێنێت. لەگەڵ ئەوەشدا

ئەم جیاوازیانە جۆراوجۆر و ناسکن. ڕێگەیەک نییە بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەو جیاوازیە لاوەکیە بەرفراوانانەی لە زماندا هەن، بۆ پێکهاتەیەکی سەرەتایی لۆژیکی کەم بکرێنەوە، کە لەسەر دروستکردنی هاوشێوەیی بێت.

دریدا رایگەیاند، بیری رۆژئاوا بە تایبەتی فەلسەفە پشتی بە بنەمای تێگەیشتنی دوولایەنە بەستووە، کە لە یاسای دوورخستنەوەی کەلێنی سێیەمدا شاراوەیە. پێناسەی ئێمە بۆ تێگەیشتنەکان پشتی بە بەرامبەر بەستووە. هەڵبژاردەیەک راستە یان هەڵەیە. شتێک زیندووە یان مردووە. شوێنێک لە ناوەوەیە یان لە دەرەوەیە، بەرزە یان نزم، سەرەوەیە یان خوارەوەیە، چەپە یان راستە. بەمشێوەیە: ئەرێنی/نەرێنی، باش/خراپ، گشتی/لاوەکی، هزر/جەستە، نێر/ مێ و بەمشێوەیە ئەزمونەکانمان شیکردەوە و ریزمان کردن، بۆ ئەوەی واتایان پێببەخشین. ئەو رەخنەیەی لەم شێوازە دەگیرێت ئەوەیە هەریەکێک لەم روبەڕووبوونەوانە، واتای هەریەکێکیان بە واتای ئەویتریانەوە گرێ دراوە. بە واتایەکیتر ئەمە دەرکەوتەیەکە لەخۆیدا گرفتارە: واتە لە جیاتی ئەو شتەی پڕوپاگەندەی ناسینی خۆی دەکات، دەگەڕێتەوە بۆ خۆی. بە بۆچوونی دریدا ئەمە نیشانەی کەموکورتی گەوهەریە لەم یاسا و بەڵگەنامە و هۆکارانەدا. یاسا ئاماژە پێکراوەکان ئەو گریمانە مێتافیزیکیە نهێنیەیان لەخۆگرتوە، کە راستیەکی گەوهەری باس دەکەن و خاڵی هاوبەشی ئەم راستیە گەوهەریە گرێدراوی و یەکگرتویی لۆژیکیە، ئەو هۆکار و بەڵگانەی لە لۆژیکدا دەیدۆزینەوە لە راستەقینەشدا دەستدەکەون. ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە نەک تەنیا راستییەکی گەوهەری ـ بەبونی راستییەکی تەواو ـ گریمانەیی وەردەگرێت، بەڵکو ئەو خاڵەش بەڕاست دادەنێت، کە ئەم راستییە، لۆژیکی و هزرییە. وێناکردنی راستیەکی تەواو کە لەگەڵ یاسا لۆژیکیەکان جیاواز بێت، مەحاڵە.

ئاگایی بە پلەی بینینی ئێمە بۆ جیهان، لە لۆژیک زیاتر تێدەپەڕێت. ئاگایی بەهیچ شێوەیەک ئامادەبوونی ڕاستی تەواو نابینێت. ئێمە خۆمان و جیهان لە ڕێگەی ئاگایی و ئاوێنەی زمانەوە دەناسین. ئەمانە پێکهاتەی ناسینی ئێمەن، ئەوەی توانا بەئەم ناسینەی ئێمە دەدات. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پرۆسانە کە لە بەڵگە و ڕاستی تێدەپەڕن، لە ڕاستیدا لەو پرۆسانەی ئێمە لە ڕێگەیەوە بە ناسین دەگەین ـ ڕاستی، هەڵێنجان، هند.. ـ دەخرێنە لاوە. لۆژیک، ئەو جیاوازیانەی دەبنە هۆی دروستبوونی واتا لە زماندا، بۆ جیاکارییە جیاوازەکان، چییەکان (هاوشێوەکان) و ڕاستەقینەکان، دەگۆڕێت. بۆ دریدا ئەم دژیەکییە، بە شێوەیەکی حاشاهەڵنەگر (ڕاستی) ناسینی ئێمە لە بنەماوە سست دەکات.

بە بڕوای دریدا ناسینمان بۆ جیهان کە لە سەر بنەمای هاوشێوەیی و لۆژیک و ڕاستی دروستبووە، لە سەرگەردانییەکەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم سەرگەردانیە هۆکارەکەی دژیەکی دەروونیە. جارێکیتر دیاریکرنی ئەم خاڵە زۆر ئەستەم نیە، کە لێکۆڵینەوەکەی دریدا گرفتاری دژیەکی لەگەڵ خۆی بێت. ئەگەر بوونی جیاوازیەک ناسینی لۆژیکی ئێمە لەناودەبات، بێگومان بە کارهێنانی لۆژیک، لە بەڵگەهێنانەوەی دریداشدا بەو ڕێژەیە زیانی هەیە.

بەڵگەهێنانەوەی دریدا لەگەڵ ئەوەی ژێرپێی خۆی خاڵی دەکات، بەڵگەهێنانەوەیەکی نوێ نییە. پێش هیوم-یش (بێرکلی) فەیلەسوفی ئیرلەندی سەدەی حەڤدە، توانی بیرکاری ـ بە ویستی خۆی، بە سود وەگرتن لە بیرکاری ـ ڕەتبکاتەوە. بێرکلی چەند جیاوازییەک دەژمێرێت، کە تەنیا ڕێگەی ڕاستکردنەوەیان گونجاندنی یاسای خۆویستی و بێبەڵگەیە لە سیستمی بیرکاریدا، سیستمێک کە لە ڕوکاردا لە ڕاستی پێویست پێکهاتبوو. ئەو بەو ئەنجامە گەیشت، کە بیرکاری لە ڕووی لۆژیکیەوە تەواو نییە. بۆ نمونە:

$$0 = 0 \times 12$$

0 = 0 × 13

کەواتە:

0 × 13 = 0 × 12

ئەگەر هەردولا دابەشی سفر بکەین بەم ئەنجامە دەگەین:

13 = 12

بەپێی بۆچوونی بێرکلی، ئەم ئێکەڵییە تەنیا لەڕێگەی یاسای خۆویستەوە راستدەکرێتەوە، کە دوولای یەکسان دەتوانرێت لە سفر بدرێت، بەڵام ناتوانرێت دابەشی سفر بکرێن. رەخنەیەکی توندیتری بێرکلی، نیشاندانی کەموکورتی لۆژیکی ژماردنی نیوتنی بوو. ئەو ڕێژە زۆر وردانەی نیوتن لە ژمێریاریدا بەکاری دەهێنان، بەڕاستی هەبوون یان نەبوون، بە پێی هەژماری ئەو، لە دۆخێکی نێوانیدا (بەردەوام گۆڕاو)، بەردەوام لە ئەگەری (بوونی ئەو رێژەیە) بۆ (نەبوونیان) دەگۆڕا. بەڵام بێرکلی لەگەڵ سودوەرگرتنی بەرچاو لە یاسای دوورخستنەوەی کەلێنی سێیەم لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەندە بەرەوپێشچوو، کە ئەم یاسایەشی رەتکردەوە (دوبارە بە سود وەرگرتن لە لۆژیک.) ئەم ئاشکراکردنەوەی کەموکورتیەکانی بیرکاری، لەبەر ئەوە سەرجەم ناسینی (دڵنیاکراو)، لەکاتی لەدایکبوونی دریدادا، گەیشتە ترۆپک. ساڵی 1931 بیرکاریناسی نەمسایی (گـودل) دووبـارە بە سود وەرگرتن لە بیرکاری ـ لۆژیک، توانی بیسەلمێنێت، کە بیرکاری هەرگیز ناتوانێت زانستێکی تەواو سەلمێنراو بێت. هەموو سیستمێکی خاوەن بنەمای ورد، لەوانە بیرکاری، کۆمەڵێک بابەت لەخۆدەگرێت کە ناتوانرێت بە سود وەرگرتن لە بنەمای بونیادی ئەو سیستمە بسەلمێنرێت و لە هەمان کاتیشدا ناتوانرێت رەتبکرێنەوە. لە راستیدا ئەم بەڵگەهێنانەوەیە زیاتر لە هەر لێکۆڵینەوەیەکی دریدا، زیانی بۆ بیرکاری هەبوو، چونکە ئەوەی دەخستەڕوو

کە زانستی بیرکاری خۆی دەتوانێت ببێتە هۆکاری دروستبوونی دژیەکی. (ئەم لێکۆڵینەوەیە یاسای دوورخستنەوەی کەلێنی سێیەمی پێشێل دەکرد: لەناوسیستمێکدا، ئەم بابەتانە نە راست بوون و نە هەڵە).

وەک ئەوەی بینیمان دریدا دەیویست بە پوچەڵکردنەوەی سەرجەم پرۆسە لۆژیکیەکان، هەنگاوێکی گەورەتر بنێت. بەڵام لەگەڵ بۆچوونەکانیدا، ئەمکارەی بە سود وەگرتن لە بەڵگەهێنانەوەی لۆژیکی ئەنجامدا. ئەو بەشەی وتەکانی دریدا بەرامبەر لێکۆڵینەوەکانی 250 ساڵەی بێرکلی و هیوم، یان بەڵگە کۆتاییەکانی (گودل) لە راستیدا نوێن و خۆیان جێی مشتومڕن. لە هەمان کاتدا بەو ئانجامە گەیشت، کە سەرچاوەی جیاوازی نێوان بینەر و ئەندێشەی هزر دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستای ئەندێشەی فەلسەفەی یۆنانی دێرین. بێگومان دریدا دەڵێت، بینەر و عەقڵ کاراییان لەسەر یەکتر نییە. یان بە لایەنی کەمەوە کارایی هەریەکێکیان لەسەر ئەوەیتر دڵنیایی بەرهەم ناهێنێت.

بیرکاری و زانست توانیان خۆیان بۆ رەخنەکانی بێرکلی و هیوم بگرن و تا سەردەمی گودل بێگوێ پێدان درێژەیان بە ڕێگەی خۆیاندا. رەخنەکانی دریداش بەو ڕێژەیە گرنگ و کاریگەر دەهاتنە بەرچاو، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوانە چییان دەگێڕایەوە؟

ئاشکراکردنی ئەوەی، کە بیرکاری وەک ئەوەی باسکرا سەلمێنراو نییە، لە راستیدا روداوێکی لەناکاو و وەک گورزێکی کاریگەر لە گەورەیی بیرکاری هەژماردەکرا. بەڵام بۆ زانست بەشێوەیەکیتر بوو. زۆر سادە هەر لە سەرەتاوە زانست ئاگاداری ئەوە بوو. یان بەلایەنی کەمەوە دوای گالیلۆ بەردەوام زیاتر لەوبارەیەوە بە ئاگا دەبوو. تیۆرە زانستیەکان سەرەتا دەخرێنەڕوو پاشان ئەگەر پێچەوانەی راستی بن، راستدەکرێنەوە یان ناهێڵرێن. ئێستا چەند سەدەیەکە ئیتر راستی زانستی بەشێوەیەکی تەواو سەلمێنراو نییە

و زانایانیشی وای دانائین. تیۆرەکانی گالیلۆ لەلایەن نیوتنەوە راستکرانەوە و نیوتنیش جێگەی خۆی بە ئەنیشتاین بەخشی. زانست راستی کارایە، نەک راستی سەلمێنراو. دەتوانرێت ئەم بنەمایە لەوانەیە بە رێژەیەکی کەمتر بەسەر سەرجەم زانستە مرۆڤایەتیەکاندا بگشتێنرێت. دریدا پێیوایە لێرەدا خاڵێک پشتگوێ خراوە. بۆ زۆربەی ئێمە (ئامادەبوونی) راستیەکی رەها لە شێوازی تێڕوانینماندا بۆ ناسین بەردەوام دەبێت و ئەم باسە پێویستی بە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی وردتر نییە. ئەوەی لەبارەی زانستەوە راستە لەبارەی کاروبارە کەمتر سەلمێنراوە مێژوویەکانیشەوە راستە. جێگەیەک کە کاروباری وەک راستیە مێژووییەکان ـ بۆ نمونە هۆلۆکۆست ـ لەبەرچاو بگیرێت، ئێمە بەشێوەیەک رەفتار دەکەین، گوایە (ئامادەبوونی) ئەو روداوانە هێشتا بەردەوامە. ئێمە ئەم روداوە کە بەپێی سروشتەکەی رووەو لێکدانەوە و گۆڕان و ئینکاریش کراوەتەوە، بەهۆی بونی بەڵگەنامە و بینەرانیەوە بە راستی دەزانین. ئێە هۆلۆکۆست نەک تەنیا دڵنیا بوون، بەڵکو لە رووی زانستیەوە بە راستی دەزانین.

بەڵام ئامانجی دریدا لێرەدا بەهیچ شێوەیەک رەتکردنەوە نییە. ئامانجی سەرەکی هەژمارکردنی هەمان ئەو پێکهێنەرانەیە کە لۆژیک و روونی بەدوای پشتگوێ خستنیانەوە لە رێڕەوی بینینی ئاگایی ئێمەدا بوون.

ئێمە بە کەمکردنەوەی ئەزمونی ناسینمان، سەرجەم دەوڵەمەندی ئەزمونەکانمان لەبەرچاو ناگرین. ئەمەش زۆر نوێ نییە. ناسین شتێکە هەڵێنجراوە ـ واتە لە ئەزمونەکانەوە وەرگیراوە ـ واتای بنەڕەتی لاتینی ئەم وشەیە Abstract، راکێشانی شتێک بۆ دەرەوە وەک وشەی Absent واتە ئامادە نەبووە. بە واتایەکیتر هەڵێنجان واتە کورتکردنەوەی ئەو گشتەیە. دوبارە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەزمونی مرۆڤایەتی نەک دەرخستنی راستی، بەڵکو مانەوە و سودوەرگرتن لە ئەزمون و بە دەستهێنانی دەسەڵات

له جیهاندا، له چوارده‌وریێنی. سه‌رچاوه‌ی سه‌ره‌کی ئه‌م تیۆرانه – پێش ئه‌وه‌ی ماوه‌یه‌کی دوورودرێژ دوای ئه‌وه‌ی پۆشاکی (راستی ره‌ها)ی نپۆشێت، -ته‌کنیکێکی- زانستی بووه.

به‌ڵام باسی سه‌ره‌کی دریدا لێره‌دا په‌یوه‌ندی به چۆنێتی سودوه‌رگرتنی ئێمه له زانست، بینین یان لۆژیکی بێت، نییه. ئێمه چۆن خۆمان و ناسینمان به‌یان ده‌که‌ین؟ له زماندا. به‌ڵام ئه‌مه‌ش ته‌واو و ورد یان لۆژیکی نییه. هه‌موو واژه‌یـه‌ک و رسته‌یه‌ک و پێکهاته‌ی ئه‌و واژه و مه‌به‌ستانه له رسته‌دا ده‌بنه مایه‌ی ناڕوونی. زمان له روونی و وردی راده‌کـات. هه‌موو واژه‌یـه‌ک واتا یان واتاکانی خۆی هه‌یه. به‌ڵام ژماره‌یه‌ک واتای لاوه‌کی که‌م تا زۆر شاراوه له‌گه‌ڵ خۆیدا دێنێت. شاراواییه‌کان، هاوشێوه کاردانه‌وه‌ییه‌کان، گه‌ڕانه‌وه و ئاماژه کیناییه‌کان، لێکدانه‌وه جۆراوجۆره‌کان، ره‌گه جیاوازه‌کان، واتا دوو لایه‌نیه‌کان و هیتر، هه‌موویان له زماندا بوونیان هه‌یه. زمانی قسه‌کردن له‌وانه‌یه به‌شێوه‌یه‌کی لاوه‌کی ئاماژه بێت بۆ واته دوولایه‌نه‌کانیه‌کانی قسه‌کردن. کۆمیدیایه‌ک جه‌خت له خاڵی ساده و بێ ئامانج ده‌کاته‌وه، که به‌ڕووی لێکدانه‌وه‌ی ناساده و مه‌به‌ستداردا کراوه‌ته‌وه. له‌وانه‌یه به‌شێک له وته‌کان له هه‌لومه‌رجی تایبه‌تیدا، به رێکه‌وت واتای پێچه‌وانه‌یان هه‌بێت. «پێویست به به‌خشین ناکات، له سێداره‌ی بده‌ن.»

له‌باره‌ی زمانی نوسینیشه‌وه دۆخه‌که به‌و شێوه‌یه‌یه. خوێنه‌ر ئازاده لێکدانه‌وه و نیه‌تی خۆی بۆ ده‌قه‌که زیاد بکات. وشه‌کانی سه‌ر لاپه‌ڕه ـ خۆیان شـاراوه‌ن ـ ته‌نیا ئامرازێکن بۆ لێکدانه‌وه‌کانی خوێنه‌ر. دریدا ئه‌م شیکردنه‌وه‌یه تا کۆتایی ده‌بات. بوونی جیاوازی بێ (زمانی ئیجابی) هاوشێوه‌یی (ناسنامه) به‌و واتایه‌یه که زمان له‌و چینه‌ی خواره‌وه و بنه‌مای واتا، به نزیکه‌یی به‌ته‌واوی ناجێگیره. ئه‌گه‌ر هیچ هاوشێوه‌یی یان ناسنامه‌یه‌ک بوونی نه‌بێت، هیچ واتایه‌کیش بوونی نابێت ـ واته تێگه‌یشتنی به‌یانکه‌ری

هاوشێوەیی (نێگەیشتنە ناسێنەرەکان) بە ڕاستی مەحاڵە. ئەم چینە ـ لافاوی شاراوەییەکان و گاڵتەکان، ئەو واتایانەی یەکتر لە ئامێز دەگرن و هێنر ـ لە ڕوونی ڕادەکەن. بەڵام لەم ڕێگەیەوە پەنا دەباتە بەر مێتافیزیکی ڕاستی کە ئەندێشەی ڕۆژئاوا لە هەوڵی سەپاندنیدایە. ئەو داهێنەرە دەوڵەمەندەی زمان کە لە تێکەڵی بڕیار نەدان و جیاوازیەکان پێکهاتووە، لەم چینەدا –تا سنورێک لە بێئاگایی و هزری ناوشیار دەچێت– جێگە دەگرێت.

لە مبارەیەوە نادیاری لە زماندا، دوای دەرکەوتنی ئەدەبیات، بۆ شاعیران دیار بوو. لەوانەیە هۆکاری سەرەکی پێشوازی ڕەخنەگرانی ئەمەریکا، لە ئەندێشەکانی دریدا، کاتێک بۆ یەکەمجار لە چوارچێوەی وتاردان لە زانکۆی (جۆنز هۆپکینز) ساڵی 1966 لە زمانی خۆیەوە ناسێنران، ئەمە ئەو خاڵە بوو. لە ئەمەریکا ستراتیژی دریدا لە زماندا وەک ئامرازێکی بڕەر و داهێنەر بۆ ڕەخنەگرتنی ئەدەبی داڕێژرا. ئەم ستراتیژە نیشانی دا، چۆن دەتوانرێت پەی بە جۆرەکانی واتا نوێیەکانی دەقە ئەدەبیەکان ببرێت، کە دەقە وردەکانی خۆیان، دەخوڵقێنن. ئەم ستراتیژە دەیتوانی خواستی شاراوە، مێتافیزیکە داپۆشراو و ناڕوونەکان، نهێنی دەقەکان ئاشکرا بکات. لەلایەکیترەوە پێشوازی لە دریدا لە کۆمەڵگەی فەیلەسوفەکاندا گەرموگوڕ نەبوو، بەڵام وتەی دریدا چی بوو؟

وەڵامی دریدا بۆ ئەم پرسیارە بە هەمانشێوەی زمان کە بە گەورەیی خۆی لە بەیانکردنی ورد خۆی قوتار دەکات، خۆی لە واتاکەی دەرباز دەکات. بەڵام هەرچۆنێک بێت زمان واتایەکی هەیە. لە سەرەتادا زمان وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندی کردن دروست بوو. ئەگەر ئەو پەیوەندییە نێگەیشتنیشی تێدا نەبێت وەک هاواری مرۆڤە کۆنەکان بۆ یەکتر، ئەمەش مەبەست لێی پەیوەندیکردن بووە. ئەم گواستنەوەیەش بە واتای کەم یان زۆر ورد کاریگەری زمانە. ئەدەبیات وەک هونەر، بەردەوام یاری

به زمان دەکات و لایەنی گاڵتە و گەپ و شاراوەی بەکاردێنێت. بەڵام ئەمجۆرە بەکارهێنانەی زمانیش بەکەمی بێ واتایە. دادائیزم، سوریالیزم و ئیزمە هاوشێوەکانیتر هێزیان لە واتای تێکەڵاو، پاڵنەرەکانی پێچەوانەی بنەما و بابەتی لەوجۆرە بەدەستدێنن. ئەگەر بەمشێوەیە نەبوایە دەقەکان بێواتایی هاوشێوەی ئەم دەقانەیان دەبوو. کەواتە لە کۆتاییدا شیکاری دریدا سودی چییە؟ نیشانی دەدات چۆن واتای دەقێکی تایبەت، بنەما و بنچینەی جۆراوجۆر بە گریمانە وەردەگرێت و نهێنی تایبەتی لەخۆگرتووە. ئەو نیشانی دەدات دەقێک چۆن واتای دەبێت، لەجیاتی ئەوەی نیشانی بدات ئەو دەقە چی واتایەکی هەیە. نیشانی دەدات دەقێک چۆن لە ناوەرۆکی خۆیدا کورت و سادە دەبێتەوە. ئەم شێوازی دیاریکردن و دەستبردنە بۆ پانتایی دەوڵەمەندی زمان، بەردەوام بەبابەتێکی گرنگ هاتۆتە ژماردن و لە کاری فەیلەسوفە کۆنەکانیشدا دەردەکەوێت. دریدا ئەم خاڵە بە نمونەیەکی (فایدروس ئەفلاتوون) روون دەکاتەوە. لەم وتەیەدا ئەفلاتوون ئەفسانەی توت (Theuth) خوای میسری دێرین دەگێڕێتەوە، کە تێیدا باس لە سودی شای میسر دەکات، کە دەستوپێوەندەکانی فێری نوسین کردووە. توت دەڵێت، ئەم توانای نوسینە بۆ دەستوپێوەندەکان یارمەتیان دەدات، بیرکردنەوەیان بەهێز بکات و زانیارییان زیاتر بکەن. توت پڕوپاگەندەی ئەوە دەکات، کە داهێنانی من ئەو دەرمانەیە Pharmakon کە بیر و زانست بەهێز دەکات. بەڵام شا رەخنەدەگرێت و پێی وایە نوسین کاریگەری پێچەوانەی هەیە: «ئەم داهێنانە دەبێتە هۆی ئەوەی لەبیرچوونەوە رەخنە بکاتە ناو رۆحی ئەو کەسانەوە کە فێری بوون، چونکە ئەوان بەهۆی پشت بەستن بە ئەوەی نوسیویانە، ئیتر پێویستیان بە مێشکی خۆیان نامێنێت». داهێنانەکەی توت ( فارماکۆن Pharmakon ) تەنیا بۆکاتی لەبیرچوونەوە باشە نەک بۆ مێشک. لەبارەی زانستیشەوە دۆخەکە بەوشێوەیەیە. شا رای دەگەیەنێت، نوسین

تەنیا زانستێکی روکار بەرهەم دێنێت، نەک زانستێکی راستەقینە. نوسین گومان پەرەپێدەدات، نەک زانستی راستی دەرون.

دریدا دەڵێت ئەفسانەی جێ مەبەستی ئەفلاتوون، روبەڕووبوونەوەکانی (یان ئەم، یان ئەو) لەخۆدەگرێت. نوسین بۆ بیرنەچوونەوە باشە یان نەخێر. لەگەڵ ئەوەدا دەتوانرێت نوسین هەردوویان بێت. لێرەدا دریدا تیشک دەخاتە سەر (فارماکۆن Pharmakon) ئەم وشەیە لە زمانی یۆنانیدا بە واتای دەرمانە. Pharmakon بە ئینگلیزی واتە Pharmacy دەرمانخانە. بەڵام Pharmakon دەتوانێت، بە واتای ژەهر یان جادو بێت. لەبەر ئەوە فارماکۆن مەبەستی هەردولایەنی باسەکەیە. نوسین دەتوانێت توانای لەبیر نەچوونەوە زیاتر بکات، لە هەمانکاتیشدا دەتوانێت ژەهـراوی بکات و هێزەکەی لەناو ببات. لەم شێوەیەدا، واتای فارماکۆن ناجێگیر دەبێت و ئەم ناجێگیریە جیاوازی دێنێتەئاراوە. هاوشێوەیی، روبەڕووبونەوەی دوان، یان یاسای ئەمە / یان ئەوە، دەچنە پەراوێزەوە و لەجیاتی ئەوە گومانی جیاوازی دەردەکەوێت. لۆژیکی لێکۆڵینەوەی ئەفلاتوون وردە وردە روون دەبێتەوە و لەبەرامبەردا ئێمە گیرۆدەی بڕیارنەدان، دەبین.

مایەی سەرسوڕمان نەبوو، کە فەیلەسوفە ئەمەریکاییەکان کەمترین پێشوازیان لە دریدا نەکرد. بەبۆچوونی ئەوان ئەم شێوازە لەوانەبوو، تاڕێژەیەک سـودی بۆ ئەدەبیات هەبێت، بـەڵام بەڕاستی چی بەسەر بەڵگەهێنانەوە روونەکانی فەلەسەفەدا دێنێت؟ ئەم ستراتیژە تەنیا مەبەستی ئاڵۆزترکردنی دۆخەکە و نادیارکردنی بابەتەکان، لێکهەڵوەشاندنەوە و وێرانکردنی تێگەیشتنەکان بوو. فەلەسەفە مەبەستی بوو، ئەو گومانانە نەهێڵێت. خستنە رووی دووبارەی ئەو گومانانە سودی چی بوو؟ دریدا بە دوو بەڵگە وەڵامی ئەم رەخنانەی دایەوە. لە سەرەتادا هەوڵیدا ئەو بنەما و یاسایانەی فەلسەفە لە سەریان کاردەکات، گریمانە فەلسەفیەکان

لەبارەی راستیەوە و رەمزە نهێنیەکانی ئەوان بخاتەڕوو. لە هەنگاوی دواتردا ئەوەی خستەڕوو، کە سەرجەمی زمان لە سەربنەمای وردە دەقی شاراوە دروستبووە. زمان لە لێچوون لەگەڵ هەر بابەتێکیتر خۆی قوتار دەکات و لەبەرچاو نەگرتنی ئەم خاڵە وەک لەبەرچاو نەگرتنی تەواوی وەدەوڵەمەندی زمان وایە. تەنیا فەیلەسوفەکان بەرامبەر ئەم لێکۆڵینەوەیە بێدەنگ نەبوون. زانایانیش بە هەمانشێوە پشتگوێیان خستووە. یاسایەکی زانستی تا کاتی هەڵوەشاندنەوەی کاری پێدەکرێت، بەڵام ئەم هەڵوەشاندنەوەیە ناتوانێت لە رێگەی پێشکەشکردنی داپۆشینی وتە و زمانەوە بێت. یاساناسان و زانایانی سیاسی، لێکۆڵینەوەکانی دریدایان وەک گاڵتەوگەپێک رەتکردەوە. وەک ئەوەی دریدا خستبویەڕوو: هەریەکێک لەم زانستانە لە جێگەی خۆیدا بنەمای خۆی هەبوو. بەڵام ئەوەی کە تا چی رێژەیەک ئاگاداری ئەم بابەتە بوو، هەروەها ئەم بابەتە چەندێک گرنگی هەبوو، بابەتێکیتر بوو.

دریـدا هۆکاری بەڵگەهێنانەوە یان تێڕوانینی فەلسەفی خۆی (هەڵبژاردنی پێناسەی بۆ ئێوە) بە بنەماشکێنی ناوبرد. ئەم ناونیشانە، کاری دریدا ئاڕێژەیەک بە وردی شیدەکاتەوە. ئەو ئەوەی کە پێشتر بەشێوەیەکی لاوەکی لە دەقێکدا کۆکراوەتەوە، تێکدەشکێنێت. بەمشێوەیە مانەوە و گەورەیی دەقەکە لەناودەچێت. دەق لەجیاتی واتایەک، واتای زیاتر پەسەند دەکات. دوای یەکەم وتاردانی دریدا لە زانکۆی جۆنز هۆپکینزی ئەمەریکا، بنەماشکێنی، بەخێرایی بۆ خوێندنگەی باوی رۆژانەی جیهانی رۆشنبیری گۆڕا. وەرنەگرتنی بڕیار، سەرگەردانی، جیاوازی و هتد...... بەخێرایی بۆ دروشمەکانی رۆژ گۆڕان و بوونە مۆدیلی نوێی زانکۆیی. زانکۆکانی جۆنز هۆپکینز و ییل، بە ئاسەوە بنەماشکێنیان گرتە ئامێز و باوەڕیان پێهێنا، بەڵام دامەزراوە پەروەردەییەکانیتر، بەهەمان ئاسەوە رەتیان کردەوە. ئەم دوو دەستەیی و کەلێنە لە زانکۆکانی ئەمەریکادا، بەخێرایی بۆ سەرتاسەری

جیهان تەشەنەی کرد. بە گشتی فەیلەسوفە فەڕەنسی و ئەوروپاییەکان، ئامەزرۆی بیستنی وتەکانی دریدا بوون. ئەمەش لەکاتێکدا بوو، کە بەریتانیا و وڵاتە ئینگلیزی زمانەکانیتر گرنگیان بە لێکۆڵینەوەکەی نەدا. ئەم بەسادەیی روانینەی دوولایەنە لە بەشەکانی زانکۆ کاردانەوەی جۆراوجۆری هەبوو. پەیڕەوانی دریدا، زۆرتر لە بواری فەلسەفە و رەخنەی ئەدەبیدا چالاک بوون، زانستی بیرکاری و فیزیک لێکۆڵینەوەکانی دریدایان بە بێ واتا لەقەڵەمدا. لە ژێردەسەڵاتی رێژەیی، جێگەیەک بۆ نارێژەیی نەبوو.

لە مانگی 1968/5دا پاریس خۆپیشاندان و نارەزاییەکی زۆری بە خۆیەوە بینی. خوێندکاران رژانە سەرشەقامەکان و روبەڕووی پۆلیس بونەوە و کەناری چەپی روباری (سن) بوو بە شانۆی نائارامی توند و ئاژاوەی بەردەوام. خوێندکاران بەرامبەر گازی فرێسک ڕێژ و ئۆتۆمبێلە ئاوپرژێنەکان بەرگریان کرد و سەنگەریان دروستکرد و بەردیان دەهاویشت و لە ئەنجامدا (سۆربۆن)یان داگیرکرد و ناوەندی پاریس و باشوری روباری (سن)یان کۆنترۆڵکرد. بە خێرایی نائارامیەکان بۆ سەرجەم زانکۆکانی فەڕەنسا پەرەی سەند و لە چەندین کارگەی گەورە مانگرتنی خۆڕسکانە، وەک هاودەردی بۆ خوێندکاران بەڕێوەچوو. وڵات تووشی بێدەنگیەکی راستەقینە بوو. لەگەڵ ئەوەی زۆر کەسایەتی پشتیوانیان لە خوێندکاران دەکرد، بەڵام لەوەش دەترسان حکومەت بڕوخێت. بڵێسەی تووڕەیی و توندوتیژی گەنجان دەرەنجامی ساڵێکی زۆری حکومەتی دیکتاتۆری بوو، ئێستا دوای 10 ساڵ دەسەڵاتداری باوکسالارانەی جەنراڵە پیرەکە (شارل دیگۆل)، ئیتر لاواز ببوو. لە ئەمەریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا و جێگەکانیتر، گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و کەلتوری دەیەی شەست، بەڕێوە بوو. ڕێپێوانە جەماوەریەکان دژی چەکی ناوەکی و شەڕی ڤێتنام، شۆڕشی دابونەریتی کۆمەڵایەتی هاوشانی لە دایکبوونی میوزیکی راپ و دەرکەوتنی بزوتنەوەی (هیپی)، هەروەها دەرکەوتنی خۆشگوزەرانی

دوای شەڕ، گۆڕانکاری کەمیان لە کۆمەڵگەی فەڕەنسادا دروستکردبوو. لەم نێوەندەشدا، سیستمی پەروەردە کۆنترۆڵی توندی تایبەتی لەسەر گەنجان هەبوو. بەرنامەی پەروەردەیی خوێندنگەکان زۆر توند بوو، لە کۆتاییشدا بە تاقیکردنەوەی کۆتایی ترسێنەر، بەکۆتا دەگەیشت و سەرکەوتن یان شکستی ژیانی دیاری دەکرد. لە راستیدا بەرنامەی پەروەردەیی، بەشێوەیەک جێگیر و سەپاو بوو، کە وەزیری پەروەردە دەیتوانی دڵنیابێت لە کاتژمێرێکی دیاریکراوی رۆژێکی تایبەتدا، کام لاپەڕەی کام کتێبی وانەکە لەپۆلەکانی گشت وڵاتدا دەوترێتەوە. لەبەرامبەردا دۆخی خوێندنی باڵا زۆر خراپ بوو ـ کەمی ئامراز و ئامێری کۆن و لەناوچوو، هۆڵەکانی خوێندن بەشێوەیەک پڕ بوون، زۆربەی کات نیوەی خوێندکاران نەیاندەتوانی بچنە هۆڵەکانەوە، یەکەکانی خوێندن ڕێکنەخراو و بێ سود، مامۆستا پیر و نەشارەزاکان وانەکانیان دەوتەوە و ئاستی ژیانیش نزم بوو.

دەرکەوتنی شەپۆلی نوێی بیرمەندانی دوای ـ سارتەری پاریس – لەوانە فۆکۆ، بارت، دریدا، و ئەوانەیتر، کە هاوکاری بڵاوکراوەی (تل کل) یان دەکرد – ئاماژەی رەخنەی رۆشنبیرانەیە بۆ پووچی و نەزۆک بوونی کۆمەڵگەی فەڕەنسا –. تێگەیشتنی هەندێک لە زیادەڕەویەکانی ئەم جوڵانەوەیە، لەم دۆخەدا ئاسانترە. پێداگری دریدا لەسەر سێڵاوی زمان کاتێک درکی پێدەکرێت، کە بەرامبەر زەمینەیەکی حوکم و فەرمانی دیکتاتۆرانەی سیستمی پەروەردەیی فەڕەنسادا ببینین. جەختکردنەوەی لەسەر (جیاوازی) زمان، لەجیاتی هاوشێوەیی واژەکان لەگەڵ ئامانجەکان، نەریتی زمانناسی باوی هەڵدەگێڕایەوە. ئەم سوننەتە سنوری دەسەڵاتی تایبەتی فەرهەنگی فەڕەنسایە و بووە: هەروەها ئەو فەرهەنگە جەخت لەسەر دەرکردنی بەیاننامەکان دەکاتەوە، لەبارەی پاکی و یەک دەستی زمانی فەڕەنسا (لەوانە رێگری لە هاتنە ناوەوەی وشەی ئەمەریکی و ئینگلیزی) و

واتای وردی واژە فەڕەنسیەکان، ئەم کۆت و بەندانە جۆرێک هەستی قوڵی سەرکوتکردن دەگوازنەوە. سنورداری لەمشێوەیە کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوەی تاک دەبێت و دەڕژێنە هزری تاکەوە. ئینگلیزی زمانەکان، کە هیچ هەڕەشەیەک لەسەر زمانەکەیان نییە و رۆژانە زیاتر هەژمونی خۆی بەسەر زمانەکانیتردا دەسەپێنێت، ئەزمونی کەمیان لەم بارەیەوە هەیە یان لە بنەڕەتدا هیچ ئەزمونێکیان لەم بوارەدا نییە. لە راستیدا زمانی ئینگلیزی هاوتەریبی بەرفراوانی خۆی، لە رووی توانایی، سازگاری و کێشکرن و بەرگری بەدەستهێناوە. (لەبەرامبەردا ئەگەر زمانی عەرەبی لەبەرچاو بگرین: دەقە عەرەبییە کلاسیکیەکان لە مەغریبەوە تا فیلیپین درکیان پێدەکرێت، بەڵام شێوازی ئاخاوتنی زمانی عەرەبی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر جیاوازە و تێگەیشتنی ئەستەمە.) تا بگەینە ناوەندی سەدەی بیستەم، ئینگلیزی ئەمەریکیی بە بەراورد لەگەڵ ئینگلیزی بەریتانیی گیانێکی تازەی بەبەردا هاتبۆوە، کە لە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیادا زیاتر لە یەک لەسەر سێی زەوی قسەی پێدەکرد و بە زمانی ناوبژیوان دادەنرا. هەروەها بە ئەگەری زۆر هەمان ئینگلیزی بەریتانی، ڕێژەیەک لە بنەما و رەوانبێژی پێشکەشی جۆرەکانیتری زمانی ئەمەریکی و هیندی و ئوسترالی و ئەفەریقی کردبوو، هەروەها سەرجەم ئەو جۆرە جیاوازانەی بەیەکەوە گرێدەدا. ئەم راستیە، بۆتە هۆی ئەوەی زۆربەی رەخنەگرانی ئەمەریکایی دریدا، رەخنەکانی لە زمان و پێویستییە فەلسەفیەکانی بەگرێ نەدراو بە جیهانی ئینگلیزی زمانەکانەوە هەڵبسەنگێنن. لەسەرەتاوە دەزانین زمان چۆن دەتوانێت ژیانی سەربەخۆی خۆی بدۆزێتەوە و ڕێگەی خۆی بگرێتەبەر، یان واژەکان چۆن دەتوانن ئاوازە نوێیەکان یان واتای تەواو نوێ لەخۆبگرن. ئەوەندە بەسە واژەکانی وەک (gay, freak, challenged) بیربێنەوە بۆ ئەوەی بۆمان دەرکەوێت زمانی ئینگلیزی چۆن لەدۆخی گۆڕان و لەبەر رۆیشتندایە. دریدا لەزۆر لایەنەوە

بۆ ئەو ئازادیە شەڕی دەکردو کە ئینگلیزی زمانەکان بە ئاشکرایان دەزانی. لەگەڵ ئەوەشدا بەدەستهێنانی ئەو ئازادیە، بێگومان ئامانجی سەرەکی نەبوو – ئامانجی سەرەکی دریدا دەرخستنی ئەو خاڵە بوو، کە زمان بەگشتی لەبەری دەڕواتە و ناجێگیرە.

دریدا لەسەرەتای روداوەکانی مانگی 1968/5وە رۆڵی چالاکی هەبوو، لە ڕێپێوان و مانگرتنەکاندا بەشداری دەکرد. ئەنجومەنێکی لە خوێندنی باڵا دامەزراند، کە لێکۆڵینەوە و گفتوگۆی ئـازادی نێوان خوێندکارانی زانکۆ، کارمەندانی زانکۆی هاوڕا، رۆشنبیرانی بەناوبانگ و نوێخواز، کە نەیاندەویست لە کاروانەکە جێبمێنن، لەخۆدەگرت. سارتەریش لە یەکێک لەم ئەنجومەنانە لە سۆربۆن ئامادە بوو، بەڵام زۆر بەخێرایی هوهایان لێکێشا و وەک ناڕازی بوون ڕێگەیان لە وتەکانی گرت. سارتەر هاودەدری بۆ خوێندکاران دەردەبڕی، بەڵام لە راستیدا پەیوەندی خۆی بەم نەوەیەوە لەدەستدابوو. بە تەمەنترەکان هیچ وێناکردنێکی وردیان بۆ ئامانجەکانی گەنجان نەبوو. دریداش زوو لە ئانارشی و نادیاری خواست و وتە و پۆپۆلیزم و بێ فەرهەنگی و دژایەتی هونەری، زۆرینەی خۆویستانەی بزوتنەوەکە دوورکەوتەوە. گروتینی گەنجانە، کە لەسەر دیوارەکان نوسرابوو (لەژێر شەقام، کەنارێک شاراوەیە)، (سبەی روناکی ئەمڕۆیە)، (ئێمە نوسینەکانی سەر دیوارین، جێگەی بۆ بەرنامەیەکی رۆشنبیرانە نەدەهێشتەوە. (سارتەر لەتوانایدا نەبوو درک بە ئەم خاڵە بکات.) دریدا هاوسۆزی بۆ بزووتنەوەکە نیشان دەدا، بەڵام ئیتر زۆر دەرنەدەکەوت. لە دۆخی ئاشوبی ئەو کاتەدا، چی پێبوو بیڵێت؟

جیهانی نوقمبوو لە سەرسوڕماندا دەبینی، پایتەختە فەرهەنگیە گەورەکەی بۆ کەرنەڤاڵێکی ئانارشیستی گۆڕابوو. لەم نێوانەدا دیگۆل ترسا و بە نهێنی رایکرد بۆ ئەڵمانیا، بۆ ئەوەی لەگەڵ فەرماندە سەربازیەکانی (کە

فەرماندەیی سوپای داگیر کاری فەڕەنسایان لە ناوچەی فەڕەنسی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا لە ئەستۆ بوو) راوێژ بکات. دیگۆل پشتیوانی سوپای بەدەستهێنا و شۆڕشی بێ بەرنامە و ڕێکنەخراوی گەنجانیش، کاتێک خوێندکاران بۆ بەسەر بردنی پشوو بەرەو دورگەکانی یۆنان ڕۆیشتن، دامرکایەوە. بەڵام ئەوان لەسەرەتادا وانەیەکی گەورەیان فێری سیستمی کۆن کردبوو. ئیتر سەردەمی کۆن بەسەر چووبوو. پاش ساڵێک دیگۆل دەستی لەپۆستەکەی کێشایەوە، دوای ساڵێک مرد. فەڕەنسا پێینایە جیهانی مۆدێرنەوە و ڕێڕەوی دیموکراسی پۆپۆلیستی و فەرهەنگی گەنجانی گرتەبەر. موچەی زیاتر بە کرێکاران دەدرا و خوێندکاران مافی دەربڕینی ڕا و بڕیاردانیان لە سیستمی پەروەردەدا بەدەستهێنابوو. وتاردانەکانی دریدا لە (کول نۆرماڵ سوپریڤر) بەردەوام لایەنگری زیاتر دەبوو. رۆشنبیرێکی جوان و شیکپۆش لەگەڵ قژە سەرنجڕاکێشەکانی بەخێرایی بووە بتی لایەنگرانی.

بەڵام ئەم دۆخە تەنیا بە پەرێشان کردنی سنوری بزواوی ژیانی رۆشنبیرانەی پاریس فەراهەم بوو. لەسەرەتادا، دریدا لەگەڵ تێڕوانینەکانی بیرمەندی سەردەمی خۆی، فۆکۆ هاودەردی نیشاندا. فۆکۆش بەو سەرە تاشراوە بەناوبانگەی، چاویلکەی مۆدی رۆژ، چاکەتی یەخە کراوە، ڕێکوپێک و شیکپۆش بوو. تێڕوانینی ڕێژەیی فەرهەنگی فۆکۆ لەگەڵ تێڕوانینی ڕێژەیی زمانی دریدا سازگار بوو. هەردوکیان بە ڕێبەری بزوتنەوەی ناسراو بە Post structuralism دەناسران، بزوتنەوەیەک کە سەرجەم پرۆسەکانی ناسینی بە دەق (واتە لەخۆگری لێکدانەوەی ڕێژەیی بۆ دەق) دادەنا. مێژوو، دەروونناسی، فەلسەفە، مرۆڤناسی، ئەم بەشانە بەبەراورد لەگەڵ تێگەیشتنەکان، زۆرتر لەگەڵ واژەکان کاریان دەکرد. بەگومانی فۆکۆ، سەرچاوەی ئەمکارە دەگەڕایەوە بۆ نمونەکانی paradigms دانایی، کە لە پێکهاتەی خۆیاندا توانایان هەبوو. ئەم نمونانە دروستبوونیان دەبەخشیە زانستی ئەندێشەی

هەر سەردەمێک، ئاماژەیان بە ڕێگەکانی بیرکردنەوەی ئەو سەردەمە دەدا و ئەمجۆرە بابەتی بیرکردنەوەیەی ئەو سەردەمە، ئامانجی ئەو ئەندێشەیە، هەروەها بۆشایی بەتاڵی ئەو ئەندێشەیەی دیاری دەکرد و ڕێگەشیان لە ئەگەری بیرکردنەوە لە هەندێک بابەت دەگرت. بۆ نمونە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە پێیان وابوو جیهان لە زەوی و هەوا و ئاگر و ئاو و ئاوێزان بوونی ئەوان پێکهاتوە، مەحاڵ بوو بیر لە گەردیلەی ناوەکی بکرێتەوە. لەگەڵ هاتنی هەر سەدەیەکی نوێدا، وەک هاتنی سەدەی هزری دوای رێنیسانس – نمونەیەکی تەواو نوێی ئەندێشە جێگیر بوو. فۆکۆ (دیکارت)ی بە نیشانەی سەردەمی هزر دەزانی. دوای ئەوەی دیکارت، هزری بۆ گومان بردن بە هەموو شتێک و شیکردنەوەی بوونی خود (بەشێوەی لاوەکی دڵنیاییەکانی سەردەمی پێشووی و نمونە پەیوەندیدارەکان بە ئەوەوە) بەکارهێنا بوو، گەیشتبووە دڵنیایی بنەڕەتی خۆی: (بیردەکەمەوە، کەواتە هەم.) بەڵام دریدا شیکردنەوەی فۆکۆی پەسەند نەکرد. فۆکۆ بەبەکارهێنانی زمانی هزر بۆ باسکردنی شێوازی دیکارت، نمونەکانی سەردەمی هزری Rationalism پەسەند کردبوو. لە راستیدا گومانی دیکارت بێ ئەوەی بخوازێت یان بزانێت، پێکهاتەی هەمان ئەو هزرەی لاواز دەکرد، کە مەبەستی بوو بیخاتە سەر تەخت. ئیتر دەکرا گومان لە هزریش بکرێت. دەقی دیکارت ئەگەری لێکدانەوەی بە بنەماتری لە لێکدانەوەی فۆکۆ هەبوو. گریمانەی ئەوەی ئەندێشە دەتوانێت سود لە زمانێک وەرگرێت، کە لە دەرەوەی ئەو زمانەی باسی دەکات دابنرێت، خەیاڵێک زیاتر نەبوو.

وەک چاوەڕوان دەکرا، کاردانەوەی فۆکۆ بەرامبەر ئەو رەخنەیەی کە سەرجەم پرۆژەکەی (هەروەها هەر پرۆژەیەکی فکریتر) لەبنەڕەتەوە لاواز دەکرد، توندوتیژانە بوو. بەبۆچوونی فۆکۆ هێرشی رەخنەگرانەی دریدا تەنیا لەئاست کایەی رۆشنبیرانەدا بوو. ئەم مقۆ مقۆیانە، ئەنجامەکەی بە دوو

دەستەیی سەرجەم جوڵانەوەی Post structuralism کۆتایی هات. لەگەڵ ئەوەی فۆکۆ پێی لە سەر دەق دادەگرت، بە تایبەتی بەڵگەی مێژوویی، دووبارە جەختی دەکردەوە لەسەر ئەوەی شیکردنەوەی پێکهاتەی توانای یەکگرتوو لەگەڵ دەقێکی تایبەتیدا، ئەگەری بوونی هەیە. ئەو نمونەیەی کە نوسینی خۆی کۆنترۆڵ و دیاری دەکرد، ئاماژە بوو بۆ سیستمێکی دەسەڵاتی سیاسی. ئەم دەقە مێژووییە توانای لێکدانەوەی تایبەتی بەدەستەوە دەدا. دریدا جەختی لەسەر ئەوە دەکـردەوە، کە دەقی مێژووییش وەک هەر دەقێکیتر، لەبەر ڕۆشنایی لێکدانەوەی هەژمار نەکراودایە. تێڕوانینی سەرەکی هەر بەڵگەیەکی مێژوویی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکیتر دەگۆڕێت. ئەم هەڵێنجانە لەوانە بوو دەق لە بەندی تەنیا لێکدانەوەیەکی بەهێز و متمانەپێکراو ڕزگار بکات، بەڵام دریدای دەخستە بەر ئەو تۆمەتەی، کە بەمشێوەیە لە روکاردا هەر لێکدانەوەیەک بۆ دەقێک پەسەندە.

جیاوازی تێڕوانینی دریدا لەگەڵ هاوسەردەمە پاریسیەکەی (رۆلان بارت)، لە بنچینەوە کەمتر توند و ئاشکرا بوو. بارت بەرگریکاری نیشانەناسی Typology بوو. نیشانەناسی لەبەر رۆشنایی واتای پلەی دووەم یان لاوەکی، لە دەقی دەکۆڵیەوە. ئەو رۆشنبیرە بێ ئاگایانەی دەقیان بە مەبەستی دۆزینەوەی مەبەست و نیەتەکانی نوسەرەکەی دەخوێندەوە، بە بیرکورت و ناشایستە دادەنـران و وەدەرنـران. واتای راستەقینەی هەردەقێک لە شیکردنەوەی سیمبول و نیشانە گرێدراوەکاندا شاراوەیە، کە پێکهاتەکەیان لە ژێر روکاری ئەو دەقەدا شاراوەیە. بارت ئازایانە ئەم شیکردنەوەیەی بردە ئەوپەڕی دەقە فەلسەفی و ئەدەبیەکان، هەروەها بۆ سنورە جۆراوجۆرەکانی وەک مۆدە، بورجی ئیڤڵ و کەشتیش (جێگەیەک کە هەموو جۆرە نیشانە گرێدراوەکان دەتوانرێت لە ژێرەوە، کە خەریکی مشتومڕ و کێشمەکێشن لەگەڵ یەکتر ببینرێن) بەرفراوان بکرێت.

ئەم شێوازی شیکردنەوەی دەقە، لای بارث بە راگەیاندنی (مردنی نوسەر) دانرا. ئەوەی نوسەری دەقەکە دەیڵێت، گرنگ نییە. نوسەر تەنیا بەرهەمهێن یان دروسنکەرێکی فەرهەنگییە: بەرهەمی قۆناغەکان، چین، رەگەز، چاوەڕوانی و حەزە دیاریکراوەکان لەلایەن کۆمەڵگەوە، .... هیتر. شیکردنەوەی بارث لە باشترین دۆخدا نیشانی دەدا، کە چۆن روکار و شێوازی زمان دەتوانێت پێکهاتەیەکی نهێنی گریمانەکان داپۆشێت و ببێنە هۆی ئەوەی ئەم گریمانانە بە دەسنکرد (سروشتی)، جیهانگیر، یان حاشا هەڵنەگر دەرکەون. بۆ نمونە ئەم شیکردنەوەیە لەبارەی رۆمانی بۆرژوایی و بەها فەرهەنگیە بێ چەند و چونەکان، کە ئەم رۆمانە پشتی پێبەستبوون، راست بوو.

دریدا هەستی پێچەوانەی بەرامبەر تیۆری (مەرگی نوسەر) هەبوو. بە دڵنیاییەوە ئەو بەهۆی دەرخستنی گریمانە نهێنیەکان و نیشاندانی ئەوەی چۆن (راستەقینەکانی جیهانی رەوا و رەها) سەرچاوەگرتوون لە بەها بۆرژواییەکان، لەڕاستیدا شتێک زیاتر لە گریمانەکان و لەپێشدا حوکمدراوەکان نین، دەستخۆشی لە بارث دەکرد. تێڕوانینی بارث لەگەڵ ستراتیژی بنەماشکێنی خودی ئەودا سازگار بوو. لەم شێوازی روبەڕوو بونەوە لەگەڵ دەقدا، شایەنی زیاتر لە ئامادەبونی باڵایی Transcendental مێتافیزیکی رۆژئاوای ئاشکرا دەکرد. پێویست بوو مرۆڤ بوونی پاکی ئەوجۆرە راستەقینانە، بەردەوام ئاشکرا بکرێن. لەلایەکیترەوە دریدا هەموو گریمانەیەکی لەمجۆرە، کە ئەم رەخنەیە خۆی دەتوانێت لە مرۆڤگەرایی تێپەڕێت و بە زاراوەی فەڕەنسی ئایدۆلۆژیای هیومانیستی جێگە بگرێت، یان ئەوەی رۆژێک دەتوانرێت بە حوکمی تەواو رەها لە کۆتی هیومانیزم و حوکمدراوە حاشا هەڵنەگرە پەیوەندیدارەکانەوە پێی بگات، مەحکوم دەکرد. ئەمکارە مەحاڵ بوو. خودی ئەو زمانەی ئەم رەخنەیەی تێدا بەیان دەکرا، هەڵگری نیشانەی گریمانەی

ئەو هیومانیستیە بوو، کە ئەم ڕەخنەیە پشتی بە بنەماکانی بەستبوو، بەدرێژایی مێژوو شانازی بە هەمان ئەو بنەمایانەوە کردبوو. لەوانەیە ئەم هەڵێنجانە وا دەرکەوێت بە ڕێژەیەک لەخۆیدا گرفتاری دووریە، بەڵام خاڵی سەرەکی بە تەواوی روون نییە. ئێمە لەناخی دووری وتارەکانماندا گرفتارین. وتاری ئێمە بەردەوام دوای ئەو زمانە دەکەوێت، کە سودی لێوەردەگرین. هەرگیز ناتوانین لە پێویستی دەنگدانەوەی هیومانیستی زمانمان بچینە دەرەوە. ئەمکارە لەوانەیە لەبەر رۆشنایی هەر وێناکردنێکی راستەقینەی شاراوەدا، لەوپەڕی تێگەیشتنە وەرگیراو و پەسەندکراوە گشتیەکان، وەک نائومێدکەر، بێتە بەرچاو. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا راستەقینەی جێ مەبەستی دەرەنجامەکان و پێویستیە دیاریکراوە دڵخۆشەکەرەکانیش هەن. راستەقینە وەک ئەوەی ئێمە دەیناسین و هەمان ئەو تاکە شتەی دەتوانین بیناسین، پێویستە مرۆڤگەرایانە (هیومانیستی) بمێنێتەوە. پێویستە (هی مرۆڤ، بۆ مرۆڤ) بمێنێتەوە. جێگەی داخە وەک ئەوەی باوەڕدارانی مێتافیزیک و دائیزمەکان Deism، بەردەوام بەخێرایی رایانگەیاندووە، دەتوانرێت ئەم پڕوپاگەندەیە لەبارەی ئەو گریمانەی مێتافیزیکی و ئایینیەی کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەشێک بوون لە زمان، بخرێتەڕوو. دریدا دەڵێت پێویستە ئێمە لە کۆت وبەندی ئەم ئامادە بوونە رزگارمان بێت و لە هەمانکاتدا پێیوایە ئێمە هەرگیز ناتوانین لە کۆت و بەندی ئامادەبوونی هیومانیستی رزگارمان بێت. تێگەیشتنی ئەوەی چۆن دەتوانێت ئەم دوو بابەتە بخاتەڕوو قورسە – مەگەر لە سنوری (لێکدانەوەی ئازاد) کە ئەو بەرگریکاریەتی و لەوانەیە لە چوارچێوەی ئەوەدا بتوانرێت، لەگەڵ خۆی دژ بێت.

لە کۆتاییەکانی دەیەی 1960دا دریدا بەرەو ئامادەبونێکی ناودار و روخسارێکی ناسراو دەگۆڕا. لەهەردوولای زەریای ئەتڵەس خەریک بوو بنەماشکێنیەکانی بۆ باوی رۆژ دەگۆڕان – بەهەمان ڕێژە بابەتی لێکۆڵینەوە بی

کۆتاییەکان –. فەیلەسوف و زانایان، تەنیا کەسانێک نەبوون کە ئەندێشەکانیان وەک لێکۆڵینەوەی روون، زۆر ئاڵۆز، یان شاراوە و بێواتا رەتدەکردەوە. (مامۆستایەکی ناسراوی ئینگلیزی ئەوەندە بەرەو پێشچوو، کە کاری بیری دریدای بە لەخۆگری هەرسێ تایبەتمەندی ناوبراوی لەقەڵەم دا – ڕێکخستنێک لەوانەیە دریدا خۆی دووربوو، بتوانێت بەرامبەر بنەماشێکنیەکانی خۆی بگرێت.) لەهەمانکاتدا خوێندکارانی پێشووی دریدا لە کاریگەری بەرفروان، زۆر زیاتر لە سنورەکانی ییل و پاریس سودمەند دەبـوون. بەڵام هێزە کۆنەپەرستەکان لەکاری ڕێکخستندا بوون. لە زۆربەی زانکۆ دێرینەکانی هەر دوو بەری زەریای ئەتڵەسی، جێگەیەک بۆ بنەماشکێنیەکان نەمابووەوە. مەرگی نوسەر، دەیتوانی لەجێگەیەکیتر روو بداتـ، بەڵام لە مەرگی ئەم نوسەرانەدا زیاد لە پێویستـ زیادەڕەوی کرابوو. ساڵی 1970 دایکی دریدا لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا، بە نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دواییکرد. دوای ساڵێک، دریدا بۆ یەکەمجار دوای سەربەخۆیی جەزائیر گەڕایەوە ئەو وڵاتە و زنجیرەیەک وتاری لە زانکۆکانی جەزائیر پێشکەش کرد. لەماوەی مانەوەیدا سودی لە هەلی پێشهاتوو وەرگرتـ و سەردانی شوێنی لەدایکبوونی ڤێلای کەناری دەریا و باخچە ساوایانەکەی و زۆربەی شوێنی یادگاریەکانی سەردەمی منداڵی کرد. (نۆستالیژیا)ی لەمەودوای، لەژێرکاریگەری کۆچی دایکیدا توندتر و قوڵتر بووەوە. لەو سەردەمە بەدواوە، ئاماژەی رەمزیی بۆ جێگەکانی ژیانی پێشووی و بەیانی ئاماژەکردنی هەستەکانی بەرامبەر ئەو جێگایانە، لە بەرهەمەکانیدا بەردەوام دوبارە دەکردنەوە. بەڵام هۆکاری ئەم شاراوەیی و ئاڵۆزیە چی بوو؟ ئەویش لەکاتێکدا شتێکی بۆ شاردنەوە نەبوو، بە ئاشکرا بەیانکردنی ئەو هەستانەی ئەوانی بەبچوک نیشان دەدا. هەوڵ بۆ گونجاندنی ئەم هەستانە، لە قاڵبی ئەو وشانەی بێگومان کەلێنیان دەخستە نێوان ئەو و ئێستای یادەوەریەکانی لە گرتینیانی کەمدەکردەوە.

جارێکینر (فارماکۆن) سەردەردێنێنەوە، بیرەوەریمان دەرمان و ژەهراوی دەکات، خیانەتی لێدەکات و دوبارە ناچار بە کارکردنی دەکات. (فارماکۆن) یان نوسین وەک جۆکەر دەبێت، پێکهاتەیەکی پێشبینی نەکراو و نادیار لە کۆمەڵێک کاغەزدا، کە دەتوانێت هەر واتایەکی هەبێت. واژەکان بەیانکەری جیاوازن، نەک هاوشێوەیی. لەجیاتی ئەوەی بزانین واژەکان دەتوانن چی واتایەکیان هەبێت. دریدا دەخوازێت یادەوەریەکانی تازە و وەکخۆی بهێڵێنەوە: بەمشێوەیە هۆی شاراوەی خۆویستی نوسینەکانی ژیانی روونتر دەبێتەوە.

بەرهەمی دواتری دریدا، گرێدراوی توندی ئاشکرا و روونی لە زماندا نیشان دەدا. ساڵی 1972 جارێکینر 3 کتێبی هاوکاتی بڵاوکردەوە: کەنارەکانی فەلسەفە، بابەتەکان (لە چەند چاوپێکەوتنێک پێکهاتبوو)، بەرهەمهێنان (سودوەرگرتن). دوا کتێبی، هەواڵی ئەو ڕێڕەوی دەگەیاند، کە ئەندێشەی دریدا لەو کاتەدا گرتبویەبەر. ئەم کتێبە جارێکینر ئەم باسە دێنێتەوە پێش، کە دەقێک هیچ واتایەکی تاکی جێگیری نییە. ناتوانرێت لە دەقێکدا بەرامبەر هێزی واتا جیاوازەکان، ئاڵۆزی دوو واتایی، هاوشێوەییە وێناییەکان بەرگری بکات. ئەم دۆخی سودوەرگرتنی واتاکان لە ئەنجامدا دەبێتە مایەی لێکدانەوە جیاوازەکان. دریدا جەخت لەو راستییە دەکاتەوە، کە لە واژەی dissemination دەنگدانەوەی واژەی seme هەیە، لە یۆنانی دێریندا بە واتای (واتا) بوو ( هەروەها واژەی semantics بە واتەی واتاناسی ئەو هاتووە). هەروەها رایدەگەیەنێت ئەم واژەیە نیشانەی seme بە واتەی (واتا)ی لەگەڵدایە و بەمشێوەیە، واتا دەبەخشێتە دەرەوە. ناوی لێکۆڵینەوەی کۆتایی کتێبی بەرهەمهێنان (بەرهەمهێنان) بوو. دریدا خۆی بە شانازیەوە رایگەیاند کە دەقی ئەم لێکۆڵینەوەیە نهێنیەکە ناکرێتەوە و ناخوێندرێتەوە و بەمشێوەیە رەخنەگرانی بەدبەختی دەستبەسەر کرد. بەڵام بەداخەوە!

چونکە دریدا لەم دەقەدا گەیشتبووە بەرزترین ئاستی دەقایەتی ـ کایەی جیاوازییە واتاییەکان، دوو واتایی و هاوشێوەیی، بڕیارهەڵنەگر و ... درک پێنەکراوی هەتایی ـ بەدەستهێنابوو. بەڵام بەڕێکەوت دوو نمونەی دەقەکە، سەرەتا ناوی بەشێک لە وەرزێک: (پێکهاتەی دوانی فەرمانی سەرو ئێستا) و دێڕێکیتر: «بەمشێوەیە، بێبەشی خاوەندارێتی بە تەواوی لە ڕێگەی پەراوێزی رەمزی ئاواز، لە ڕێگەی دانانی نێوان، کە ئەو ئاوازی مەبەستە دەپچڕێنێت، یان بە بەیانکردنێکی وردتر تەوەرەکان دێنێتە دەرەوە، بەرە و پێشناچێت، بێبەشکردن لە خاوەندارێتیش، بەڵگەی ناو ئاوازە.»

هیچ گێڕانەوەیەکی کورت ناتوانێت مافی بابەتەکە لەبارەی ڕێژەی دووری دەقی دریدا لە هەر واتایەک ـ هەرجۆرە لۆژیکێک، هەر جۆرە عەقڵانیەتێک ـ بە تـەواوی بـدات. بەمشێوەیە هەر جۆرە هەوڵێک بۆ شیکردنەوەی ئەم دەقە مەحکومە بە شکست. لە راستیدا لە دیدی نوسەری ئەم دەقەوە ئەنجامدانی ئەمجۆرە کارە تەنیا لێدانی زەبرە لە پەیکەری ئەو. هەوڵدان بۆ لێکدانەوەی واتای ئەم دەقە، تەنیا واتا پێشوەکانی کە لەوانەیە دەقەکە هەڵگریان بێت، هەروەها ئەگەری لێکدانەوەی داهاتوو لەناوببات. هەر واتایەکی ئێستای سەپێنراو بەسەر دەقەکەدا، دەتوانێت ئاڵۆز بێت و هەوڵدەدات بۆ ئەوەی ئامادەبوونی واتایەکی رەها یان راستیەکی ئازاد، بۆ جارێکیتر بەسەر دەقەکەدا بسەپێنێت ـ بێگومان ئەمەش هەڵەیە.

یان لە قاڵبی وتەی بێ هاوتای خودی مامۆستا: «نوسراو، هەرجارێک، وەک نائاشکرایی ئاشکرا دەبێت، وەک پاشەکشێ، پاکبونەوە، راکردن، بەرەولێکۆڵینەوە.» لەوانەیە ئەمانە هەمووی بە شیکردنەوەی چی بوونی ئەم دەقە و چۆنێتی دروستبوونی رۆشنتر بێت.

ئەم بەناو وتارەی دریدا، لە راستیدا رەخنەیەک لە کتێبی (ژمارەکان) بوو، کە لە نوسینی (فیلیپ سولرس) نوسەری پاریسی هاوچەرخ و ئەندامێکیتری

گروپی تل کول بوو. لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکە بەرونی رایدەگەیەنێت، کە ژمارەکان رۆمانێکە. کتێبەکە بە پێشەکیەک بە زمانی روسی دەستپێدەکات و دوای ئەوە لەلاپەڕەی دواتردا، سەردێڕێک بە زمانی لاتینی دێت، کە هەواڵی (بەرزی و قوڵایی بێ سنوری لێکدانەوەکان) لەم کتێبەدا دەگەیەنێت (Seminaque innumero numero summaque profundo). دوای ئەوە یەکسەر دەقی سەرەکی کتێبەکە دەستپێدەکات: «.... کاغەزەکە دەسوتا، رون نەبوو ئەم نەخشە و وێنانە، کە زیاتر بەشێوەی خواروخێچ لەسەری کێشرابوون بەراستی چی بوون، و لەسەر کاغەزەکە نوسرابوو: (ئەمە سەربانی دەرەوەیە).» سەد لاپەڕە دوای ئەوە بە ئەم وشانە کۆتایی دێت: «سوتاو و دووبارە لە روپۆش خستنەسەر ناوەوە و شێوەی وچوارگۆشەی (لێرەدا بە سەرنجدانە دەقەکە ئەم چوارگۆشەیە بە واتای توانی دووش دێت) خۆی بەدوور دەگرێت ـ 100 = 2(4 3+ 2+ 1+) ـ (لە دەقی سولرسدا ئەم بۆشاییە تایبەتکراوە بە دوو پیتی چینی کە بە قەبارەی گەورە نوسراون.» لە نێوان ئەو سەرەتا و ئەم کۆتاییەدا رۆمانی سولرس، ئەگەر رۆمان نەبێت هیچ نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئەگەرە دەتوانێت بەنزیکەیی هەر ئەگەرێک بێت. لەم دەقەدا پیت و ئاماژە چینیەکان، نیشانەکان، خشتەی زۆر دەدۆزینەوە، کە سەرجەمیان لە میانەی زنجیرەیەک دەقی بێ واتادا جێگەیان کراوەتەوە، ئەو دەقانەی دەوترێت وەک پارچە ئاوێنەی شکاو پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە. هەروەها کتێبەکە وتەی روخساری زۆر جیاواز کە یەکتر ناخوێننەوە لە خۆدەگرێت، لەوانە بیرکاریزان و باوەڕداری توندڕەوی سەدەی حەڤدە، پاسکال، کاردیناڵ و زانای پێشبینیکەری سەدەکانی ناوەند، نیکۆلاس کوزایی، کارل مارکس، فریدریش نیتچە، ماوتسی تونگ. هەروەها گێڕانەوەی وتەی (بورباکی) (ناوی خوازراوی کۆمەڵێک لە بیرکاری زانە فەرەنسیەکان، کە بەشێوەی نەناسراو کاریان دەکرد و بەرپرسیارێتی هاوبەشی کارەکانی

لێکۆڵینەوە لە بواری بیرکاری، کە لەژێر ئەم ناوەدا بەرهەم دەهێنرێن لە ئەستۆ دەگرن) لە دەقەکەدا جێگەیان کراوەتەوە. ئاڕاستەی پشت بەستوو بە بنەمای بابەتی بورباکی جەخت لەوە دەکاتەوە، کە لە بیرکاریدا تاک نازانێت ئەوەیتر لەبارەی چیەوە دەدوێت، هەروەها تاک گرنگی ناداتێ ئایا ئەوەی ئەوەیتر دەیڵێت بە راستی راستە یان هەڵەیە. هاوشێوەیی ئەم بنەڕەتە لەگەڵ سەرجەم دەقی سولرس بە ئەگەری زۆر خۆویستانەیە، ئەم ئاراستەیە بەباشی ناسێنەری شێوازی دریداشە.

بەڵام دۆخەکە لەبارەی (وینگنشتاین) کە وتەی ئەویش لە ژمارەکاندا هاتوە، جیاوازە. ئامانجی فەلسەفەی ویتگنشتاین بەتەواوی پێچەوانەی دریدا بوو. هەردوو فەیلەسوفەکە پڕوپاگەندەی ئەوە دەکەن کە(چارەسەری کۆتایی) فەلسەفەیان دۆزیوەتەوە و بەمشێوەیە یەکجار و بۆ هەمیشە خاڵی کۆتاییان بۆ داناوە. هەروەها هەردوکیان هەوێنی ئەم ئاوازە لە زماندا دەدۆزنەوە. بەڵام سەرجەم لێکچوونەکان تەنیا ئەمانەیە. دریدا (گرفتی فەلسەفە)ی بە پیلانی سادەی لێکهەڵوەشاندنی زمان لەناخەوە و پارچەپارچەکردنی واتای ئەو بۆ هەزاران پارچەی شاراوە و نەگونجاو و بەکارهێنانی گاڵتە لەسەر بنەمای هاوڕەگەزی واژەکان چارەسەر دەکات. بەمشێوەیە هەر فەلسەفەیەکی یەکگرتوو و شایستە - یان، لەمبارەیەوە هەر شتێکی یەکگرتوو و شایستە - مەحاڵ دەبێت. لەلایەکیترەوە ویتگنشتاین سەرچاوەی فەلسەفەی لە گرێی واتاکاندا دەدۆزیەوە، کە هۆکاری دروستبوونیان بەکارهێنانی هەڵە و نابەجێی واژەکان لەبارەی گوتارە نەگونجاوەکانەوە بوو. (بۆنمونە لە دیدی وینگنشتاین -ەوە پرسینی ئەم پرسیارە کە «ئامانجی ژیان چیە؟» بەسادەیی مەحاڵ بوو، چونکە واژەکانی وەک ئامانج و ژیان، ناتوانن بەشێوەیەکی واتادار لەگەڵ یەکتر بێن.) ئەوەی ئێمە بە فەلسەفەی ناودەبەین لە هەڵەی شێوازی بەکارهێنانی زمانمانەوەیە. کاتێک ئەو گرێیانە بکرێنەوە، بە ئاسانی

هەڵەکانیش نامێنن. لە ڕاستیدا نەک تەنیا وەڵامێک بۆ ئەوجۆرە پرسیارە فەلسەفیانە نەبوو، بەڵکو لەسەرەتاوە و لە بنەڕەتدا هیچ پرسیارێک لە ئارادا نەبوو. ئەوەی ویتگنشتاین و دریدا بەتەواوی هاوڕا بوون لەبارەیەوە، بینینی فەلسەفە وەک جادوگەری بوو. بەڵام لەولایەنەوە کە ویتگنشتاین کەروێشکی سپی لە کڵاوەکەیدا بزر دەکرد، دریدا هەژمار نەکراو کەروێشکی لە کڵاوەکە دەردەهێنا.

لێکدانەوەی ڕۆمانی ژمارەکان لەلایەن دریـداوە، شتێکی زیاتر لە بەسەربردنی لاسایی ئەو ئاوێنە شکاوەیە، کە بانگەشەی لێکدانەوەی هەیە. ئەم نوسینە تێفکرینێکە (هاوڕێ و هاودڵ) لەگەڵ تێفکرینێکیتری (دەقی سولرس)، یان زنجیرەیەک تێفکرینە لەناو تێفکرینێکیتردا. دەقە بنەڕەتیەکە لێی وەرگیـراوە، لاسایی کـراوەتـەوە، ئاگایانە و بەجدی هەجو کراوە. لەڕاستیدا شاراوەیی دەقی سەرەکی لە ڕوکاردا وەک گرفتێک لەبەرچاو گیراوە، لەجیاتی هەوڵدان بۆ سەرکەوتن بەسەریدا پێویستە ئەو بەرەو پێشتر ببرێت و هەنگاوی زیاتر بنرێت. وتاری دریدا بانگەشەی ئەوەش دەکات، هەر ڕەخنەیەک ئەمکارە دەکات: «هەر شیکردنەوەیەکی لەمشێوەیەش، کە بەشێوەی بەویژدانانە نوسرابێت، نهێنیەکانی ناکرێنەوە». دیارە ژمارەیەک لە ڕەخنەگران توانیویانە ڕێگەیەکی ڕونتر بۆ بەیانکردنی بۆچوونیان لەبارەی دەقی سولرس و لێکۆڵینەوەی دریدا بدۆزنەوە. (بێهودە) هەمان بۆچوون بەوتەی دریدا (نەکرانەوەی نهێنی) بوو، کە دوای خوێندنەوەی کتێب بەخێرایی ڕەخنەی کردە هزری زۆربەی ڕەخنەگرە ئینگلیزی زمانەکانەوە. ژمارەیەک لە لایەنگرە سەرسەختەکانی دریدا، ئارەزومەند بوون ئەو کتێبە تەواو لادەرە بەشێک لە کاری ئەو بووبێت. ئەو لەم خاڵەوە ئیتر دەیتوانی بۆ کوێ بڕوات؟ بە وتەی خۆی، بەرزتر لە مەحاڵ بوونی خوێندنەوەی چی بوو؟

ئەوەندەی پێنەچوو، ئەم پرسیارە وەڵامی خۆی دۆزیەوە. دوو ساڵ دوای ئەوە، ساڵی 1974 دریدا (زەنگی ماتەمینی) بڵاوکردەوە. کتێبەکە لە دوو ستونی چاپی بەدوادا ڕۆیشتوو پێکهاتبوو. ئەم دوو ستونەش وەک (سودوەرگرتن «بەرهەمهێنان») لەنێوانی دێڕەکانەوە دەستپێدەکەن، لەگەڵ ئەو جیاوازیەدا کە ئەمجارە دەقی ئەو دوو ستونە بە نزیکەیی تا 300 لاپەڕە بەردەوامە و هەندێکجار بەشی تایبەتی هەڵگری خاڵ و بۆچوونەکان لەگەڵ لاپەڕەی پڕ لە وتەی وەرگیراو لەنێوانیاندا گونجێنراوە. ستونی لای چەپ بەپیتی چاپی کەمێک گەورەتر و دێڕی نزیکتر لەیەک، لەخۆگری خوێندنەوەی تەواو نوێ و بەیەکەوە چنراوی وتەی وەرگیراوی فەیلەسوفی ئەڵمانی سەدەی نۆزدە (هیگڵ)ە. ستونی لای ڕاست شیکاریە، دوبارە وتەی وەرگیراوی دوورودرێژ لەبەرهەمی نوسەری غەزەل، ڕەگەزباز، بەندکراوێکی پێشینەداری فەڕەنسی (ژان ژنیە)یە. هەر یەکێک لەو دوو ستونە بەشێوەی تایبەتی خۆیان، ئازاردەرن. هەرچۆنێک بێت جیاوازی نێوان مێتافیزیکی سیستماتیکی ئەڵمانی و ڕەگەزبازی سیستماتیکی فەڕەنسی، ناتوانێت لە ئەمە گەرمتر بێت. هیچ نیشانەیەک لە ئاراستەی دژە ئەڵمانی یان ترسی ڕەگەزبازی لە دەقەکەدا نیە. بەرهەمی هیگڵ و ژنیە، لە هێرشکردنە سەر هەست و چاوەڕوانیەکانی خوێنەر، لەگەڵ نوسینەکانی دریدا -دا هاوتایی دەکەن. رستە یەک لاپەڕەییە بێ وەستانەکانی هیگڵ، کە بە زمانی لێڵ و نائاشنای مێتافیزک نوسراوە، توانای بەدەستهێنانی پلەی (مارکی دوساد) لە بواری فەلسەفەی پێدەبەخشن. پەیوەندی ژنیە لەگەڵ ساد کەمتر فەلسەفیە، بەڵام ئەنجام دەتوانێت بەهەمان پێوەر قورس و ئازاردەر بێت.

کەواتە زەنگی ماتەمینی لە ڕاستیدا لەبارەی چیەوەیە؟ بەوشێوەیەی لەوانەیە پێویست بێت تا ئێستا بۆمان ڕون بوبێتەوە، دیاریکردنی ئامانج و بابەتی ئەم دەقە کاری ئێمە نیە. بە وتەی (کریستۆفەر نوریس) لە بیرمەندانی

هاوبیری دریدا «زەنگی مانەمینی بەلایەنی کەمەوە لە واتای سوننەتی واژە «کتێب» واتە بەرگنێگیراوێک، کە بنەمای یەکگرتووبەخشی ئەو بریتی نییە لە گەڕانەوەی بەردەوامی ئێمە بۆ سەرچاوەی باشی نیەتی نوسەر.» لەلایەکیترەوە پیت چنین و شێوازی چاپی ئەم کتێبە، بە رونی نیشانەی نیەتی زۆر وردی نوسەری باشی ئەوە. کرێکارانی چارەڕەشی چاپخانە، بە ئاشکرا مافی هیچ لێکدانەوەیەکی بێ سنوری بێ مەرجیان نەبووە. لەم دەقەدا چوار پێنوسی جیاواز بەکارهاتوە (دوو جۆر پێنوس بۆ هەر ستونێک، پێنوسێک بۆ بۆشایی سەری دێڕ، یەکێکیش بۆ لاپەڕەکانی وتەی وەرگیراو) جیا لە وشەی ئیتالیکی بەردەوام، دەربڕینی ئەڵمانی، واژەکانی یۆنانی دێرین و لاتین و ...... هیتر. کۆپی بنەڕەتی ئەم ناکتێبە، بەشێوەیەک دەرهێنرابوو کە قەبارەی زیاتر لە 100 ئینج چوارگۆشەی هەبوو. لاپەڕەکانی چوارگۆشەی دە ئینج بە دە ئینج بوون و ئەستوریەکەی دەگەیشتە ئینجێک. (بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئینج: چونکە بەمشێوەیە، ئەو کتێبەی کرێکارانی چاپخانەکانی فەڕەنسا کە بە یەکەی سانتیمەتر کار دەکەن، چاپیان کردووە، لەوانەیە (ژنیە)ی تووڕە کردبێت.)

بەڵام لەو لایەنەوە کە ئەم کتێبە بۆ بەکارهێنانی گشتی خراوەتەڕوو، مافی خۆمانە بپرسین، ئایا لەبنەڕەتدا واتایەکی هەیە یان نەخێر؟ شێوازی دیالێکتیکی بەناوبانگی هیگڵ بە تێزێک دەستپێدەکات و لە قۆناغی دواتردا ئەنتی تێزی خۆی دروست دەکات و دوای ئەوە ئەم دوانە بەیەکەوە سەنتێزێک بەرهەم دێنن. بۆ نمونە: (بوون) ئەنتی تێزی خۆی، واتە (نەبوون) بەرهەمدێنێت، دوای ئەوە ئەم دووانە یەکدەگرن و سەنتێز بەرهەمدێنن. سەرجەم سیستمی گشتگیری هیگڵ بەمشێوەیە فۆڕمی وەرگرتوە. دەتوانرێت ئەم دیالێکتیکە لە دەقی (زەنگی مانەمینی) دریداشدا ببینرێت. ستونی هیگڵی لای چەپ، تێزە: نمونەی فەلسەفەیەکی بەرین لە لوتکە و بەرزیدا

و کۆتایی ئەوپەڕی پاساوی هزری حکومەتی دیکتاتۆری سەدەی نۆزدەیەمی پرۆس لەلایەن هیگڵەوە. بەدڵنیاییەوە ئەوەندە گرفت نیە کە ئەنتی تێزی ئەم فەلسەفە هزریە لە نوسینەکانی (ژنە) لەبارەی un jeune garcon blond (کوری گەنج و مو ئاڵتونی) و بابەتە هاوشێوەکانیدا بدۆزینەوە. ئەگەری ئەوەهەیە سەنتێز لە شوێنێکیتر روبدات، لەوانەیە لە زەینی خوێنەردا. یان وەک ئەوەی دریدا بەرونی دەڵێت (لێکدانەوەی ئەو راستەوخۆ کاریگەری لەسەر سەرجەم پێناسەی هیگڵی ماف لەلایەک و پێناسەی هیگڵی سیاسەت لەلایەکیتر جێدەهێڵێت. پێگەی ئەو لە پێکهاتە و پێشکەوتنی سیستم.. بەشێوەیەکە جێگۆڕکێکان یان پێداویستییە ناڕاستەکان، کە ئامانجیان دەبێت، ناتوانن بەتەواوی سەرچاوەی لاوەکیان هەبێت.)

شیاوی تێگەیشتنە ئەگەر کەسێک بەو ئەنجامە بگات، کە پێویستە سنورێک بۆ ئەم نوسینانە هەبێت. کاتێک نوسینی (مەحاڵی کردنەوەی نهێنی ... مەحاڵی خوێندنەوە) بەهەر شێوەیەکی بتوانرێت بەرهەم بێت، ئیتر مەبەست و ئامانجی ئەو بەدیهاتووە و پێویست بە دوبارەکردنەوە ناکات. بەڵام دریدا رازی نەبوو. لەگەڵ گەشتە ئەوروپاییە بەرفراوانەکانی بۆ وتاربێژی، کاری زانکۆیی لە پاریس، هەروەها کات بۆ پێڕاگەیشتن بە ئەرکە ئەکادیمیەکانیتری لە زانکۆ جیاوازەکانی ئەمەریکا، بەردەوام بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر کارامە و چالاک بوو. لەم کاتەشدا ژمارەی بەرهەمهێنانی دەقەکانی ـ لەو ناکتێبانەی قەبارەیان بە ئەندازەی کتێبێک بوو تا نامە بێ واتاکانی ـ دەگەیشتنە سەدان. ساڵی 1980 کتێبێک کە بەگومانی زۆرێک بە شاکاری دواتری دادەنرا، چاپکرا. ناوی ئەم بەرهەمە (کارت: لە سوقراتەوە تا فرۆید و زیاتر) بوو. بیرهاتنەوەی ئەم راستیە کە سوقرات هیچ کاتێک نە بۆ فرۆید و نە بۆ هیچ کەسێک هیچ کارتێکی (کارتی پیرۆزبایی) نەنارد، بەرهەمی بنەماشکێنی روکار و بێ سودەکان ناونیشانی کتێبەکەیە، لەگەڵ

ئەوەی ئەم بنەماشکێنیە لاوەکیەش، ئەگەر شێوازی دریدا بەو شێوەیەی کە هەیە پەسەند بکەین، دوبارە جێگەی پەسەندە.

کتێبەکە بە لێکۆڵینەوە لەبارەی (بنەمای پەستی) دەستپێدەکات. بەبۆچوونی دریدا ئەم بنەمایە لە بنەمای چێژی فرۆید گرنگترە، چونکە سەرجەم مێژووی مێتافیزیکی رۆژئاوا (لە سوقراتەوە تا فرۆید و زیاتر) لەخۆدەگرێت. بۆ ناردنی کارتێکی پیرۆزبایی، یان هەر پەیامێک، ئێمە شتێک دەدەین، بەڵام ڕێگە لە پێدانی خۆمان دەگرین.

لێرەدا دریدا یاری بە پەیوەندی نێوان نوسەر یان نێرەر (destinateur) و خوێنەر یان وەرگر (destinataire) و ئەو راستیەی کە ئەم واژە فەڕەنسیانە پەیوەندییان بە destiny (پێشهات، چارەنوس) و destination (مەنزڵ، مەبەست) هەیە، دەکات. لە نوسینەکانی رابوردوویدا لەبارەی ئەم بابەتەوە بەو ئەنجامە گەیشتبوو، کە (نامەیەک هەمیشە دەتوانێت نەگاتە مەنزڵگە... پێکهاتەی نامە بەردەوام ئامادەی نەگەیشتنە.) بەشی زۆری کتێبەکە تایبەتە بە دەروونناسی. وەک باوە، هەوڵی پاڵەوانانەی فرۆید بۆ بەرزکردنەوەی دەروونناسی بۆ پێگەی زانستی تاقیکاری بە هەڵە وەک هەوڵێکی مێتافیزیکی رەتدەکەنەوە ـ ئێستا ئەگەر مێتافیزیک هەمان ئەو شتە بێت، کە فرۆید خوازیاری بوو خۆی لێبپارێزێت. بەڵام بە گومانی دریدا هەرجۆرە هەوڵێک بۆ دیاریکردن و پێناسەی راستەقینە سەرچاوەی مێتافیزیکی هەیە، چونکە پەنا دەباتە بەر هەمان (ئامادەبوون) کە باڵی کێشاوە بەسەر سەرجەم ئەندێشەی رۆژئاوادا. (لەبەرئەوە ئەو راستیەی کە فرۆید لە کۆتاییدا نەیتوانی دەروونناسی وەک زانستێکی تاقیکاری ورد وەک فیزیک بسەلمێنێت، جێگەی ستایشە. ئەو بەناکامی لە رەهاکردنی دەروونناسی لە بەندی مێتافیزیک، نەیتوانی لە پتەوکردنی لەسەر بنەمای مێتافیزیک سەرکەوتوو بێت.) بەڵام تەنانەت لەم نێوانەشدا خاڵی دژوار بوونیان هەیە و بایەخی هەوڵدان بۆ

ڕونکردنەوەیانی هەیە: (ئەوەی نەڕاستە و نەهەڵەیە، ڕاستییە. بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی وتار، تاک بە ئاشکراکردنی ڕاستی، بەوجۆرەی پابەندە بە بەڵێنی ڕاست بوونی، بەڵێن دەدات: بە ئامادەبوون، وتار، بەڵگە.) وتار، کە ئەگەری ڕاست و درۆی تێدایە، ڕاستیەک باس دەکات , کە هەڵگری ئەو باسانە نییە . مەیلی فەلسەفە بۆ ئەم ڕاستەقینەییە (یان بنەماکانی ئێمە لەگەڵ ئەو ڕاستەقینەییە) بـەردەوام لە پلەیەکی قوڵتر بەبەراورد لەگەڵ زانست دادەنێت. لە کۆتاییدا پێناسەی زانستی تەنیا بەدوای باسی ڕوبەڕوبوونەوەی ئێمە لەگەڵ ئەو ڕاستەقینەیەیە، نەک ئاکاری خودی ئەو ڕاستەقینەیە (یان بنەماکانی پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ئەو). ناسینی زانستی بەڵگەی ڕوبەڕووبونەوەکانی ئێمە لەگەڵ ڕاستی تۆمار دەکات. دژواری شیکاری دریداش لێرەدایە. تایبەتمەندی بنەڕەتی گوتار ئەوەیە، کە گوتار پێویستی بە ڕوبەڕووبوونەوەی ئێمە لەگەڵ ئەم ڕاستەقینە بێ بەهایەیە. شوشەیەک دەرمانی مشک کوژ، لە خۆیدا نە ڕاستە نە هەڵە. نوسینی (ژەهر) لەسەر شوشەکە ڕاست یان هەڵە، ڕاستی ئەگەری ڕوبەڕووبونەوە لەگەڵیدا باس دەکات، نەک خودی ئەو. ئەمە ڕاستیەکی زانستیە، نەک ڕاستییەکی ڕەها. ئەم ڕاستییە لە ڕێگەی تاقیکردنەوەوە دەسەلمێنرێت، نەک لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئامادەبوونێکی ڕەها.

ساڵی 1981 دریدا لە گەشتەکانیدا گەیشتە پراگ، شارێک لەوێ کات لەپشت پەردەی ئاسنینەوە بوو. دریدا لە دامەزراندنی ئەنجومەن یان (هوس) (شەهیدی سەدەی پانزەی چیکی، کە سەرپێچی کڵێسای کردبوو) ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو. ئامانجی ئەم ئەنجومەنە یارمەتیدانی ڕۆشنبیرە سەرکوتکراوەکانی چیکسلۆڤاکیا بوو، کە لەژێر ئازار و ڕەنج و ئەشکەنجەی ڕژێمی کۆمۆنیستیدا بوون. دریدا لەگەڵ ئەو مەترسیە زۆرەی هەڕەشەی لە ئەو و بیسەرانی دەکرد، سمیناری یەک هەفتەیی ڕێکدەخست. سمینارەکە

تایبەت بوو بە وتاری (لەبەرامبەر یاسا) کە ناوەکەی دەنگدانەوەی ناوی چیرۆکێکی کورتی فرانتس کافکا بوو، نوسەرێک بەشێکی زۆری ژیانی لە پراگ بەسەر بردبوو. پوختەی ئەم وتاربێژیە وەک هەمیشە شاراوە و بۆ پۆلیسی نهێنیش، کە بەشی دووەمی واژەی بنەماشکێنی بە زیادە و مەترسیدار دەزانی، روون بوو. دریدا پشکنینی جەستەی کرا و لەناو کەلوپەلەکانیدا پاکەتێکی قاوەیی (ماری جوانا) دۆزرایەوە و بێ دواکەوتن دەستبەسەریان کرد.

فەرەنسا بەردەوام، رۆشنبیرەکانی زۆر بە جدی وەردەگرێت، ئەو کاتانەشی کە ئەوانیتر بە جدی وەریان ناگرن. ئەوەی لە دیدی لێپرسراوانی چیکەوە تەنیا لیپێچینەوەیەکی بچوکی فریودەرێکی ئاژاوەگێڕی فەرەنسی بوو، بۆ بڵاوکراوەکانی پاریس زۆر جیاواز دەردەکـەوت. پێی میراتی نەتەوەیی فەرەنسا لەنێواندا بوو، لەمڕوەوە زۆر بەخێرایی سەرۆک کۆماری فەرەنسا(فرانسوا میتێران) خۆی هەستەکانی لە چوارچێوەی لێکدانەوەی بێ پەردە و نەشکاندنی بنەماکان، بە لێپرسراوانی چیک راگەیاند. (بیست ساڵ بەرلەوکاتە، کاتێک کاربەدەستانی فەرەنسا هەوڵیاندابوو بە هۆی چالاکی سیاسی نایاساییانە، سارتەر دەستبەسەر بکەن، (دیگۆل) خۆی هاتبووە مەیدانەوە و بە ئەوانی وتبوو: (مافی ئەوەتان نییە، والتەر بگرن.) بەمشێوەیە سارتەر خۆنەویستانە تێڕوانینی ئەگزیستانسیالیستی Existentialist خۆی، کە دەیوت: (مرۆڤ مەحکومە بە ئازادی)، بەرجەستە کردبوو. دریدا خێرا بە فەرمانی کاربەدەستانی چیک ئازادکرا و لەگەڕانەوەیدا بۆ پاریس، وەک پاڵەوانێک پێشوازی لێکرا. ساڵێک پێشتر سارتەر و بارت مردبوون. سێ ساڵ دوای ئەوە فۆکۆ مرد و دریدای بە پۆشاکی گەورەترین رۆشنبیری زیندووی فەرەنسا ـ کە لە دیکارتەوە تا والتر و لەم یەکەوە تا سارتەر دەستاودەستی کردبوو ـ بەتەنیا جێهێشت.

دریدا بـەردەوام بنەماشکێنی بە ئامرازێک بۆ سودوەرگرتن دژی دیکتاتۆری و نایەکسانی زانیوە. لەگەڵ ئەوەشدا پێدەچێت، کە سیاسەتی بنەماشکێنی بەرامبەر هەر جۆرێک بەیاننامەی روون یان هەر کردارێکی روون و خاوەن بنەما، بەرگری دەکات. بەپێی تێڕوانینی دریدا: (بنەماشکێنییەکان پێویستە گەڕانی نوێ لە بابی بەرپرسیارێتی بگرنەبەر، نهێنییە میراتیەکانی رەوشت و سیاسەت بخەنە ژێر پرسیارەوە.) ئەم تێڕوانینە بێگومان دەتوانێت بە وەرگرتنی هەر هەڵوێستێکی سیاسی ئەنجامبدرێت. بەڵام لەگەڵ ئەم بەرزەفڕی و بێلایەنییە رۆشنبیرانەدا، دریدا لە ساڵانی ناوەڕاستی دەیەی هەشتادا، رۆڵی چالاکی لە شەڕکردن بۆ ئازادی نێلسۆن ماندێللا و کۆتایی هێنان بە ئاپارتاید لە ئەفریقای باشوور، گێڕا.

بابەتی گفتوگۆ هەڵگر و بەدڵنیاییەوە مەترسیدارتر، شەڕی دژی نەژادپەرستی بوو لە فەڕەنسا، تایبەتمەندێتی دیار و بەردەوام لە پانتایی سیاسەتی ناوخۆی فەڕەنسا، کە بە تایبەتی دانیشتوانی زۆری کۆچبەری ئەفەریقای باکوری دەکردە ئامانج.

بەڵام دریدا بەگژ ئەو ناڕازی بوونە توند و توڕەکانی نەیاراندا چووەوە و بۆ پێدانی مافی دەنگدان بە کۆچبەران بەرگری دەکرد. (خەبات دژی ترس لە بێگانە و نەژادپەرستی لە ڕێگەی مافی دەنگدانیشەوە کارایی دەبێت. تا ئەو کاتەی ئەو مافە بەدەست نەهاتبێت، نادادپەروەری حوکم دەکات، دیموکراسی بەسنورداری دەمێنێتەوە و وەڵامی دەمشکێنی نەژاپەرستی روتەڵ و بێ سود دەبێت.) میراتگری پۆشاکی والتر نیشانی دا، کە روونی و رۆشنی هزری خۆی هەندێک کات مشتومڕی سیاسی بە میرات بردووە.

بەڵام کاتێک سەرەی سیاسەتی فیمینیستی دەهات، دۆخەکە تا رادەیەک جیاواز دەبوو. ئەگەر روبەڕووبوونەوە دوانیەکانی ئەندێشەی لۆژیکی رۆژئاوا

ـ ڕاست/ ناڕاست، هزر/ جەستە، ئەرێنی/ نەرێنی ـ بڕیار بوو بە پەسەند نەکردنی بڕیار جێگەی بگیرێتەوە، چی بەسەر دوانەی ـ پیاو/ ژن ـ دەهات؟ لەوانەبوو ژنان خوازیاری ئەوە بن وەک بونەوەری یەکسان ڕەفتاریان بەرامبەر بکرێت (پەسەند نەکردنی بڕیار)، بەڵام ئەوان بەردەوام لەسەر ناسنامەی سەربەخۆ و جیاوازی خۆیان پێداگریان دەکرد (دوانەیی). پێدەچوو ڕێگەی هەڵاتن، جەختکردنەوە لەسەر جیاوازی لە جیاتی هاوشێوەیی و ناسنامە بێت. باوکسالاری (پیاوسالاری)ش وەک دوانەی لۆژیکی کە بەهێزی دەکرد، پێویست بوو بنەماکانی بشکێنرێن. بەڵام فیمینیزم بە پێچەوانەی ئەو دوانە لۆژیکیە، پێویست بوو لە بنەماشکێنی بە دوور بمایەتەوە. فیمینیستەکان، کە هەوڵی یەکسانیان لەگەڵ پیاو دەدا، تەنیا هەڵەکانی ڕابوردوویان دوبارە دەکردەوە. ئەمجۆرە فیمینیزمە (پرۆسەیەکە تێیدا ژن دەخوازێت وەک پیاو بێت، هاوشێوەی فەیلەسوفێک، بێ دوودڵی کە بە دوای ڕاستی و زانست و سەرچاوەوەیە. واتە بەدوای سەرجەم خەیاڵە پیاوانەکان.) هەروەها دریدا دژی ئەو شتەیە کە خۆی بە (فیمینیستی کاردەرەوە) ناودەبات، فیمینیستێک بە تەواوی (پەسەندکەری سازش و خود ـ سنوردارکەر)ە. لەلایەکیترەوە فیمینیستی ئیشکەر و چالاک پێداگری لەسەر جیاوازی دەکات و ئەو بە ئیجابی دەزانێت. زۆربەی فیمینیستەکان سەرجەمی ئەم لێکۆڵینەوەیەیان بەتەواوی بە ڕەوانبێژی و گوتاری زمان هەڵسەنگاندوە، لەگەڵ ئەوەشدا دریدا و بنەماشکێنیەکانی، بەرگریکاری ئەمەرکایی بەتواناى وەک (باربارا جۆنسۆن)یان دۆزیوەتەوە (هەمان ئەو کەسەی سەرەڕای قورسی و کاری زۆر توانیویەتی «بەرهەمهێنان» بەویژدانانە بۆ ئینگلیزیەکی مەحاڵی خوێندنەوە و مەحاڵی تێگەیشتن، وەربگێڕێت.)

ساڵی 1992 دریـدا خۆی لەناوەندی مشتومڕێکدا دۆزیـەوە، کە لەبەریتانیا هەڵگیرسابوو. کاتێک زانکۆی کامبریج پێشنیاری دکتۆرای فەخریان

بە دریدا کرد، کاندید بوونی بۆ وەرگرتنی ئەو بڕوانامەیە دژایەتی ژمارەیەک ئەندامی لیژنەی زانستی لێکەوتەوە. کەس بیری نەدەهات لە رابوردوودا لەو شێوە روداوە، رویدابێت. نەیارانی ئەوەندە لە بەندی رەوانبێژانی پۆشنە و ناسک نەبوون. فەلسەفەی فەڕەنسی لەلایەن (سیستمێکی پێکهاتوو لە جێبەجێکاران و ڕێنماییکاران و مۆدەکان [بەرەو پێش دەبرا] و ئەو ستانداردە ورد و روناەی نەبوو) کە هاوتا بەریتانییەکەی هەیبوون. لە راستیدا: (فەڕەنسیەکان لە بەکارهێنانی زاراوە دروستکراوە بە واتا ناجێگیر و ئاڵۆزکراوەکاندا بێ هاوتان و دەرخستنی ئەو خاڵەی کە بەتەواوی لە چی خاڵێکدا بیرکردنەوەی فەلسەفی دەگۆڕێت بۆ قسەی بێسەروبەر، مەحاڵ دەکات.) لەگەڵ ئەو کۆمەڵەی لە فەڕەنسا دەترسان، لە ئەنجامدا دکتۆرای فەخری بە دریدا درا.

دریدا درێژە بەبەرنامەی بنەماشکێنیەکان دەدات. وەک پێشوو پڕکارە، پێداگری دەکات لەسەر بەشداری پێکردنی بیرمەندان و نوسەرە گەورەکانی رابوردو لە گفتوگۆی بنەماشکێنیەکان. سوقرات، ئەفلاتوون، دیکارت، مارکس، مالارمی، تەنیا ژمارەیەکی کەم لەو گەورانە هەن، کە لەم پرۆسانەدا تاک لایەنە بەشداریان کردووە (یان بە بەیانکردنێکی وردتر، بەشداریان پێکراوە). کاریان بنەما شکێنراوەکانە و دەستکەوتەکانیان بۆ ئاماژەی بنەماشکێنیەکان وەرگێڕدراوە. نمونەی کورتی کەم لەم بوارەدا بەس دەبێت بۆ ئەوەی خوێنەر خۆی بتوانێت لە بارەی سود و مەبەستی ئەمکارە دادوەری بکات.

دەروونناسی فرۆید: دریدا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە هزری خودئاگا هەرگیز لە جێپێکان و شوێنەواری ئەزمونی هزری ناخودئاگا بەدەر نیە. درک کردن بە خود، کە خۆی لە کاتی ئێستادا دەبینێت، لەراستیدا بەردەوام بەهۆی جێپێکانی ناخودئاگایانەیەک لە رابوردوودا دەنوسرێت، هەروەها ئەم شوێنەوارانەی ناخودئاگاش بە نۆبەی خۆیان، بەهۆی شوێنپێکانی

ناخودئاگایانەیەک، لە رابوردوویاندا دەنوسرێن و ئەم ڕۆیشتنە کۆتایی نییە. ئەمە بەو واتایەیە کە شتێک بە ناوی تێگەیشتنی نایابەوە بوونی نیە.

دریدا هیچ کاتێک خۆی لە گرفتەکان نەدزیوەتەوە، ساڵی 1991 بڕیاری دا لەبارەی مارکسەوە بنوسێت، ئەویش لەکاتێکدا کە پێدەچوو کاتی لێکهەڵوەشانی مارکسیزم هاتووە. لە (تارمایی مارکس)دا تیشک دەخاتە سەر لێکۆڵینەوە لەبارەی تێگەیشتنێک، کە خۆی بە (تارمایی ناسی hauntologie) ناوی دەبات. تارمایی ناسی لێکۆڵینەوەی تارمایییەکان، رۆحەکان، بونەوەرە نادیارەکانە، کە سەرکێشی دەکەن بۆ روبەڕووبوونەوە دوانیەکان – بوون و نەبوون، زیندو و مردوو، تارمایی لێدراو و داگیری دەکەن. لێرەدا دریدا بەو راستیەی کە واژە داهێنراوەکەی لە زمانی فەڕەنسیدا (hauntologie) بە پیتی Hی نەخوێندراوە دەستپێدەکات و بەمشێوەیە لەگەڵ واژەی ontologie بە واتای هەستی ناسی هاوئاوازە، یاری دەکات. هەستی ناسی، سنوری دەسەڵاتێکە لە فەلسەفەدا، کە تایبەتە بە تێڕامان لە بابی (بوون) یان رەهایی بوون. مانیفێستی کۆمۆنیستی مارکس، بە ئەم رستەیە دەستپێدەکات: (تارمایییەک خەریکە ئەوروپا داگیر دەکات، تارمایی کۆمۆنیزم.) بۆ دریدا مارکسیزم نەزیندووە (وەک ئەوەی سەردەمانێک ئەم باوەڕە هەبوو) و نەمردووە (وەک ئەوەی ئێستا ئەم باوەڕە هەیە). مارکسیزم نە ئەم دوانەییە، کە بڕیارنەدەر (نادیاریکراو)ە، تارمایییە. لە کۆتاییدا دریدا بەو ئەنجامە دەگات کە بنەماشکێنی بە ڕاستی روخسارێکی رادیکاڵتر لە مارکسیزمە. ئەو بە بەدەستهێنانی ئەم ئەنجامە، لە ئەنجامدانی پەیامی مەحاڵی یەک پێگرتنی بەنزیکەیی سەرجەم فەیلەسوف و ئەندێشەگەرانی سیاسی هاوچەرخ سەرکەوتو بوو، بەڵام بەداخەوە لە یەکپێگرتنی ئەوان دژی خۆی. دەڵێم نزیکەی سەرجەم، چونکە مەبەستم سەرجەم بیرمەندان، بێجگە لە ئەوانەی خۆیان ئەندامێکی گۆڕەپانی رۆشنبیری پاریس بوون، گۆڕەپانێک کە بە

ئەنجام گەیشتنی کتێبی دریدا، لەناویاندا مشتومڕی گەرمی هاوڕا و نەیاری هەڵگیرساند (بیرهێنەرەوەی هەمان دوالیزم کە دریدا خۆی بەبێ بەها و نەسەلماوی هەژمار دەکرد).

لەوانەیە مەحاڵ بێت، دریدا لە خاڵێکی ڕێڕەوی ئەندێشەیدا بە جێمس جویس بگات و لەناوەندی سەرنجی دابنێت، نوسەرێک کە چوستوچالاکی زمانی بە تەواوی خاڵی بەرامبەری هەرزەوێژی زمانی دریدایە. سودوەرگرتنی جویس لە زمان، خوێنراوە و سەرقاڵکەر و سەرنجڕاکێشە. دەوڵەمەندی و پڕی واتا بۆئەوەی باسی دەکات زیاد دەکات (بێ ئەوەی واتا یان ئەرکی مەبەستی باسکراو لابەرێت)، و لە هەمانکاتدا بەدوای هیچ پڕۆژەیەک یان بەرنامەیەکی دژە فەلسەفیدا ناڕوات. دریدا دەپرسێت: (ئایا هیچ سنورێک بۆ لێکدانەوەی جویس هەیە؟) و خۆی وەڵام دەداتەوە، نەخێر. دوای ئەوە بە شیکردنەوەی ئەو خاڵەی کە جویس ئەگەری سەرجەم لێکدانەوەکانی بەردەمی ئێمەی لە دەقەکەیدا جێکردۆتەوە، لەروکاردا پێشێلی وەڵامی پێشووی کردووە. مایەی سەرسوڕمانە کە دریدا (یولیسس)ی جویسی بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە هەڵبژارد نەک (شەوبێداری فینەگان) کە لەوانەیە زۆر سادەتر لە بابەتێک بۆ لێکدانەوەی بێکۆتا، بێ هیچ واتایەکی تەواو و کۆتایی، نزیک ببووەوە. ئەم نمونە سەیروسەمەرەیەی زەوق و بلیمەتیەی کە بەدوایدا دێت، لە ژێر تۆفانی واژە نوێیەکان، رەگەزدۆزی، هەڵە گوتاریی خۆئاینیەکان، دوبارە واتایەکی کاریگەری خۆی هەیە:

(سێ جار قیڕە قیڕ بۆ (مارک)ی خاوەن!

بە دڵنیاییەوە شتێکی ئەوتۆ لە واقە واقی ئێمە تێناگات

هەروەها بەدڵنیاییەوە ئەگەریش شتێکی دەستکەوێت، دووبارە سەرجەمی پەرت و بێ پەیوەندیە.)

لە رابوردوویەکی دوور، پێش ئـەوەی دریـدا بنەماکانی جویس

بشکێنێت، زانای ناوکی ئەمەریکایی (موری جل ـ مان) (شەوبێداری فینەگان) ی بەچێژەوە دەخوێندەوە. کاتێک جل ـ مان جۆرێکی نوێی گەردیلەی ژێر ناوکی دۆزیەوە، لەروی یاریکردنەوە، بڕیاری دا ناویان بنێت (کوارک)، ئەو ئەم واژەیەی لە گێڕانەوەکەی سەرەوە قەرز کردووە. بۆ جویس ئەو واژە نوێیە ئەدەبیە واتە (کوارک) توانای جۆراوجۆری رەگەزدۆزی و کایەی وتاری و لێکدانەوەی سەرنجڕاکێش و سەرقاڵکەری دەڕەخساند. بۆ دریدا ئەم واژەیە بێگومان دەتوانێت تا سنوری بێ واتایی بنەماکانی بکشێنرێت. بۆ جل ـ مان و ئەمڕۆ بۆ سەرجەم جیهانی زانست (کوارک) ناوی دیاریکراوی جۆرێک گەردیلەی ناوەکیە کە (سپین 1⁄Spin 2) و باری ئەلکترۆنی بەرامبەر بە (2⁄3 + یان 1⁄3)ی هەیە و بەیەکەوە (هادرۆن hadron)ەکان پێکدێنن، بەڵام تا ئێستا لە دۆخێکی ئازاد و سەربەخۆ و دوور لە یەکتر نەبینراون. لە لێکدانەوەکانی سەرەوەوە، یەکێک لە حوکمی سودی ئەدەبی لە زمانەوەیە و ئەوەیتر لە حوکمی سودی زانستیەوەیە. بەڵام دیاریکردنی ئەوەی کە ئەو لێکدانەوەیتر چیە، بەتەواوی لە ئەستۆی ئێوەیە (هەروەک دریداش بێگومان لەگەڵ ئەمە هاوڕایە).

## • پەیوەندی سیاسەت و هاوڕێیەتی

ژاک دریدا فەیلەسوفی هاوچەرخی فەڕەنسی، کە چەند ساڵێک بەر لە ئێستا بە هۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە کۆچی دوایـی کرد، لە چەند ساڵی رابـوردوودا بە بۆنەی بڵاوکردنەوەی یەکێک لە کتێبەکانی بە ناوی (سیاسەتی هاوڕێیەتی The Politics of Friendship) لە یەکێک لە ناوەندە زانکۆییەکانی فەڕەنسا دەستی بە وتاردان کرد.

بەرپرسانی رێکخەری ئەم وتارە، بە چوار پرسیاری پەیوەندیدار بە کتێبەکەوە داوایان لە دریدا کردبوو، کە بۆچوونی خۆی لەبارەیانەوە

رابگەیەنێت، پرسیارەکانیش بریتی بوون لە: بۆچوونی لەبارەی سیاسەتەوە چییە؟ چۆن بیر لە دیموکراسی دەکاتەوە؟ هاوڕێیەتی چی رۆڵێکی لە سیاسەت و دیموکراسیدا هەبووە؟ بۆچی باسی چەمکەکانی (دڵدانەوەی بەرامبەر) یان (پەسەندکردنی بەرامبەر)ی کردووە؟

لەسەرەتادا وەڵامی ئەو رەخنانەی داوەتەوە، کە لە بارەی راکردن لە سیاسەتەوە لێیگیراوە، دواتر جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکاتەوە، کە هیچ کاتێک عەوداڵی قوتابخانە یان تیۆرێکی تایبەتی سیاسی نەبووە. لە بەشی دووەمدا، باس لە پەیوەندی نێوان سیاسەت و هاوڕێیەتی دەکات و ئاماژە بەو تێگەیشتنانە دەکات، کە بە درێژایی مێژووی فەلسەفەی سیاسی بۆ هاوڕێیەتی هەبووە. بە بۆچوونی ئەو، هاوڕێیەتی بە پیاوان و برایەتییەوە گرێدراوە و چەمکێکی تاک ناوەندی لێدروستکردووە.

دریدا لە بەشی سێیەمی بابەتەکەدا، تیشکدەخاتەسەر دیموکراسی و پەیوەندی بەو خاڵانەی پێشتر لە بارەی سیاسەت و هاوڕێیەتیەوە باسکران. بە بۆچوونی دریدا دیموکراسی کارێکی دیاری نەکراو و باڵا نییە، لەبەر ئەوە ناتوانرێت لە کات و شوێنێکی تایبەتدا بۆی بگەڕێین. خاڵێکیتری باسەکەی دریدا لەبارەی دڵدانەوەی بەرامبەرەوەیە، بە بۆچوونی دریدا پێویستە ئێمە چەمکی دڵدانەوەی بەرامبەر بخەینە ناو سیاسەت و دیموکراسیەوە. دڵدانەوەی بەرامبەر، بێ هیچ کۆت وبەند و مەرجێک بە ئامێزی کراوە و رووی خۆشەوە پێشوازی لە بەرامبەرکردنە. ئەو بەرامبەر و دڵدانەوەی بەرامبەر، لە وتارەکەیدا بەمشێوەیە پێناسە دەکات: بەرامبەر، بە هیچ شێوەیەک کەسێکیتر کە لە دەرەوە دێت، نییە...بەرامبەر لە ناخی ئێمەدایە و پێویستە بپارێزرێت و پەسەند بکرێت. لەمڕووەوە پێویستە لە ناخی خۆماندا پێشوازی لە دڵدانەوەی بەرامبەر بکەین. ئەمە چالاکیەکی ئاڵۆزی نائاگایانەیە. پێویستە کەسی بەرامبەری ناخمان بدوێنین و بەرامبەری هەستیار

بین. کەسێک کە ناتوانێت ئەم دڵدانەوەی بەرامبەرە لە ناخی خۆیدا پەسەند بکات، ناتوانێت بەرامبەر کەسانیتریش روویەکی خۆش نیشان بدات. ئەمە وانەیەکە یۆنانیەکان فێریان کردووین: کێشەکانتان لە ناخی خۆتاندا چارە بکەن. ئەگەر دووژمنی خۆت بیت، بەرامبەر کەسانیریش نیشانی دەدەیت.

### 1. سیاسەتێکیتر

لەو کاتەوەی رووم لە نوسین و پەروەردە کردووە، ژمارەیەکی زۆر لەوەی کە راستەوخۆ گرنگیم بە بابەتە سیاسیەکان نەدەدا، دۆستانە و دوژمنانە سەرزەنشتیان دەکردم. بە بۆچوونی من ئەمە هاوکات رەخنەیەکی بە ویژدانانە و بێویژدانانەیە. بێویژدانانە لەبەرئەوەی کە بە بۆچوونی من هەر شتێک کە نوسیومە، بەشێوەی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بابەتە سیاسیەکانەوە هەبووە و دەتوانم ئەمە بە روونی نیشان بدەم. بەڵام ئەم رەخنەیە تا ئەوەی کە ئەم پەیوەندییە بە سیاسەتەوە زۆر ناڕاستەوخۆ و شاراوە بووە، بە ویژدانانەیە.

ئەوەی تا ئێستا بۆ ئەنجامدانی هەوڵمداوە، بە تایبەتی لە کتێبەکانی وەک (تارماییەکانی مارکس Specters of Marx) یان (سیاسەتی هاوڕێیەتی The Politics of Friendship)، تێگەیشتن یان دوبـارە بیرکردنەوە، بەدڵنیاییەوە تاکە کەس نیم ئەمکارە دەکەم، بەڵکو هەوڵدانی هاوبەش لەگەڵ کەسانیتر بۆ دوبارە بیرکردنەوە لە چەمکی سیاسەتە، یان هەمان شت کە لە بڵاوکردنەوەکانی بواری سیاسیدا هەبووە. لەبەر ئەوە من هیچ ناوەرۆکێکی نوێی سیاسی لە چوارچێوەی رابوردوو ناخەمەڕوو، بەڵکو تەنیا هەوڵدەدەم ئەوەی لە کاری سیاسیدا هەیە، دوبارە پێناسەی بکەمەوە، چونکە ئەوەی دەمەوێت باسی بکەم، بەتایبەتی لە بابەتی چی بوونی هاوڕێیەتی و دڵدانەوەی بەرامبەر، لە دوای ناسینەوەیە.

ئەمکارە پێویستە لە کۆتایی و بنچینەییترین شێوازیدا، لەگەڵ ئەو شتەی کە ناتوانێت بۆ فۆرمۆڵێک بگۆڕێت، بسازێت. شتێکە تەنیا پێویستە ئاگایی لە بارەوە هەبێت. جۆرێک ئەزمونە، ئەزمونی سیاسی لە هاوڕێیەتی و دڵدانەوەی بەرامبەر، کە ناتوانێت ببێتە ئامڕازی دانانی تیۆر.

بە دڵنیاییەوە ئەمکارە جوڵەیەکی دژە تیۆر نییە، پێموایە دانانی تیۆری سیاسی پێویستە، بەڵام هەوڵدەدەم بۆ ئەوەی پێویستی تیۆرێکی سیاسی لەگەڵ شتێک لە سیاسەت، لە هاوڕێیەتی و دڵدانەوەی بەرامبەردا بەیان بکەم. کارێک کە بە هۆکاری پێکهاتەیی ناتوانێت بابەتی ناسین، لە دانانی تیۆر یان فۆڕمۆڵێکدا جێگەی بێتەوە. ئەوەی من هەوڵدەدەم لەم کتێبانەدا باسیان بکەم، بەشێک لە تیۆرێک لە بابی سیاسەتناسی یان تیۆری سیاسی و سیاسەتێکی پشت بەستوو بە بنەماشکێنی نییە.

ئەگەر لە ناوی (سیاسەت) بەرنامەیەک، کارنامەیەک یان ناوی رژێمێکمان مەبەست بێت، شتێک لە ژێر ناوی سیاسەتی بنەماشکێنی نییە. دەبینین وشەی دیموکراسی کە لە هەوڵی دیاریکردنی پێگەی ئەودام، بە هیچ شێوەیەک ناوی رژێمێکی سیاسی یان سەربازی لەسەر بنەمای میللەت – دەوڵەت نییە. کەواتە پێموانییە ئەوەی پێیەوە سەرقاڵم، ئەو شتەی ماوەیەکی زۆر هەوڵم بۆی داوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی شاراوە ئەنجامی بدەم، بتوانرێت بە تیۆری سیاسی یان سیاسەتی بنەماشکێنی ناو ببرێت.

ئەو کاتە ویستوومە بۆ ئەوەی لە بارەی سیاسەت شتێک بڵێم، کە بە هیچ شێوەیەک شێوەی دانانی تیۆری نەبێت و لە راستیدا بەڵێنێکی پەیوەستکراو و تایبەتیە و ئەم بەڵێنی جێبەجێکردنە، بەشێکە لەوەی گرنگی پێدەدەم. کتێبی (تارماییەکانی مارکس Specters of Marx) بەر لەوەی دەقێک لەبارەی تیۆری سیاسی مارکس یان میراتی مارکس بێت، بەڵێنێکی تایبەتی بۆ کاتێکی دیاریکراو و شێوازێکی تایبەتی فکری و سیاسییە.

## 2· هاوڕێیەتی لە سیاسەتدا

بۆ وەڵامی پرسیاری دووەم، کەواتە بۆچی ئەم ئیمتیازە لە چوارچێوەی سنورداری (سیاسەت) کە باسم کرد، بۆ هاوڕێیەتی تەرخان کراوە؟ بە راستی وتراوە، بە درێژایی سەدەکان، هاوڕێیەتی لە بواری سیاسی و فەلسەفەی سیاسی بە تێگەیشتنێکی لاوەکی دانراوە. ئەمە راستە، بەڵام زۆریش راست نییە. (هاوڕێیەتی) لە ریزبەندی چەمکە سیاسیەکاندا لاوەکیە. ناتوانرێت واتای هاوڕێیەتی لەوێدا بدۆزرێتەوە. بە شێوەیەکی ئاسایی خراوەتەوە ئەستۆی زانستی ئەخلاق، دەروونناسی یان بنەما ئەخلاقیەکان.

(هاوڕێیەتی) بە واتایەکی سیاسی وەک: دەوڵـەت، دەسەڵاتداری یان هاوڵاتی بوون هەژمار ناکرێت، بەڵام کاتێک کە خوێندنەوەی دەقە بنچینەییەکان لە تیۆری سیاسەتدا بە بەرهەمەکانی ئەفلاتوون یان ئەرستۆ دەستپێدەکەین، بۆتان دەردەکەوێت کە هاوڕێیەتی رۆڵێکی رێکخەری لە پێناسەی دادپەروەری و دیموکراسیدا هەبووە. لە کتێبی (سیاسەتی هاوڕێیەتی The Politics of Friendship) زۆر دەقم لە ئەفلاتوون و ئەرستۆ وەرگرتووە، کە لەو دەقانەدا (هاوڕێیەتی) لە حوکمی عەقڵی بنچینەییدا پێناسەدەکرێت.

بە وتەی ئەرستۆ سێ جۆر هاوڕێیەتی هەیە:

– یەکەم هاوڕێیەتی باڵا، کە لەسەر بنەمای عەقڵە و هیچ پەیوەندیەکی بە سیاسەتەوە نییە و تەنیا بە هاوڕێیەتی نێوان دوو کەس دەدانرێت.

– دووەم، هاوڕێیەتی لەسەر بنەمای سودمەندی، کە هاوڕێیەتیەکی سیاسییە.

– سێیەم، لە ئاستێکی نزمدا هاوڕێیەتی لەسەر بنەمای چێژ، یان وەک ئەرستۆ باسی دەکات «چێژ وەرگرتنی نێوان گەنجەکان».

وەک دەبینن واتای هاوڕێیەتی سیاسی و ناسیاسیشە. هاوڕێیەتی سیاسی جۆرێکی هاوڕێیەتییە. یەکێک لەو پرسیارانەی پێویستە رۆژانە

بکرێت، ئەوەیە کە: ئایا پێویستە دۆست و هاوڕێکانمان لەناو هاوپەیمانە سیاسیەکانماندا هەڵبژێرین؟ ئایا پێویستە لەگەڵ کەسێک کە دەستی هاوڕێیەتی بۆ ئێمە درێژ دەکات، لە رووی سیاسیەوە رازی بین؟ ئایا سیاسەت و هاوڕێیەتی، چەمکی هاوشێوەن؟ ئایا دەکرێت هاوڕێی کەسێک بیت، کە لە رووی سیاسیەوە بە دوژمن دابنرێت و بە پێچەوانەوە؟

لە بیروڕای ئەرستۆدا گەڕان بە دوای دادپەروەریدا پەیوەندی بە سیاسەتەوە نییە، دەتوانرێت زیاتر لە سنورەکانی هاوڕێیەتی یان هەندێک کات، دەتوانرێت بە ناوی دادپەروەریەوە خیانەت لە هاوڕێیەتی بکرێت. کەواتە دەبینن کە (فیلیا Philia) یان هاوڕێیەتی رۆڵێکی رێکخەر لە پێناسەکردنی ئەزمونی سیاسیدا دەگێڕێت.

بۆیە ئـەوەی هـەوڵ بۆ ئەنجامدانی دەدەم، لێکۆڵینەوەیە لە جیاوازیەکانی نێوان هاوڕێیەتی و سیاسەت و گەڕانە بۆ نمونەیەکی بەردەوام لە هاوڕێ، کە لە فەرهەنگەکانی یۆنان و رۆم و یەهودی و مەسیحی و ئیسلامیدا باوە و چەسپیوە. تایبەتمەندییەکانی ئەم چەمکە، کە دەتوانێت لە رووی سیاسیەوە بە پڕ واتا و گرنگ دابنرێت، چییە؟

بەدڵنیاییەوە ئەمە واتایەکی هاوشێوە نییە و لەگەڵ ئەوەی کە لە سەردەمی یۆنان و لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە ئەمڕۆشدا باو بووە، جیاوازە، بەڵام تایبەتمەندی جێگیری هەیە، کە من هەوڵمداوە بۆ ئەوەی ئەوان دوبارە بێنمەوە، شیکار و لە دیدی سیاسیەوە رێکیانبخەم. باشە ئەمانە کامانەن؟

زۆر بە خێرایی باسیان دەکەم: سەرەتا نمونەی ئەم هاوڕێیەتیە لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی نێوان پیاوانی گەنج، کە بەڵێنیان داوە هاوشێوەی ئەو، یەکێک لەویتر زیاتر لە ژیاندا بمێنێتەوە و یەکێکیان میراتگری ئەویترە. ئەوان لە رووی سیاسیەوە رێککەوتوون، کە لە قۆناغی یەکەمدا کێبڕکێی نێوان پیاو

و ژنێک یان نێوان ژنان لەبەر چاو ناگرێت. لەبەر ئەوە ژنان بە تەواوی لەم نمونەی هاوڕێیەتیە دەرکراون، واتە ژن لە پلەی هاوڕێی پیاوێک یان ژنان لە پلەی هاوڕێیەتی ژنانیتر.

کەواتە روخساری برا یان برایی لە ناوەرۆکی ئەم نمونە رەسمیەدا جێگە دەگرێت. برایی نیشانەی ئەم هاوڕێیەتیە رەسمیەیە. بە دڵنیاییەوە واتای برایی سەرەتای کەلتوری و مێژوویی جۆراوجۆری هەیە. خواستەی ئەو یۆنانە، هەروەها نمونەی مەسیحی هاوڕێیەتی کە لە ناویدا برایی و برایەتی بە بنەما دادەنرێت، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە: مرۆڤەکان سەرجەمیان بران.

دەتوانرێت بنەمای ئەخلاقی ئەم تێگەیشتنە لە تێگەیشتنی هاوڕێیەتی و سیاسەتیشدا بدۆزرێتەوە. ئەم واتایە لە شۆڕشی فەڕەنسادا پێکهاتەی بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ دادەڕێژێت. لە فەڕەنسا و لەو سەردەمەدا واتای برایەتی زۆر لێکۆڵینەوەی لەبارەوە کرا.

واتای برایی یان برایەتی وەک یەکێک لە بنەماکانی کۆماری لە نێوان دوو واتای یەکسانی و ئازادیدایە. لێرەدا لەگەڵ ئەوەی من، لە ئەو بە تێگەیشتنێکی نێرینە ناوەند یان وتەی نێرینە ناوەند باسی دەکەم، یەک دەگرێتەوە. بە دڵنیاییەوە مەبەستم ئەوە نییە کە دەسەڵاتی ئەم تێگەیشتنە ئەوەندە بەهێز بووبێت ئەوەی دەری کردووە، بە تەواوی دەرکرابێت.

مەبەست ئەوەیە ژنێک، کە نەیدەتوانی ئەزموونی هاوڕێیەتی لەگەڵ پیاوێک یان لەگەڵ ژنانیتری هەبێت، بەڵکو بەو واتایە دێت، کە لە چوارچێوەی ئەم کەلتوور و کۆمەڵگەیەدا، کە لە رێگەی ئەوەوە ئەم سوننەتە بە رێگە پێدراو هەژمار کراوە و بە متمانەپێکراو ناسراوە، هیچ دەنگ، هیچ گفتوگۆیەک و هیچ توانایەک بۆ بە رەسمی ناسینی ئەم توانا دەرکراوانە بوونی نەبوو.

باشە، سەرجەمی ئەو چەمکانەی کە لە سیاسەتدا بە بنەڕەتی دادەنرێن، لەوانە: دەسەڵاتداری، هێز، نوێنەرایەتی و .... بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ مۆری ئەم تێگەیشتنی ڕەسمیە لە هاوڕێیەتیان بە ناوچەوانەوە هەیە. لەبەر ئەوە ئەو ئایدیا دیموکراسیەش پێویستە لەگەڵ گریمانەکانی ئەم تێگەیشتنە، واتا بە پێدانی ئیمتیاز بە پیاو و بە برایی یەکتر بخوێنێتەوە.

واتای برایی چییە؟ واتا: خێزان، چوارچێوەی خێزان، پەیوەندی منداڵ کە مەبەستی ئەو لەوە، برایە لە جیاتی خوشک. دەقی زۆر بوونیان هەیە، کە لە ناویاندا خوشک بە روونی وێنەیەک لە برایە، نەک جیاواز لەو، لە راستیدا هیچ گرنگیەکی نییە، کەواتە تێگەیشتنەکانی وەک: میللەت - دەوڵەت، پەیوەندی بە منداڵەوە، نوێنەرایەتی، پەیوەندیەکانی سەرزەوی، دەسەڵاتداری و ..... لەم تێگەیشتنە نێرینە ناوەندەدا، پەیوەندی کۆمەڵایەتی وەک هاوڕێیەتی بەشدارە.

لەبەر ئەوە، پێموابوو کە ئەم هێڵە سەرەکیە، یان دروستکاری گرفتی هاوڕێیەتی دەتوانێت بە ئاڕاستەی بنەما شکێنی تیۆری سیاسی سوودمەند بێت و لە هەمان کاتیشدا ئەوەی کە بە شێوەیەکی کاریگەرتر بچمە بواری سیاسەتەوە، بۆ من ئامرازێکی ستراتیژی بێت بۆ بەردەوام بوون لەسەر ئەو کارەی کە ئەنجامم داوە.

### 3·بەڵێنی دیموکراسی

پرسیاری سێیەم تایبەتە بە دیموکراسی، بـەڵام بۆچی وشەی دیموکراسی لە دەستەواژەی (دیموکراسی لە ڕێگەی) کە من چەندینجار ئەوەم بەکارهێناوە؟ چونکە دیموکراسی ناوێکی نەناسراوە بۆ ڕژێمێک. لە سەرەتادا دیاریکردنی پێگەی دیموکراسی لە ناو ڕژێمە سیاسیەکاندا ئەستەم

بووە و هەموو کەسێک لە دیاری کردنی شوێنێک بۆ دیموکراسی ڕووبەڕووی کێشە بۆتەوە.

بەلایەنی کەمەوە دیموکراسی بە واتای یەکسانی دێت و لێرەدا دەتوانرێت ببینرێت کە بۆچی هاوڕێیەتی گرنگی خۆی هەیە، چونکە هاوڕێیەتی، بە واتا کلاسیکیەکەشی، گەرەنتی پەیوەندی دوو لایەنە، یەکسانی، هاوسەنگی و شتیترە. هیچ دیموکراسیەک لە دروستکردنی یەکسانی لە نێوان هەمووانیدا بەدەر نییە.

من دواتر لە بارەی وشەی (هەمووان) ڕوونکردنەوەی زیاتر پێشکەش دەکەم، بەڵام یەکسانیەک، بتوانرێت بژمێردرێت و بە ئامار بکرێت: تۆ ژمارەی بەشەکان، دەنگدەران، دەنگەکان و هاونیشتیمانیان لە سندوقەکانی دەنگداندا هەژمار دەکەیت. بە واتایەکیتر ئەم داواکاری یەکسانیە یان کەسێتی تایبەتە، واتا ڕێزگرتن لە بەرامبەر لە پلەی کەسێکی تایبەت، یەکبخەن و ئەمەش گرفتە. چۆن دەتوانرێت هاوکات لەگەڵ یەکسانی و دادپەروەری و ویژدان بۆ (هەمووان) مەبەست بێت و بە ئەم باسکردنە، کەسێتی نا هاوشێوەی (هەمووان) بێننە بەرچاو و ڕێزی لێبگیرێت؟

لە سەرەتاوە دیموکراسی بەو بەها و بنەما ناسراوانەی، کە تایبەت بوو بە ئەو تێگەیشتنە ڕەسمیە لە هاوڕێیەتی، واتە برایی، خێزان، ڕەچەڵەکی یەک سەرزەوی، میللەت - دەوڵەت پشت بەستوو بە یەک سەرزەوی، خاک و شوێنێک و .... گرێی خواردبوو.

لە ئێستادا ئەگەری بیر کردنەوە لە دیموکراسیەک ڕەخساوە کە بتوانێت، نەک هاوشێوە، بەڵکو بەلایەنی کەمەوە دیاریکاری تێگەیشتنێتر بۆ هاوڕێیەتی بێت. واتا ئەزمونێکیتر لە هاوڕێیەتی کە بە هیچ شێوەیەک پشت بەستوو یان شوێنکەوتووی ئەوەی، کە من ئەو لە واتای ڕەسمی و باوی هاوڕێیەتی (ناوەند بوونی قسە کردنی نێرینە، پیاوانە و .....) لێکی

دەدەمەوە، نییە. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە هەوڵ دەدەم بۆ ئەوەی لە کتێبی (سیاسەتی هاوڕێیەتی The Politics of Friendship) باس بکەم... من بە هیچ شێوەیەک دژی میللەت - دەوڵەت نیم، تەنیا هەوڵ دەدەم بۆ ئەوەی لەو شتەی ئەمڕۆ لە پشت سنورەکانی میللەت - دەوڵەت روو دەدات، تێبگەم. لێرەدا بە ئارامی لە پرسیاری کۆتایی دڵدانەوەی بەرامبەر نزیک دەکەوینەوە.

سنوری کێشە دروستکەری میللەت - دەوڵەت لە رابوردوودا چی بووە، ئێستا چییە و لە داهاتوشدا چی دەبێت؟ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە لە پشت دەوڵەت - نەتەوەوە، چەمکی دیموکراسی نەک تەنیا پارێزەری واتایەکی تایبەت، بەڵکو پارێزەری ناچاری لەسەر بنەمای دەستوورێک بێت؟.... ئایا دەکرێت بە شێوازێکی جیاواز بەرامبەر بە حوکمی دووفاقی یەکسانی بۆ هەمووان و رێزگرتن لە تاک، لە پشت سنورە کلاسیکیە سیاسی و هاورێیەتییە ئاساییەکانەوە، بیر بکرێتەوە؟ لەبەر ئەوە ئێمە هەوڵماندا بۆ ئەوەی چەمکی رەسمی هاورێیەتی بخەینە ژێر پرسیارەوە....

بە بۆچوونی من لە واتای سوننەتی هاوڕێیەتیدا، کە میراتگری ئەوین، جۆرێک نایەکسانی و گەڕانەوە بۆ رابوردوو شاراوەیە... ئەگەر ئەمڕۆ، مەیلمان بۆ ئەمجۆرە بابەتانە هەبێت، بۆمان دەردەکەوێت کە واتای برایەتی چی دەسەڵاتێکی بەدەستهێناوە: ئێستا ئەم واتایە لە وتەی سیاسەتمەداراندا چەندین جار دوبارە دەبێتەوە و هەندێک کات زۆر جێگەی رێزە. بەڵام ئەگەر بە شوێن بەکارهێنانی چەمکی برایەتیدا دەگەڕێن، پرسیاری زۆر دەکرێن.

باشە، کاتێک من لە بارەی (دیموکراسی لە رێگەی democracy to come) دەدوێم، مەبەستم دیموکراسیەکی داهاتوو، رژێمێکی نوێ، سیستمێکی نوێ لەسەر بنەمای میللەت - دەوڵەت (ئەگەر چی ئومێد دەکرێت ببێت)

نییه، بەڵکو مەبەست لە ئەم (لەرێگەیە) بەڵێنی دیموکراسیە، کە هەرگیز لەو لێکدانەوەیەی بۆ دیموکراسی هەمانە، جێگەی نابێتەوە. ئەمە رێگەیەکە بۆ بەردەوامی رەخنە لەو شتانەی لە ئەمڕۆدا، لە هەموو شوێنێک لە ژێر ناوی ئازادیدا بە ئێمە دراوە.

بە دڵنیاییەوە ئەمە بەو واتایە نییە، کە (دیموکراسی لە رێگەی) بە سادەیی دیموکراسی داهاتووە، کە چەمکی دیموکراسییەکانی (ئێستا) ی چاکسازی کردووە و چاکیان دەکات، بەڵکو بەو واتایەیە سەرەتا، ئەم دیموکراسیە کە ئێمە ئومێدمان پێیەتی، پشت بە بەڵێنێک دەبەستێت. ئەندێشەی بەڵێنێک لە ئایدیای دیموکراسیدا هەڵکۆڵراوە. دیموکراسی بەڵێنێکە. لەبەر ئەوە دیموکراسی زیاتر چەمکێکی مێژووییە. لەبەر ئەوە من ئەو بە (دیموکراسی لە رێگەی) ناو دەبەم: (دیموکراسی) بەڵێنێکە و وەک بەڵێنێکیش دەمێنێتەوە، بەڵام (لە رێگە) بوون ئەم واتایەش دەبەخشێت کە (دیموکراسی) (کارێک) نییە لە داهاتوودا، بەڵکو (کارێک)ی (لە رێگەی)دا، وەک بەڵێنێک و ئەرکێک لە خۆیدا حەشارداوە....

دیموکراسی بەو واتایە، تەنیا پێکهاتنی رژێمێکی (سیاسی) تایبەت نییە، بەڵام ئەگەر دیموکراسی لە ناوی رژێمێک جیا بکەینەوە، دەتوانین ئەو بە هەر جۆرێک ئەزمون کە لە ناویدا یەکسانی، دادپەروەری، ویژدان و رێز لە کەسێتی کەسانیتر هەیە، ببەخشین. بە واتایەکیتر دیموکراسی واتا ئەمە.

بە دڵنیاییەوە ئەم خاڵە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، کە ناتوانرێت دیموکراسی لە کارێکی سیاسی بە واتا کلاسیکیەکەی ئەو یان میللەت - دەوڵەت یان هاونیشتیمانیدا، کورت بکرێتەوە. دەزانین کە ئەمڕۆش لە چوارچێوەی دام و دەزگا نێودەوڵەتیەکاندا، دەوڵەت بنەمایەکە و لەبەر یاسا نێودەوڵەتیەکان ژمارەیەک میللەت - دەوڵەتی بەهێزتر لە ئەوانیتر، یاسا دادەڕێژن. نەک لەبەر ئەوەی کە ئەم یاسا (نێودەوڵەتی)انە، لە بنەڕەتدا

بە یاسایەکی ئەوروپایی لە سوننەتی ئەوروپا هەژمار دەکرێن، بەڵکو لەبەر ئەوەی میللەت - دەوڵەتە بەهێزترەکان گرنگی بە دانانی یاساکان دەدەن، واتا لە راستیدا ئەوان سیستمی نێودەوڵەتی بەڕێوە دەبەن.

لەبەر ئەمە کێشەی هەستیاری زۆر هەن، کە بە وردی پێویستیان بە گۆڕان لە تێگەیشتنی سیاسەت، دیموکراسی و هاوڕیەتیدا هەیە. لە ئێستادا ئەمکارە بە رێژەیەک ئەو هۆکارانە دەردەخات، کە من دڵدانەوەی بەرامبەر وەک بابەتێکی نایاب لە کۆڕ و کۆبوونەوە و نوسینەکانی ئەم دواییەمدا هەڵبژاردووە.

### 4. دڵدانەوەی بەرامبەر

پێویستە من - ئەمە یەک حوکمی بێ بەند و مەرجە - پێشوازی لە کەسێکیتر بکەم، هەر کەسێک - ژن یان پیاو - بێت، بێ هیچ مەرجێک، بێ داواکردنی بەڵگەنامە، ناو، دۆخ یان رێگەپێدان (لەو). ئەمە یەکەم رێگەی پەیوەندی من بە (بەرامبەر)ەوەیە. کردنەوەی شوێنەکەم،ماڵەکەم، زمانم، کەلتوورم، دەوڵەتم و خۆم بە ڕووی بەرامبەردا. من نابێت ئەوانە بکەمەوە، چونکە ئەوان کراوەن.

لە راستیدا پێش ئەوەی کە بڕیاری کردنەوەیان بدەم، کراوەن، لەبەر ئەوە پێویستە ئەوان بە کراوەیی بهێڵمەوە، یان هەوڵبدەم بۆ ئەوەی ئەوان بێ هیچ کۆت و بەند و مەرجێک بە کراوەیی بهێڵمەوە. بە دڵنیاییەوە هەر کەسێک بتوانێت، بێتە ناو شوێنەکەم، ماڵەکەم، شارەکەم، دەوڵەتەکەم، زمانم و بیر لەوە بکەینەوە کە من بیری لێدەکەمەوە، واتا هاتنە ژوورەوەی بێ کۆت و بەند و مەرجی بەرامبەر، دەبێتە هۆکاری شوێنگۆڕکێ و تێکچوون و لاوازی یان وێرانی هەموو شتەکانی ناو ماڵەکەم، هەروەها لە ئەگەری ڕوودانی خراپترین کاردا، من ئامادەی ئەو - خراپترین یان باشترین شێوازەی

ئەو–م.

بە دڵنیاییەوە لەو لایەنەوە کە دڵدانەوەی ڕەهای بەرامبەر، ببێتە هۆی لادانی ڕەوشتی هاوڕێیەتی، پێویستە ئەو بێ کۆت و بەند و مەرجیە، مەرجی بۆدابنرێت. پێویستە لە بابی پەیوەندی نێوان ئەم حوکمە ڕەهایە و هەلومەرجی پێویستدا گفتوگۆ بکەین و پێویستیشە گرنگی بە ئەم دڵدانەوەی بەرامبەرە بدەین، واتا هەمان یاسا و ماف و ڕێککەوتن و چوارچێوە ڕەفتاری و یاساکانی کۆچ و ......

لە ئەمڕۆدا لە ئەوروپا ڕوبەڕووی قەیرانی کۆچبەران بووینەوە، (لەبەر ئەوە) تا چەندێک پێویستە پێشوازی لە (کەسانێتر) بکەین؟ لەمڕووەوە، بەمەبەستی بیر کردنەوە لە بارەی سیاسەتی نوێی دڵدانەوەی بەرامبەر، یان بەستنی پەیوەندی نوێ لەگەڵ هاونیشتیمانیەک، پێویستە لە بارەی سەرجەم ئەو بابەتانەی لە پێشتردا باسم کردن، دوبارە بیر بکەینەوە.

تێبینی دەکەن چەندێک سەرسووڕهێنەرە، پێشکەش کردنی وردەکاریە پێویستەکانی ئەم تێگەیشتنە نوێیە بۆ دیموکراسی لەسەر بنەمای - گریمانە کردنی بنەمایەک، من دڵنیا نیم - ی ئەم ئەزمونە بێ بنەمایە لە هاوڕێیەتی، کە نابێت بەو شێوەیەی باو بووە، سنوردار بکرێت، (هەروەها) تێگەیشتنێک لە دیموکراسی کە نەک تەنیا کاری سیاسی لە پشت تێگەیشتنی میللەت - دەوڵەت، بەڵکو سەروتر لە تێگەیشتنی جیهانی نیشتیمانی دوبارە پێناسە دەکاتەوە. بەدڵنیاییەوە ئەمە بۆ شاری خەونەکان یان ئاسۆیەکی دوور بەدوور دەزانرێت. من بەو شێوەیە بیر ناکەمەوە. ئەگەر بیر لەو بکەینەوە، کە دەتوانرێت ئەو کارانە بەدەست دێن یان بەتەواوی دەتوانرێت وێنا بکرێن، بە دڵنیاییەوە دوورییەکی زۆر هەیە. بەڵام لە ئەمڕۆدا لەگەڵ کردنەوەی ڕۆژنامەیەک، دەبینین ئەم بابەتانە لە ژیانی ڕۆژانەدا بۆ کارێکی پێویست و باو گۆڕاوە.

له ژیانی ڕۆژانەدا دەبینین کە تێگەیشتنی کلاسیک لە دیموکراسی، کە بە شێوەیەک لە وتەکانی سیاسەتمەداران و نوێنەرانی پەرلەماندا هەیە، کەوتۆتە جوڵە و لەرزین و ئێمە پێویستمان بە شتێکیترە.

له ئەمڕۆدا دەبینین کە تێگەیشتنی هاونیشتیمانی بۆ سنوور، کۆچ و .... بۆتە قوربانی گۆڕانی گەورە. ئێمە بە تەنیایی هەست بەو بابەتە ناکەین، بەڵکو دەتوانرێت ڕۆژانە شیکاری بۆ بکرێت. لەبەر ئەوە ئەوەی کە پێدەچێت هەبێت یان هەیە، لە بەر چاوی ئێمەیە و ڕۆژانەش زۆر نزیکە لە ئێمەوە. ئەمە ئەرکێکی پێویستە بۆ بەرفراوان کردن، دوبارە تێڕوانینەوە و پابەندی دوبارە و بە شێوازێکی جیاوازی بەڵێدانە بەو بابەتانە.

## • تیرۆریزم چییە؟

ئەم چاوپێکەوتنە بەشێکە لە چاوپێکەوتنی (جیۆڤانی بـورادوری) لەگەڵ ژاک دریدا کە ساڵی ٢٠٠٤ ئەنجام دراوە.

– 11 سێپتەمبەر، ڕوداوێکی گەورەیە یان نەخێر، ئەوە لە جێگەی خۆی، بەڵام تۆ لەمبارەیەوە چی ڕۆڵێک بۆ فەلسەفە دادەنێیت؟ ئایا فەلسەفە دەتوانێت بۆ تێگەیشتن لەم ڕووداوە یارمەتیمان بدات؟

ژاک دریـدا: بێگومان ئەمجۆرە ڕووداوە پێویستی بە وەڵامێکی فەلسەفییە، یان باشتر بڵێم، وەڵامێک پێویستە بۆ ئەوەی توندڕەوترین گریمانە کە لە باسە فەلسەفیەکاندا، زیاتر لەوانیتر ڕەگی داکوتاوە، بخاتەژێر پرسیارەوە، ئەم تێڕوانینانە کە زۆربەی کاتەکان لە ناویاندا «ڕووداو» باسکراوە و لە گروپێکدا ڕێکخراوە، لە (خەوێکی بیرکۆڵ)ەوە سەرچاوە دەگرن، کە بەبێ ئەندێشەی نوێی فەلسەفی ناتوانرێت بە ئاگا بێتەوە، بێ هەڵوەستەیەک لەسەر فەلسەفە، بەتایبەتی لەسەر فەلسەفەی سیاسی و میراتەکەی. باسی باو، واتە باسی ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەری و وتە ڕەسمیەکان، زۆر

بە ئاسانی پشت بە تێگەیشتنەکانی وەک (شەڕ) یان (تیرۆریزم)ی نەتەوەیی یان نێودەوڵەتی دەبەستن.

بۆ نمونە خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەی کارل سمیت Carl Schmitt زۆر بەسود دینە پێش چاو، لەلایەکەوە پێویستە ئەوەندەی دەتوانرێت، جیاوازی لە نێوان شەڕەکاندا بکرێت: لە نێوان شەڕی کلاسیک (لە کەلتوری ئەوروپاییدا بە شەڕی راستەوخۆی نێوان دوو وڵات دەوترێت) و شەڕی ناوخۆ یان شەڕی پارتیزانی (کە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەوە بە شێوازی نوێ دەرکەوتووە و سمیت پەسەندی دەکات). بەڵام لەلایەکیترەوە دەبوو دژی سمیت بوەستینەوە: ئەو توندڕەویەی ئەمڕۆ دەرکەوتووە، لە شەڕەوە سەرچاوە ناگرێت، ئەم چەمکە (شەڕ دژی تیرۆریزم) زۆر نادیارە، پێویستە ئەو نادیاری و بەرژەوەندیەی کە بە سودوەرگرتنی خراپی زمانەوانی بانگەشەی خزمەتکردن بە ئەو دەکرێت، بخرێتە بەر شیکار و لێکۆڵینەوە. (بوش) باسی شەڕی دەکرد، بەڵام لە دیاریکردنی ناسنامەی ئەو دوژمنەی کە شەڕی دژی ئەو راگەیاندبوو، بێتوانابوو. ئەم وتەیە چەندین جار وتراوە، کە خەڵک و سوپای ئەفغانستان دژی ئەمەریکاییەکان نین.

ئێستا گریمان بن لادن لە ئەفغانستان بڕیاردەری سەرەکی بووە، بەڵام هەمووان دەیانزانی کە ئەو ئەفغانی نییە و لە وڵاتەکەی دەرکراوە، هەروەها بە چ رێژەیەک بۆ دروستکردنی رێکخراوەکەی قەرزارباری ئەمەریکا بوو، بەتایبەتی کە ئەو تەنیا نەبوو، ئەو وڵاتانەی کە ناڕاستەوخۆ یارمەتیان دەدا، وەک دەوڵەت یارمەتیان نەدەدا. هیچ دەوڵەتێک بە ئاشکرا پشتیوانی لێنەدەکرد، ئەوە گرفتە بتوانرێت ئەو وڵاتانە دیاری بکرێن کە پشتیوانی گروپە تیرۆریستیەکان دەکەن.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئەوروپا، هەروەها لەندەن و بەرلین، پەناگە و شوێنی مەشق و بەدەستهێنانی زانیارین بۆ سەرجەم

تیرۆریستانی جیهان. ماوەیەکە ئیتر بۆ دیاریکردنی بنکەی چالاکیەکانی ئەم تەکنەلۆجیا نوێیانەی پەیوەندی کردن و هێرش بردن، پێدانی جوگرافیا یان سەرزەویەکی دیاریکراو رەوا نییە.

بۆ قوڵبوونەوەی زیاتر لەوەی باسکرا لە بارەی نادیاری تیرۆریستان و وڵاتەکانیان، پێویستە ئەوە بڵێم، کە هێرشە تیرۆریستییەکان ئیتر پێویستیان بە فڕۆکە و بۆمب و خۆکوژ نابێت، ئەوەندە بەسە ڤایرۆسێک بخرێتە ئەو کۆمپیوتەرانەوە کە گرنگی ستراتیژیان هەیە یان بۆ مەبەستی ئیفلیج کردنی سەرچاوە ئابوری و سەربازی و سیاسیەکان لە وڵاتێک یان کیشوەرێکەوە ڤایرۆسەکە بخرێتە کۆمپیوتەرێکەوە و ببێتە هۆکاری تێکدانی مەترسیدار. ئەمجۆرە چالاکیانە دەتوانن لە هەرشوێنێکی جیهاندا و بە تێچوونێکی کەم و ئامڕازی سنوردار ئەنجام بدرێن.

ئیتر پەیوەندی نێوان زەوی و سەرزەوی و تیرۆر گۆڕاوە. پێویستە بزانین کە هۆکاری تیرۆر زانستە، واتە تەکنەلۆجیا - زانست. ئەم تەکنەلۆجیا - زانستەیە کە دیاریکردنی شەڕ دژی تیرۆریزم دەشێوێنێت. لەمڕۆوە بە بەراورد لەگەڵ توانای وێرانکاری و گێرەشێوێنیەکان، کە بۆ داهاتوو لە تۆڕە کۆمپیوتەریەکانی جیهاندا هەڵگیراون، رووداوی 11 سێپتەمبەر لە جۆری نمایشە کۆنەکانی توندوتیژیە و ئامانجی شێواندنی هزری گشتییە. سبەی دەتوانرێت بێدەنگ و بە نەبینراوی، ئەویش خێرا و بێ خوێنڕشتن، بە هێرشکردنە سەر تۆڕەکانی کۆمپیوتەر کە سەرجەمی ژیانی (کۆمەڵایەتی، ئابووری، سەربازی و ....) وڵاتێک یان گەورەترین زلهێزی جیهانی پێوە گرێدراوە، گورزێکی توندتری لێبدرێت.

رۆژێک دەڵێن: 11 سێپتەمبەر دەگەڕێنەوە بۆ رۆژگاری خۆشی دوا شەڕ، سەردەمێک کە هەموو شتەکان دەبینران! لە رووی قەبارەوە، بەڵام دۆخەکە خراپتر بوو. لە ئێستا بە دواوە تەکنەلۆجیا بە هەموو جۆرەکانیەوە

نەبینراو و بێ سنوور، ڕەخنەی کردۆتە ناو هەموو شوێنەکان.

لە بواری زانستی گەردیلە ناسیدا، بەراوردی نێوان میکرۆب و بەکتریاکان دەکەن. بەڵام ئیتر بێ ئاگایی ئێمە هەستیار بووە و ئاگادارە، هەر ئەمەشە کە ترس بەرهەم دێنێت.

ئەگەر توندوتیژی 11 سێپتەمبەر، شەڕی نێوان دوو وڵات نەبێت، وەک ئەوەی (سمیت) ئاماژەی پێکردووە، لە جۆری شەڕە ناوخۆیی و شەڕە پارتیزانیەکانیش نییە. چونکە زۆربەی شەڕە پارتیزانییەکان، ڕاپەڕینی نەتەوەیین یان جوڵانەوەیەکی ئازادیخوازانەن و ئامانجیان گرتنە دەستی دەسەڵات لە ناوچەیەک یان وڵاتێکی دیاریکراوە.

– پێتوایە دەکرێت ئەم جیاوازیانە دیاری بکرێن؟

ژاک دریدا: لە هەموو کاتێک قورسترە، ئەگەر نەمانەوێت کوێرانە پەیڕەوی لە زمانی باو بکەین، زمانێک کە زیاتر پەیڕەوی باسوخواسەکانی ئامڕازەکانی پەیوەندی جەماوەری یان نمایشی وتەکانی دەسەڵاتی سیاسی دەسەڵاتدارە، دەبوو کاتێک چەمکی تیرۆریزم بەتایبەتی تیرۆریزمی جیهانی بەکاردەهێنین، ئاگادار بین.

سەرەتا پێویستە بزانرێت کە تیرۆر چییە؟ چ شتێک تیرۆر لە ترس و نیگەرانی و تۆقاندن جیادەکاتەوە؟ پێشتر وتم: ڕووداوی 11 سێپتەمبەر ڕووداوێکی گەورەیە، چونکە زیانێکی قوڵی بە ئاگایی و بێئاگایی گەیاندووە و وتم ئەمە نەک لەبەر ئەو شتەیە کە ڕویداوە، بەڵکو بە هۆی هەڕەشەی ئایندەیەکی مەترسیدارتر لە شەڕی ساردە. لەوێ باسم لە چی دەکرد: لە تیرۆر، ترس، تۆقاندن یان نیگەرانی و پەشۆکان؟

خاڵی جیاوازی نێوان ئەو تیرۆرەی کە بەرهەمهێنراو و ڕێکخراوە، لەگەڵ ئەو ترسەی کە لای بەشێکی گەورە لە سوننەتی فکری لە (هۆبز) ەوە تا (سمیت) و (واڵتەر بنیامین)، وەک مەرجی دەسەڵاتداری یاسا و

خۆبەڕیوەبەری دەسەڵات و مەرجی سیاسەت و دەوڵەت لەقەڵەم دەدرێت، چییە؟ لە (کویاتان)دا هۆبز تەنیا باس لە ترس «fear» ناکات، باس لە تیرۆریش دەکات.

بنیامین لەبارەی دەوڵەتەوە دەڵێت: مەبەستی دەوڵەت ئەوەیە بە هەڕەشە بەشێوەیەکی دیاریکراو، توندڕەوی تایبەت بە خۆی بکات.. بە دڵنیاییەوە دەڵێن هەر ئەزمونێک لە تیرۆر ئەگەر تایبەتمەندی خۆی هەبێت، دەرەنجامی تیرۆریزم نییە. گومان لەوەدا نییە، بەڵام مێژووی سیاسی وشەی (تیرۆریزم) لە (تیرۆریزمی شۆڕشگێڕ)ی فەڕەنسییەوە سەرچاوەی گرتووە، تیرۆرێک کە بە ناوی دەوڵەتەوە ئەنجام درا، بەو گریمانەیەی کە ڕەوایی توندوتیژی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو.

– ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێناسەی بەربڵاو و روونی یاسایی بۆ تیرۆریزم، چی دەدۆزینەوە؟

لەم پێناسانەدا، تیرۆریزم ئاماژەیە بۆ تاوانێک کە دژی ژیاری مرۆڤایەتی و بە دەستدرێژی کردنە سەر یاسا نەتەوەیی و نێودەوڵەتیەکان روودەدات. بەپێی ئەو پێناسانەیە، هێزی سەربازی و چەکدار لە خەڵک جیادەکرێنەوە (قوربانیانی تیرۆریزم زیاتر بە مەدەنی دادەنرێن) و ئامانجێکی سیاسی لەبەرچاو دەگرێت (ترساندن و تۆقاندنی هاوڵاتیانی مەدەنی بە مەبەستی کاریگەری یان گۆڕینی سیاسەتی وڵاتێک). لە ئەنجامدا ئەو پێناسانەی هەن، (تیرۆریزمی دەوڵەتی) ناسڕنەوە.

سەرجەم تیرۆریستانی جیهان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، کە بۆ بەرگری لە خۆیان دژی تیرۆریزمی دەوڵەتی ئەو کارانە ئەنجام دەدەن و بە لێکدانەوە کەم تا زۆر باوەڕپێکراوەکانیان، پاساو بۆ کارەکانیان دێننەوە.

بۆ نمونە و بە تایبەتی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی ئەمریکا کراون، ئەم وڵاتە تۆمەتبار دەکرێت بە هاندانی تیرۆریزمی دەوڵەتی. لەلایەکیترەوە

له کاتی شـەڕە ڕاگەیەنراوەکانی نێوان وڵاتــان، له شێوازە کۆنەکانی ئەوروپادا دەستدرێژی تیرۆریستی باو بووە. له سەدەکانی ڕابوردووەوە، له بۆردومانەکانی هەر دوو شەڕە جیهانیەکەوە، ترساندن و تۆقاندنی خەڵک ئامڕازێکی ئاسایی بووە.

لێرەدا پێویستە لەبارەی چەمکی تیرۆریزمی نێودەوڵەتیەوە بدوێین، کە باسی گفتوگۆی سیاسی ڕەسمیە له جیهاندا. ئەم چەمکە له زۆرێک له بڕیارە ڕەسمیەکانی نەتەوەیەکگرتووەکاندا دەبینرێت. دوای 11 سێپتەمبەر زۆرینەی نوێنەرانی ولاتان له نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەوەی کە بە تیرۆریزمی نێودەوڵەتی ناو دەبرێت، مەحکومی دەکـەن. بە هەمانشێوە ئەمکارە چەندینجار ڕوویداوە، کوفی ئەنان (ئەمینداری پێشووی نەتەوە یەکگرتووەکان) له چاوپێکەوتنێکیدا ئاماژەی بە کۆبونەوەیەک کرد، کە بۆ دەنگدان لەسەر تیرۆریزم بەڕێوەچوو، ڕایگەیاند: «لەو ساتەی نوێنەرەکان ئامادە دەبوون بۆ ئەوەی دەنگ لەسەر ئیدانە کردنی بدەن، ژمارەیەک له وڵاتان لەبارەی ڕوونی تێگەیشتن له تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و ئەو تایبەتمەندیانەی دەبنە هۆی ناسینەوەی، بە گومان بوون.» شتێک کە لەم تێگەیشتنانەدا ڕەخنەی لێناگیرێت، وەک زۆر بابەتی یاسایی کە دەرەنجامی قورسییان هەیە، ڕێگر نییە له وەی هێزە ئامادە بووەکان و ئەوانەی خۆیان بە ڕەوا دەزانن، ئەو کاتەی بە گونجاوی دەزانن، سوودی لێوەرگرن.

بە پێچەوانەوە هەرچەندە تێڕوانین نادیارتر بێت، زیاتر هەلەکان دەقۆزرێنەوە. ئەو کاتە دوای ئەم بڕیارە بە پەلە و بێ کەمترین باسی فەلسەفیە لەبارەی تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و ڕاگەیاندنی مەحکوم کردنی بوو، کە نەتەوە یەکگرتووەکان ڕێگەی بە دەوڵەتی ئەمریکادا کە بۆ پاراستنی خۆی، سوود له هەر ئامڕازێکی گونجاو بەرامبەر (تیرۆریزمی نێودەوڵەتی) وەرگرێت.

ئێستا ئەگەر نەگەڕێینەوە بۆ رابـوردوو، یان ئەو شتانەی کە لەم ڕۆژانەدا دەیبیستین، گوێ بە ئەوە نەدەین، کە تیرۆریستان دەتوانن لە سەردەمێکدا وەک بەرگریکارانی ئازادی ستایش بکرێن (وەک بەرەنگاری دژی سوپای داگیرکاری یەکێتی سۆڤێت لە ئەفغانستان)، بەڵام لە سەردەمێکیتردا وەک تیرۆریست لێیان بڕوانن.

لەگەڵ ئەوەشدا نابێت بیرمان بچێت، کە لە بارەی دیاریکردنی نەتەوەیی یان نێودەوڵەتی بوونی تیرۆریزم، کە باڵی کێشاوە بەسەر مێژووی جەزائیر و ئیرلەندای باکور یان ئیسرائیل و فەلەستین، روبەڕووی کێشەی بەرفراوان دەبینەوە.

هیچ کەسێک ناتوانێت حاشا لەوە بکات کە جۆرێک تیرۆریزمی دەوڵەتی لەکاتی سەرکوت کردنی جەزائیریەکاندا، لە لایەن حکومەتی فەڕەنساوە لە ساڵانی 1954 تا 1962 هەبووە. ئەو کاتە تیرۆریزمی شۆڕشگێڕە جەزائیریەکان بۆ ماوەیەک بە دەرکەوتەیەکی ناوچەیی دادەنـرا، چونکە جەزائیر لەو کاتەدا بە بەشێک لە فەڕەنسا دادەنرا، هەروەها تیرۆریزمی دەوڵەتی فەڕەنسا، بە چالاکی پۆلیس و ئاسایشی ناوخۆیی دەناسێنێت. ئێستا دوای تێپەڕینی دەیان ساڵ لە ساڵانی دەیەی 1990دا ئەنجومەنی فەڕەنسا (شەڕ)ی ئەو روبەڕووبوونەوانەی ناونا (روبەڕووبوونەوەی نێودەوڵەتی)، ئەویش بەو ئامانجەی کە بتوانێت وەڵامی ئیجابی خواستە یاساییەکانی، خانەنشینی پارتیزانە فەڕەنسیەکان بداتەوە.

ئەم یاسایە چی ئاشکرا دەکـرد؟ ئەوەی کە دەبـوو، دەکرا سوود لەو ناوانە وەربگیرێت بۆ ئەوەی ئەو رۆژە بگۆڕێت (جارێکیتر، رایگشتی لە ناوێکی گونجاو بۆ ئەو شتە بێبەشکرا). لەلایەکیترەوە سەرکوتکردنی چەکدارانە لەژێر ناوی چالاکی پۆلیسی ناوخۆ و تیرۆریزمی دەوڵەتی بە جارێک بۆ (شەڕ) گۆڕا، لەلایەکیتریشەوە لە ئێستا بە دواوە لە بەشێکی

بەرفراوانی جیهاندا تیرۆریستەکان وەک بەرگریکارانی رێگەی ئازادی و پاڵەوانانی سەربەخۆیی نەتەوەیی ناسراون و دەناسرێن.

بەڵام تیرۆریزمی ئەو گروپە چەکدارانەی کە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و بە رەسمی ناسینیان سەپاند، ئایا نەتەوەیی بوو یان نێودەوڵەتی؟ هەروەها گروپە تیرۆریستییە جیا جیاکانی فەلەستین، ئیرلەندیەکان، ئەو ئەفغانیانەی دژی یەکێتی سۆڤێتی جاران شەڕیان دەکرد، چیچانیەکان.

لە چ کاتێکەوە دەتوانرێت تیرۆریزمێک بەو ناوەوە بە کەم دانەنرێت و وەک تەنیا سەرچاوە و توانای بەرەنگاری رەوا ستایش بکرێت؟ یان بە پێچەوانەوە لە کوێ دەتوانرێت سنورێک لە نێوان نەتەوەیی و نێودەوڵەتی دابنرێت؟ سنوری نێوان پۆلیس و سوپا، سنوری دەست تێوەردان بۆ پاراستنی ئاشتی و شەڕ، جیاوازی تیرۆریزم و شەڕ، سنوری نێوان چەکدار و هاوڵاتی ئاسایی بێ چەک لە کوێیە؟

## دریدا: رەخنەکان و گواستنەوەی وتەکان

کاتێک قسە دەکەم، لە ئامادەبوونی (خۆم) لای ئەوەی بیری لێدەکەمەوە بەئاگام، بەڵام لە هەمانکاتدا ئاگاداری ئەو خاڵەشم کە گەوهەرێکی ڕێپیشاندەر، ئاوازێک کە هەناسەم هەڵگریەتی، تا ئەو شوێنەی دەکرێت لە نزیکەوە لە ئەندێشەم دەڕوانم.

**ژاک دریدا**

هەرجۆرە هەوڵدانێک بۆ پێناسەی بنەماشکێنی بە دڵنیاییەوە هەڵە دەبێت... یەکێک لە لایەنە بنەڕەتیەکانی شکان، بنەماشکێنی سنورداری هەستناسی و گرنگتر سنورداری گوزارشتی کەسی سێهەمە: گوزارشتێکن لە شێوەی (ئەلف، با).

**ژاک دریدا**

هەرلەگەڵ ئەوەی کە (گوتاری ئامادە) بەسەر (ئەم راستیە ئاشکراگەریە) زیاتر لە راستی و ناڕاستیەکەی، زیاتر لەوەی شایەتی تیشک خستنە سەر واتایەکی دیاریکراو لە گوزارشت یان نیشانەیەکی دیاریکراو، راستی یان درۆ، دەدات، ئیتر پێویستیش ناکات بەها هاونرخ و ئاشکراکراوەکان لە چاوەڕوانی سەلماندن یان هاتنە دی هەڵوێستێکی دەرەوەی ئامانجێکدا بمێننەوە.

**ژاک دریدا**

بنەماشکێنی دریدا هەوڵدەدات نیشانی بدات، کە (زمان هەموو رۆژێک پوچ و بێلایەن نییە، بەڵکو لەخۆگری گریمانە و خەیاڵە فەرهەنگیەکانی کەلتورێکە.... لەوانەیە نیشاندانی ئەم رەگەزە دژە عەوامگەر و تەنانەت دژە ئەفلاتوونیەش ... گرنگترین کاریگەری دریدا بێت.)

**جۆن لچت**

دریـدا ... بەو کەلتورە دێرینەی فەلسەفە، لە ئەفلاتوونەوە تا هایدگەر، ئاماژەن کە خوازیاری پێکهێنانی بنەماکان بۆ رۆحی عاقڵ بوون... ئەمجۆرە بنەمایانە لەوانەیە نایاب بن.

**کریستۆفەر نوریس**

لەوانەیە لە پرسیارکردن لە رۆحی عاقڵ ـ پرسیارکردنێکی ئارامگرانە و لە کۆتاییدا ورد ـ کە فەلسەفە دەتوانێت رۆڵی بەرپرسیارێتیەکانی ئێستای بەباشترین شێواز بگێڕێت.

**کریستۆفەر نوریس**

ژمارەیەک دریدایان بە (گرنگترین فەیلەسوفی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم دەزانی. بەداخەوە هیچ کەسێک دڵنیا نەبوو، کە ئایا ئەو جوڵانەوە رۆشنبیریەی ئەو دایهێنا ـ بنەماشکێنی ـ بووە هۆی پێشکەوتنی فەلسەفە یان مردنی ئەو.)

**جیم پاول**

نەتەوەی ئەمەریکا نەتەوەیەکی کۆچەرە، و بەمجۆرە (روانگەی زۆر لە بارەی ژیان، زمان، رەفتار هەیە کە فەرەنسای یەکدەست، دانیشتوانە جەزائیریەکەی سەرکوت دەکات، بێبەشە لێی. دریدا ئەم یەهودیە بەرەگەز جەزائیریە، بەرنامەی فکری تایبەتی خۆی هەبوو، بەرنامەیەک کە لە ئەمەریکا توانای جێبەجێکردنی نەبوو.)

**کامی پاگلیا**

ئەندێشەی بارت پەی بردن بە واتایەکیتری رەخنەی دریدا لە (هاوکاتی ئیلاهیاتی کتێب)ە، واتە ئەو گریمانە مێتافیزیکیەی دەڵێت، گەوهەری دەقێک تۆڕێکی هاوکاتی بۆنەی دوو لایەنەیە، لەبەرئەوە چوارچێوەی دیاریکردنی کات و کتێب بە تەواوی بەیەکەوە گرێدراون.

**مایکل موریارتی**

پێدەچێت بنەماشکێنی بە تەواوی تیۆرێک بێت، بۆ ئاڵۆز وتن و چەنەبازی بەکاربێت.

**پیتەر لنون**

## • سەرچاوەكان

پۆل ستراتێرن، و. بۆ فارسی:پویا ئیمانی، ئاشنا بوون به دریدا، تاران، چاپی یەكەم، 2000.

http://marxists.catbull.com/farsi/reference/derrida/works/terorizm.htm

http://www.bashgah.net/fa/category/show/61003

http://www.ensani.ir/fa/content/109587/default.aspx

http://marxists.catbull.com/farsi/reference/derrida/works/terorizm.htm

## ڕۆژمێری ڕوداوە گرنگە فەلسەفییەکان

| ساڵ | زانیاری |
|---|---|
| سەدەی شەشەمی پ. ز. | سەرەتای فەلسەفەی ڕۆژئاوا لەگەڵ تالس ملتی. |
| کۆتایی سەدەی شەش پ.ز. | مردنی فیساگۆرس. |
| 399 پ. ز. | سوقرات لە ئاتن (یۆنان) مەحکوم بە مردن دەکرێت. |
| 387 پ. ز. | ئەفلاتوون «ئەکادیمی» یەکەم زانکۆی جیهانی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 335 پ. ز. | ئەرستۆ (لوکیون) خوێندنگەی ڕکابەری ئەکادیمی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 324 ز | کۆنستانتینی ئیمپراتۆر، پایەختی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمی لە بیزەنت، دەگوازێتەوە. |
| 400 | ئاگوستینی پیرۆز دانپێدانانەکانی دەنوسێتەوە. فەلسەفە کێش دەکرێتە ناو ئیلاهیاتی مەسیحەوە. |
| 410 | تالانکردنی ڕۆم بەدەستی (ویزیگوت)ەکان، هەواڵی سەرەتای (سەدەی تاریکی) دەدات. |

| زانیاری | ساڵ |
| --- | --- |
| داخستنی ئەکادیمیا لە ئاتن (یۆنان) بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستی نیان) کۆتایی بە بیری یۆنانی دێنێت. | 529 |
| تۆماس ئاکویناس شیکردنەوەکانی ئەرستۆ دەنەخشێنێت. سەردەمی حیکمەتی وانەبێژی. | ناوەندی سەدەی 13 |
| روخانی بیزەنت بەدەستی تورکەکان و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی بیزەنت. | 1453 |
| کۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمەریکا. ڕێنیسانس لە فلۆرانس و دوبارە روکردنە زانستی یۆنانی. | 1492 |
| کۆپەر نیک (لەبابی گەڕانی تەنە ئاسمانیەکان) بڵاودەکاتەوە و بەبیرکاری دەیسەلمێنێت زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. | 1543 |
| کڵێسا، گالیلو ناچار دەکات تیۆری ناوەند بوونی خۆر ئینکار بکات. | 1633 |
| دیکارت، (رامان)ی بڵاوکردەوە کەسەرەتای فەلسەفەی نوێیە. | 1641 |
| مردنی (سپینوزا) بڵاوبونەوەی (رەوشتەکان) دەرەخسێنێت. | 1677 |
| نیوتن بەبڵاوکردنەوەی (یاساوڕێسا) تێگەیشتنی کێشکردنی خستەڕوو. | 1687 |
| لۆک، (وتاری لەبابی تێگەیشتنی مرۆڤ) بڵاوکردەوە، سەرەتای ئەزمونگەرایی. | 1689 |
| بێرکلی رەگوریشەی زانستی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و چوارچێوەیەکی نوێ بە ئەزمونگەری دەبەخشێت. | 1710 |
| مردنی لایبنز. | 1716 |

| زانیاری | ساڵ |
| --- | --- |
| هیوم (نامەی لە سروشتی مرۆڤایەتی) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەری تا سنوری لۆژیک بەرەو پێش دەبات. | 1739 |
| کانت، بەخەبەر هاتوو لە خەو بە یارمەتی (هیوم)، (رەخنەی هزری پاک) بڵاودەکاتەوە. سەردەمی فەلسەفەی گەورەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. | 1781 |
| هیگڵ (دیاردەناسی Phenomenology هـزری) بەرزترین فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی بڵاوکردەوە. | 1807 |
| شۆپنهاور (جیهانی وەک ئیرادە و وێنا)ی بـڵاوکـردەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی پێشنیار دەکات. | 1818 |
| کاتێک نیتچە رایگەیاندبوو (خوا مردووە) لە (تۆرین) تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت. | 1889 |
| وینگنشتاین (نامەی لۆژیکی - فەلسەفی) بڵاودەکاتەوە کە داواکاری وەڵامی کۆتایی بۆ بابەتە فەلسەفیەکانە. | 1921 |
| بازنەی ڤین پۆزەتیڤیزمی رەهـا پێشنیار دەکـات. 1927 هایدگەر (هەستی و کات)ی بڵاوکردەوە کە هەوڵی لاواز بونی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەگەیەنێت. | دەیەی 1920 |
| سارتەر (بون و نەبون «هەستی و نیستی») بڵاودەکاتەوە کە پەرە بە ئەندێشەی هایدگەر دەدات و ئەگزیستانسیالیزم Existentialism بەرپێدەخات. | 1943 |
| بڵاوکردنەوەی دوای مردنی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی وینگنشتاین. بەرزترین قۆناغی شیکاری زمان. | 1953 |

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا ڕەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆلتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی  جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَرکة الحَداثة فِي الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |